گۆڤاری تایبەت بە وەرگێڕانی چیرۆکی بیانی
ژمارە (١)ساڵی یەکەم / هاوینی ٢٠١٥

- **خاوەنی ئیمتیاز:** ئارام سەمین
- **سەرنوسەر:** هەژار فەقێ سلێمان
- **مەلەفی چیرۆکی ئینگلیزی:** سەیوان محەمەد، یوسف زەماوەنگەیی، زانا نەقی، هێرش شێرخان
- **مەلەفی چیرۆکی فەرەنسی:** سەلاحەدین بایەزیدی، فازڵ مەحمود
- **مەلەفی چیرۆکی ئەڵمانی:** کلارا جەمشید
- **مەلەفی چیرۆکی عەرەبی:** عەلی نارینی
- **مەلەفی چیرۆکی فارسی:** مەریوان هەڵەبجەیی
- **هەڵەبڕی و ڕێنووس:** ئاری عوسمان خەیات (ڕێنووسی پێشنیازکراوی دەزگای ئاراس)
- **دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** SHA Advertising Center

- ناونیشان: کوردستان – گەرمیان – کەلار
- نرخ: 2,500
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: پەنجەرە

0770 221 9510
Govari Elyan گۆڤاری ئیلیان
elyan.garmyan77@gmail.com

5 چیرۆکی ئینگلیزی

7	سەربازی ئەندازیار پۆڵ کلی فڕۆکەیەک ون دەکات لەنێوان میڵبەرتزهۆفن و کامبرایدا
12	پیانۆژەنەکە
17	ماڵی سەرباز
25	درەنگ وەخت
32	بەڕێز ئیلیۆت و خانم ئیلیۆت
37	هەموو هاوین لەڕۆژێکدا
45	ماچ
49	دواهەمین وانە

56 چیرۆکی فەڕەنسی

58	دوو هاوڕێ
66	چرکەساتی مردن

70 چیرۆکی ئەڵمانی

72	قافڵە و زیندووبوونەوە
75	مامەڵەکردن بە خەوەوە

82 چیرۆکی عەرەبی

84	ئـەو
89	بازنەی سفر

97 چیرۆکی فارسی

99	گۆڤار
104	حەسەن شێلم
106	برایانی کارامازۆڤ
110	گوێی ڤانسۆن ڤانکۆخ
117	تەنانەت ئەو کاتەی کە پێدەکەنین

چیرۆك وەك ئەنتی تەلەفزیۆن

(ئەم گۆڤارە بەیادی «بەڕێز کورومیزاوا» ی ناو چیرۆکەکەی هاروکی مۆراکامی)

١

کتێبێکی تایبەتی (پییێر بۆردیۆ)* هەیە، باسی کاریگەرییە خراپەکانی تەلەفزیۆن و تەلەفزیۆن وەك ئامرازێکی گەورەی گەوجکردن یان دڕندەیەکی دیجیتاڵی، کە دەستی بەسەر هەستەکانماندا گرتووە، دەکات.

هاتنی تەلەفزیۆن دەبێتە دابڕانێکی مێژوویی لەگەڵ خودی مرۆڤ خۆیدا. بۆردیۆ لە بەشێکدا بە ناوی (شاردنەوە بۆ نیشاندان) ئاماژە دەکات بۆ تەلەفزیۆن وەك ئامێرێك کە شتێك پیشان دەدات، تا شتێك - کە هەر لە پشتەوەی ئەوەیە- بشارێتەوە.

بە تەعبیرە دەروونشیکارییەکە: بیچەپێنێت...

بینەری تەلەفزیۆن هەمیشە چەند هەنگاوێك لە دوای هەواڵ و ڕووداوی ناو تەلەفزیۆنەکانەوەیە. بە مانایەکی تر تەنها ئەو ڕووداوانە مافی ئەوەیان هەیە ببنە ڕووداو کە تەلەفزیۆن ئەیانکات بە تێمای ژۆرنالیستی، ئیدی ئەوانی تر ڕووداو نین.

تەلەفزیۆن ڕووتەختێکی شل و فریودەرە هەموو هەستەکانمان هەڵدەمژێت و وا تێکەڵی شاشەکەمان دەکات لە نێوان خۆمان و شاشەکەدا ناتوانین جیاوازی بکەین. جا ئەمە چ پەیوەندییەکی بە چیرۆکەوە هەیە:

میدیا دەیەوێت شتێک بشارێتەوە، چیرۆکیش هەروەها، میدیا نرخێکی زۆر بۆ ئەو شتە دادەنێت بۆیە دەیشارێتەوە، چیرۆکیش هەروەها، میدیا نایەوێت ئەو شتە هەرگیز دزە بکاتە دەرەوە، لێ چیرۆک شتێک بەو ئامانجە دەشارێتەوە، تا نیشانی بدات «شتێکم لێشاردویتەتەوە خۆت بیدۆزەوە «تا خەیاڵت یارمەتیت دەدات، گریمانە بکە»

٢

تێمای سەرەکی چیرۆکێکی (مۆراکامی) ونبوون و دیارنەمانی کاراکتەرێکە، دوای ئەوەی حەوت و نیوی بەیانی بۆ سەردانی دایکی لە شوقەکەی خۆیان دەڕواتە خوارەوە و دیار نامێنێت بێئەوەی لە شوقەکە چوبێتە دەرەوە لە نێوان ئەو چەند

نهۆمەدا ون دەبێت. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر دەیدۆزنەوە!

لە سەردەمی ئێستاشدا، کە مرۆڤی پۆستمۆدێرن وەك هیچ سەردەمێکی تر کەرت کەرت و هەزار دیو نەبووەو هیچ ساتێك وەك ئێستا بەدەست نەخۆشی ماخۆلیاو دەردە سایکۆلۆژییەکانەوە نەتلاوەتەوە، دەشێت چیرۆك یان چیرۆکەکانی ئەم گۆڤارە، ئەو برین/ە، مەرهەم/ە بێت، کە دەیئالێنین لە جەستەی ئەم بوونەوەرە. ئەدەبیاتی گێرانەوە، بەتایبەتتر چیرۆك، لەکلاسیکەوە تا هاوچەرخ و مۆدێرن و پۆستمۆدێرن وەك تێما، وەك هێلێکی هەمیشە تۆخی نێو ئەدەبیات ماوەتەوەو دۆنادۆنێکی فۆرمگەرایی کردووە.

٣

لەساتێکدا، کە دەزگا زەبەلاح و گرووپە بەناو ئەدەبییە کوردییەکان، بوون بە لیوای عەسکەریی و عەمیدی ئەدەبیی، تەنها دەرفەتی ئەو جۆرە لە ئەدەبیات ئەدەن، کە لە ڕندەی دەزگاکەیان (گروپەکەیان) ئەدرێت.

لەوانەیە ئەم گۆڤارە وەرزییە بچکۆلانەیە درز (شەبەق)ێك بێت بۆ نێو جەستەی کۆنکرێتی ئەدەبیاتی داستانیی کوردی.

لەکۆتاییدا ئێمە ئەگەر کەمێك دەستکاریی ئەو ڕستەیەی مارکیز بکەین، ئەوا بۆ ئەوەی نەمرین، هیچ نەبێت لەم گۆڤارەدا دەگێڕینەوەو دەگێڕینەوەو دەگێڕینەوە، تا کەمێك زیندوو بین، بۆ ئەوەی کەمتر بمرین!

با ئەو پرسیارە لە خۆمان نەکەین (ئیلیان بۆ؟) هەستەکەم هەم پرسیارێکی کۆن، هەمیش پرسیارێکی وا مایەی عەیبەیە.

بەکورتی (ئیلیان) گۆڤاری تایبەت بە ئەو چیرۆکە وەرگێردراوانەیە، کە خوێنەری تاکزمانیی کورد دەبێت بیانخوێنێتەوە.

(ئیلیان) وشەیەکی شێوەزاری هەورامییە. بە واتای (هێلانە) دێت، جا بۆ ئێمە ئەم وشەیە جارێکی تر لە گەرمیان بەرهەم نەهێنینەوە؟

(ئیلیان) بووە بەو کیژە شۆخەی کە ئەم هەموو وەرگێرو کەسانەی لەم گۆڤارەدان، بەدوایدا ڕادەکەن.

ژێدەر:

*** درباره تلفزیون و سلطه ژورنالیسم پییر بوردیو، ترجمه، ناصر فکوهی، أنتشارات أشیان.**

*** کجا ممکن است پیداش کنم هاروکی موراکامی، مجموعه داستان، ترجمه: بزرگمهر شرف الدین، نشر چشمه.**

مەلەفی چیرۆکی ئینگلیزی

English Story File

پرۆفایل: دۆنالد بارتێڵمی



دۆنالد بارتێڵمی له
دایکبووی ١٩٣١/٤/٧ و
له ١٩٨٩/٧/٢٣ مردووه.
له بەناوبانگترین کارەکانی
(ڕۆمانی باوکه مردووەکه،
کۆمەڵه چیرۆکی بگەڕێوە
دکتۆر کالیگاری، خەمباری)
خاوەنی خەڵاتی کتێبی
نەتەوەیی١٩٧٥، خەڵاتی
قەڵەمی فۆکنەر١٩٨٢، خەڵاتی
پوڵیتزەر١٩٨٧).



سەربازی ئەندازیار پۆڵ کلی فڕۆکەیەک ون دەکات لە نێوان میلبەرتزهۆفن و کامبرایدا، ئازاری ١٩١٦

نووسینی: دۆناڵد بارتێڵمی

لە ئینگلیزییەوە: سەیوان محەمەد

پۆڵ کلی گوتی:

«ئێستا من گواستراومەتەوە بۆ هێزی ئاسمانی. عەریفێکی میهرەبان یارمەتیدەر بوو لە گواستنەوەکەدا. ئەو پێی وابوو لێرە داهاتوویەکی باشترو چانسی زیاتریشم دەبێت بۆ پلە بەرزکردنەوە. سەرەتا لە بەشی چاککردنەوەی فڕۆکە دامەزرام، لەگەڵ چەند کرێکارێکی تردا. لەوێ خۆمان تەنیا وەک بۆیاخچی نەناساند، بەڵکو وەک بۆیاخچیی هونەرمەند. ئەمە وای کرد هەندێک کەس سەر ڕابووەشێنن. ئێمە پارچە تەختەی لاشەی فڕۆکەمان وارنیش دەکردو ژمارەی کۆنمان ڕاست دەکردەوەو ژمارەی نوێمان زیاد دەکرد، بە پشتبەستن بە نمونەی ئامادە. پاشان من لە بەشی بۆیاخکردن دەرهێنرام و نێردرام بۆ بەشی گواستنەوە. من ئەو فڕۆکانە دەگەیێنم، کە دەنێردرێن بۆ بنکە جیاوازەکان لە ئەڵمانیاو هەروەها (تێ دەگەم) لە ناوچەی داگیرکراودا، ژیانێکی خراپ نییە. شەوان بەوە بەسەر دەبەم بە باڤاریادا بگەڕێم (یان هەندێک شەو وام)و ڕۆژانیش لەم گۆڕەپانەوە بۆ ئەو گۆڕەپان. هەمیشە نان و گۆشت و بیرە لە چێشتخانەی وێستگەکەدا هەیە. کاتێک دەگەمە شارۆچکەیەکی بەناوبانگ، هەوڵ دەدەم تابلۆ بەناوبانگەکانی ئەوێ ببینم، ئەگەر کات بوارم بدات. هەمیشە دواکەوتن و گەڕانەوەی چاوەڕوان نەکراو هەیە. پاشان گەڕانەوە بۆ بنکەکە. زۆرجار (لیلی) دەبینم. لە هوتێل یەکتر دەبینین و ئەوەیش زۆر خۆشە. تا ئێستا فڕۆکەیەکم ون نەکردووە یان ئەوەی نەتوانم بیگەیەنم بە شوێنی خۆی. جەنگ بێ کۆتایی دیارە. واڵدن شەش

لە تابلۆکانمی فرۆشتووە.»

پۆلیسە نهێنییەکە گوتی:

«ئێمە نهێنیمان هەیە. زۆر نهێنیمان هەیە. ئێمە ئارەزووی هەموو نهێنییەک دەکەین. ئێمە نهێنی تۆمان لا نییەو هەر ئەوەیشە، کە بە دوایەوەین: نهێنییەکانی تۆ. نهێنیی یەکەممان ئەوەیە ئێمە لە کوێین؟ کەس نازانێت. نهێنیی دووەممان ئەوەیە چەند کەسین؟ کەس نازانێت. ئامادەگیی گشتیی ئامانجمانە. ئێمە تەنانەت ئامادەگیی گشتیی ڕاستەقینەیشمان پێویست نییە. بیرۆکەی ئامادەگیی گشتی بەسە. بە ئامادەگیی گشتی، وەک ئەوەی دەست لەناو دەست بین، زانینی گشتی بەدی دێت. بە زانینی گشتی و ئامادەگیی گشتی، وەک ئەوەی دەست لەناو دەست بین، توانای گشتی بەدی دێت. ئێمە ڤالْسێکی سێ ڕووین. لەگەڵ ئەوەیشدا میزاجمان پڕ ماخۆلانە. ئاهێکی نهێنی هەیە، کە هەڵی دەکێشین، بە نهێنی. ئێمە دەخوازین بناسرێین و پێزانینمان بۆ دەرببڕدرێت و تەنانەت سەرسامیشمان بن. توانای گشتی چ سوودێکی هەیە ئەگەر کەس نەزانێت؟ لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە نهێنییە، ئەوە خەمە. ئێستا ئێمە لە هەموو شوێنێکداین. یەکێک لەو شوێنانەی ئێمەی لێین ئێرەیە، کە چاودێریی (سەربازی ئەندازیار کلی) دەکەین، کە سێ فرۆکەی بەنرخ، ب.ف.و. ٣٠٥٤/ ١٦-١٧-١٨، بە بەشی یەدەکەوە، لەڕێگەی شەمەندەفەرەوە لە میڵبەرتزهۆفنەوە بۆ کامبرای دەگەیەنێت. دەخوازیت بزانیت (سەربازی ئەندازیار کلی) چی دەکات لەم ساتەدا؟ لە واگۆنی کەلوپەلەکاندا، خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی کورتەچیرۆکی چینییە. پۆستاڵەکانی لە پێ داکەندووە. پێی تا مەودای بیست و شەش سەنتیمەتر لە زۆپای واگۆنی کەلوپەلەکانەوە نزیک کردووەتەوە.»

پۆڵ کلی گوتی:

«ئەم چیرۆکە چینییانە زۆر سادەو خۆشن. ناتوانم بزانم ئایا وەرگێڕانەکەی جوانە یان هەر خۆی جوانە. لیلی ڕۆژی یەکشەمە لە ژوورەکەماندا، کە بە کرێم گرتووە دێتە دیدەنیم، ئەگەر من لە کاتی خۆیدا بگەڕێمەوە. شوێنی نیشتنەوەمان بنکەی فایتەرسکوادرۆن فایڤە. لەبەیانییەوە هیچم نەخواردووە. ئەو پارچە گۆشتە گەورانەی کە بە پارەی خەرجییەکەم کڕیبووم، کاتێک لە بنکە دەرچووین، خورابوون، بەڵام ئەم بەیانییە خانمێکی سەر بە خاچی سوور بە زەردەخەنەوە قاوەیەکی زۆر خۆشی پێشکەش کردم. ئێستا گەیشتینە هۆهینبودبێرگ.»

پۆلیسە نهێنییەکە گوتی:

«سەربازی ئەندازیار کلی، خۆی کرد بە چێشتخانەی وێستگەکەدا. چێژ لە ژەمێکی خۆش دەبینێت بۆ نیوەڕۆ. ئێمەیش دەڕۆین بۆ لای.»

پۆڵ کلی گوتی:

«ئێستا لە چێشتخانەی وێستگەکەوە دێمە دەرەوەو

بەلای ڕیزێک واگۆندا دەڕۆم، هەتا دەگەمە ئەو واگۆنە تەختەی کە فڕۆکەکانمی (من بە فڕۆکەی خۆمیان دەزانم) هەڵگرتووە. بۆ سەرسامی و نەگبەتیی من، تێبینی دەکەم یەکێکیان ون بووە. سێ فڕۆکە بوون، بە واگۆنە تەختەکەوە بەسترابوون و بە چادریش سەریان داپۆشرابوو. ئێستا بە چاوی نیگارکێشە ڕاهێنراوەکەمەوە دەبینم، لەبری سێ تەنی بە چادر داپۆشراو، لەسەر واگۆنە تەختەکە تەنیا دووان هەیە. لە شوێنی سێیەم فڕۆکە تەنیا چادرێکی ڕاخراو و گوریسی کراوە هەیە. بە خێرایی تەماشای دەوروبەرم دەکەم تا بزانم ئاخۆ کەسی تر تێبینیی دیارنەمانی سێیەم فڕۆکەی کردووە!»

پۆلیسە نهێنییەکە گوتی:

«ئێمە تێبینیمان کرد. چاوە پۆلیسە ڕاهێنراوەکەمان تێبینیی ئەوەی کردبوو، کە پێشتر سێ فڕۆکە بوون، بەسەر واگۆنە تەختەکەوە بەسترابوون و بە چادر داپۆشرابوون، ئێستایش تەنیا دووان بوون. بەداخەوە ئێمە لە چێشتخانەی وێستگەکەدا بووین، نانی نیوەڕۆمان دەخوارد لە کاتی دیارنەمانەکەیدا، بۆیە نەمانزانی بۆ کوێ براوە یان کێ بردوویەتی. شتێک هەبوو، کە نەمان دەزانی. ئەوەیش بێ حەد بێزارکەر بوو. لە نزیکەوە چاودێریی (سەربازی ئەندازیار کلی)مان کرد، تا بزانین چ کارێکی بەپەلە دەکات. دەبینین، بە ڕای ئێمە زۆر بە ڕێکوپێکی، دەستی کرد بە نووسینی هەموو وردەکارییەکان لە دەفتەری تێبینییەکەیدا.»

پۆڵ کلی گوتی:

«شێوەی چادرە کەوتووەکە، کە پێشتر فڕۆکەکەی لەژێردا بوو، لەگەڵ گوریسە کراوەکاندا -چادرەکە شێوەی وەک تەپۆڵکەو دۆڵ و پێچی فریودەری دروست کردووە، گوریسەکان بە تەواوی شل بوونەتەوەو کراونەتەوە- زۆر جێی سەرنجە. بۆ دە تا پازدە خولەک خەریکی هێڵکارییم لەدەفتەرەکەمدا، بیردەکەمەوە ئاخۆ کەوتوومەتە چ گیروگرفتێکەوە بە هۆی فڕۆکە ونبووەکەوە. کاتێک دەگەمە بنکەی فایتەر سکوادرۆن فایف، بە ژمارەیەکی کەمتری فڕۆکەوە لەوەی لەلیستەکەدا هاتووە، ئاخۆ کەسێکی بەرپرس لێم تووڕە نابێت؟ هاوارام بەسەردا ناکات؟ لە هێڵکاری بوومەوە. ئێستا پرسیار لە چەند ڕاهێنەرو فەرمانبەرێکی وێستگەکە دەکەم، تا بزانم کەسیان نەبینیوە فڕۆکەکە ببات. ئەگەر وەڵامەکە نەرێ بوو، ئەوە زۆر تووڕە دەبـم. دەست دەکەم بە شەق هەڵدان لە واگۆنە تەختەکە.

پۆلیسە نهێنییەکە گوتی:

«تووڕەیەو دەستی کردووە بە شەق هەڵدان لە واگۆنە تەختەکە.»

پۆڵ کلی گوتی:

«تەماشای ئاسمان دەکەم، تابزانم هیچ فڕۆکەیەکی لێیە. چەندین جۆر فڕۆکە بە ئاسمانەوەیە، بەڵام هیچیان لەو جۆرە نیین، کە من بە دوایدا دەگەڕێم».

پۆلیسە نهێنییەکە گوتی:

«سەربازی ئەندازیار پۆڵ کلی ئاسمان دەگەڕێت

-بە بۆچوونی ئێمە ئیشێکی زۆر بەجێیە. ئێمەی پۆلیسی نهێنییش ئاسمانی هۆهێنبودبێرگ بە چاو دەپشکنین، بەڵام هیچ نادۆزینەوە. لەنێوان خۆماندا گفتوگۆمانە لەسەر ئەوەی ئایا دەبێت ئێستا بچینە ناو چێشتخانەی وێستگەکەوەو دەست بکەین بە نووسینی ڕاپۆرتی سەرەتایی و ناردنی بۆ بارەگاکانی سەرەوەمان. خاڵی ئاڵۆز لە ڕاپۆرتی سەرەتاییدا ئەوەیە، وەڵامی ئەم پرسیارەمان لا نییە (فڕۆکەکە لە کوێیە؟) زیانی چاوەڕوانکراو بۆ بیرۆکەی زانینی گشتی و هەروەها بۆ پیشەکەیشمان، وامان لێ دەکات ئەم خاڵە لە ڕاپۆرتە سەرەتاییەکەدا بسڕینەوە، بەڵام ئەگەر ئەم خاڵە بسڕینەوە، ئایا ڕێی تێ ناچیت بەرپرسێک لە مەکتەبی ناوەندیی بۆ کاروباری نهێنی، تێبینی سڕینەوەکە بکات؟ ئەی توورە نابێت؟ هاوارمان بەسەردا ناکات؟ سڕینەوە لە مەکتەبی ناوەندیی پەسەند نییە. بڕیارمان دا، لەئێستادا پتر هەڵسوکەوتی (سەربازی ئەندازیار پۆڵ کلی) چاودێری بکەین.»

پۆڵ کلی گوتی:

«مـن، کە هەرگیز فڕۆکەیەکم ون نەکردبوو، ئێستا فڕۆکەیەکم ون کردووە. فڕۆکەکە بە من سپێردراوە. نرخی فڕۆکەکە، ئەگەر نەدۆزرێتەوە، دەخرێتە سەر مووچەکەم، کە خۆی هەر زۆر کەمە. تەنانەت ئەگەر والّدنیش، سەد یان هەزار تابلۆ بفرۆشێت، هێشتا پارەی ئەوەم نابێت لەبەرانبەر ئەم فڕۆکە نەفرەتییەدا بیدەم. ئایا دەتوانم، لەو کاتەی شەمەندەفەرەکە لە هۆهێنبودبێرگە، فڕۆکەیەکی نوێ دروست بکەم یان تەنانەت شێوەی فڕۆکەیەک، بەبێ هیچ کەرەستەیەک، کە بەکاری بهێنم یان لەڕاستیدا بەبێ هیچ زانیارییەکی تایبەتی دەربارەی فڕۆکە دروست کردن؟ دۆخەکە بێ مانایە. بۆیە عەقڵ بەکار دەهێنم. عەقڵ چارەسەر دەدۆزێتەوە. فێڵێک لە نووسراوەکەدا دەکەم، بە بەکارهێنانی ئەو بەهرەیەی لە وێنەکێشاندا هەمە، کە دواجار زۆر جیاواز نییە لە بەهرەی ساختەکارێک. نووسراوەکە دەگۆڕم بە شێوەیەک، کە باس لە گەیاندنی دوو فڕۆکە بکات، ب.ف.ک. ٣٠٥٤/ ١٦ و ١٧، بۆ بنکەی فایتەر سکوادرۆن فایڤ. چادرو گوریسە زیادەکان لە واگۆنێکی بەتاڵدا دەشارمەوە، ئەوەیان، کە بەگوێرەی ئەو نووسینانەی لەسەرێتی بەرەو ئێسینی لـو پوتی دەڕوات. ئێستا بەناو شاردا دەگەڕێم، تا بزانم دووکانێکی چکۆلاتە دەدۆزمەوە. تامەزرۆی چکۆلاتەم.»

پۆلیسە نهێنییەکە گوتی:

«ئێستا ئێمە دەبینین سەربازی ئەندازیار کلی، چادرو گوریسەکانی سەر فڕۆکەکەی پێشوو دەخاتە ناو واگۆنێکی بەتاڵەوە، کە بەرەو ئێسینی لـو پوتی دەڕاوت. پێشتریش تێبینیمان کرد، خەریکی ساختەکردنی نووسراوەکە بوو بە بەکارهێنانی بەهرەکانی لە وێنەکێشاندا، کە لە هی ساختەکارێک کەمتر نییە. ئێمە ئەو کارانەی سەربازی ئەندازیار کلی، بەرز دەنرخێنین. ئەو گرفتەی کە ڕووبەڕوومان

Donald Barthelme

دەبێتەوە سەبارەت بە ڕاپۆرتە سەرەتاییەکە بەم شێوازە جوانە قایلکەرە، چارەسەر دەبێت. ئێمە شانازیی بە سەربازی ئەندازیار کلییەوە دەکەین و بەو شێوازە یەکلاییکەرەوەو پیاوانەیشەوە، کە لەڕێیەوە قەیرانەکەی چارەسەر کرد. پێشبینی دەکەین زۆر دوور بڕوات. پێمان خۆشە وەک هەڤاڵ و برا لە ئامێزی بگرین، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە ئامێز ناگیرێین. ئێمە نهێنیین، ئێمە لەتاریکیدا بوونمان هەیە، خۆشیی لەئامێزگرتنی هەڤاڵانەو برایانە یەکێکە لەو خۆشییانەی ئێمەی لێ بێ بەشین، لە پیشە لێڵەکەماندا.»

پۆڵ کلی گوتی:

«ئێمە گەیشتینە کامبرای. فڕۆکەکان داگیران، هەر یەکەو بە شەش کەس. کارەکە بە خێرایی دەڕوات. کەس لە نووسراوە گۆڕاوەکەم ناپرسێتەوە. ئاسمان وەختە ساماڵ دادێت. پاش نانی نیوەڕۆ ئێرە بەجێ دەهێڵم و گەشتی گەڕانەوە دەست پێ دەکەم. نووسراوی ڕێگەپێدان و فەرمانی گەشتەکەم ئامادەن، بەڵام دەبێت ئەفسەرەکە بێت و واژۆی بکات. بە قەناعەتەوە لە ژوورە گەرمە ڕێکوپێکەکەدا چاوەڕێم. ئەو وێنەیەی چادرە کەوتووەکەو گوریسە کراوەکان، کە کێشاومە زۆر باشن. لەتێک چکۆلاتە دەخۆم. بە داخەوەم بۆ فڕۆکە ونبووەکە، بەڵام زۆر نا. جەنگەکە کاتییە، بەڵام وێنەکێشان و چکۆلاتە تا هەتایە بەردەوام دەبن.

پیانۆژەنەکە



نووسینی: دۆناڵد بارتێڵمی

لە ئینگلیزییەوە: سەیوان محەمەد

لەودیو پەنجەرەی پیاوەکەوە، پریسیلا هێسی پێنج ساڵە بە چیچکانەوە دانیشتبوو و لە سنوقی پۆستە دەچوو (بە فانیلەیەکی سوورو پانتۆڵێکی کودەریی شینی گوڵگوڵییەوە)، بەخەمبارییەوە چاوی بۆ کەسێک دەگێڕا، لووتە چڵمنەکەی بسڕێت. پەپوولەیەک لەناو ئەو سنوقی پۆستەیەدا بەند کرابوو، بەدڵنیاییەوە، بەڵام ئایا هەرگیز دەڕوات؟ یان تایبەتمەندیی سنوقی پۆستە تا هەتایە پێیەوە پەیوەستە، وەک دایک و باوکی، وەک ناوی خۆی؟

ئاسمان شین و ساماڵ بوو. پارچەیەک جەلیی سەوز لە پریسیلا هێسی قەڵەودا ونبوو و پیاوەکەیش ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی سڵاو لە ژنەکەی بکات، کە لە دەرگاکەوە بە گاگۆڵکێ لەسەر دەست و ئەژنۆ هاتە ژوورەوە.

گوتی: بەڵێ؟ ئەم جارە چی؟

ژنەکە دانیشت و گوتی: من ناشیرینم. منداڵەکانمان ناشرینن.

برایان بە تووڕەییەوە گوتی: قسەی پووچ. منداڵی نایابن. نایاب و جوانن. منداڵی خەڵکانی تر ناشیرینن نەک ئەوانەی خۆمان. دەی، هەستەو بڕۆرەوە بۆ ژووری خۆشەکردنەکە، دەبێت تۆ ئێستا گۆشتی بەراز خۆشە بکەیت.

«گۆشتەکە خراپ بوو» ژنەکەی گوتی، «نەمتوانی خۆشەی بکەم. هەموو هەوڵێکم دا. تۆ چیتر منت خۆش ناوێت. پەنسلینەکە بەسەرچووبوو. من ناشیرینم و هەروەها منداڵەکانیش. ئەو گوتی ماڵئاواییت لێ بکەم.»

ئـەو؟

گوتی: گۆشتی بەرازەکە. ئایا یەکێک لە منداڵەکانمان ناوی ئەمبرۆزە؟ کەسێک بە ناوی ئەمبرۆزەوە بەردەوام تەلەگرامان بۆ دەنێرێت، ئێستا چەندمان هەیە؟ چوار؟ پێنج؟ پێت وایە هاوڕەگەزباز بن؟

کەمێک ڕووی گرژ کردەوە، جولاو دەستێکی بەناو قژە زبرەکەیدا هێنا. «خانووەکە ژەنگی گرتووە. باشە بۆ خانووی ئیستیلت ویست؟ بۆچی من پێم وابوو دەمەوێت لە کەنێکتیکەت بژیم؟ نازانم.

«هەستە،» پیاوەکە بە دەنگێکی نەرم گوتی، «هەستە، خۆشەویستە ئازیزەکەم. هەستە سەرپێ و گۆرانی بڵێ. پارسیفاڵم بۆ بچڕە».

ژنەکە بەسەر ئەرزەکەوە، گوتی: «من ترایەمفێکم دەوێت. دانەیەک لە جۆری تی ئاڕ فۆر. هەموو کەسێک لە ستامفۆرد هەیەتی، هەموو تاکەکەسێک، جگە لە من. ئەگەر تی ئاڕفۆرێکت پێ بدایەم منداڵە ناشرینەکانمانم تێ دەخست و لێم دەخوری. بەرەو وێڵفلیت. هەموو ناشرینییەکانم لە ژیانت دەردەهێنا».

«دانەیەکی سەوز؟»

«یەکێکی سوور،» ژنەکەی بەمۆنییەوە گوتی. «سوورو کوشنەکانیشی لە چەرمی سوور بن.»

«تۆ نابێت ئێستا خەریکی ڕەنگ تێکەڵکردن بیت؟» پیاوەکەی لێی پرسی. «ئامێرێکی کارەباییم کڕیوە. ئای بی ئێمێک.»

گوتی: «دەمەوێت بڕۆم بۆ وێڵفلیت. دەمەوێت

قسە لەگەڵ ئێدموند ویڵسن بکەم و بە تی ئاڕ فۆرە سوورەکەم پیاسەیەکی پێ بکەم. منداڵەکان دەتوانن بۆ خۆیان هێلکە شەیتانۆکە دەربێنن. ئێمە شتمان زۆرە قسەی لەبارەوە بکەین، من و بەنی.»

«بۆچی ئەو کەتافییانەی سەرشانت لا نابەیت؟» برایان بە میهرەبانییەوە گوتی. «زۆر بەداخەوەم بۆ گۆشتەکە.»

«من زۆر حەزم لەو گۆشتە بوو،» ژنەکە بەچڵێسییەوە گوتی. «کاتێک بە ڤۆڵڤۆ ڕەنگ تۆخەکەتەوە چوویت بۆ زانکۆی تێکساس، وامزانی دەبیتە شتێك. دەستم بۆت کردەوە. تۆ ئەڵقەکانت خستە ناو دەستمەوە. ئەو ئەڵقانەی دایکم پێی دابووم. وامزانی کەسێکی دیارت لێ دەردەچێت، وەکو بەنی.»

ناوشانە پانەکەی ڕوو کردە ژنەکەی. گوتی: هەموو شتێک دەگۆڕێت. پیانۆ بژەنە، باشە؟

گوتی: «تۆ هەمیشە لە پیانۆکەم ترساویت. هەر چوار پێنج منداڵەکەم لە پیانۆکە دەترسن. تۆ فێرت کردن لێی بترسن. زەڕافەکە هار بووە، بەڵام پێم وانییە بە لای تۆوە گرنگ بێت.»

پرسی: ئێستا چی بخۆین، کە گۆشتەکە نەما؟

ژنەکە بە کەمتەرخەمییەوە وەڵامی دایەوە: هەندێک جەلی لە بەفرگرەکەدایە.

«بارانە،» پیاوەکە تەماشایەکی کرد. «بارانە یان شتێکی لەو بابەتە.»

ژنەکە گوتی: کاتێک لە قوتابخانەی بازرگانیی وارتن، خوێندنت تەواو کرد، دواجار وامزانی! وامزانی ئیتر دەتوانین بار بکەین بۆ ستامفۆردو دراوسێی خەڵکی سەرنجڕاکێش بین، بەڵام ئەمانە هیچ سەرنجڕاکێش نیین.

زەڕافەکە سەرنجڕاکێشە، بەڵام زۆربەی کات دەخەوێت. سنووقی پۆستەکە تاڕادەیەک سەرنجڕاکێشە. پیاوەکە ئەمڕۆ لە کاتژمێر ٣:٣١ی پاش نیوەڕۆ نەیکردەوە. ئەو پێنج خولەک دواکەوت. دیسانەوە حکومەت درۆی کرد.

بە ئاماژەیەکی بێ ئارامییەوە، برایان گڵۆپەکەی داگیرساند. تیشکێکی گەورەی کارەبا ڕووخسارە چکۆلەکەی ژنەکەی ڕووناک کردەوە، کە لە سەرەوەی دەڕوانی. لە دڵی خۆیەوە گوتی: چاوی وەک بەزالیا سەوزە. تامار سەما دەکات. ناوم لە ناو فەرهەنگەکەدایە، لەپشتەوە. فەرهەنگی یاسای بەختی باشی دوولایەنە. ڕەنگە کێکی پیانۆ، موچڕکێکی ئازار بە جیهانی ڕۆژئاوادا تێ دەپەڕێت. کۆریۆلانوس.

لەسەر ئەرزەکەوە، گوتی. وای خوایە، تەماشای ئەژنۆکانم بکە.

برایان تەماشای کرد. ئەژنۆکانی سوور هەڵگەڕابوون.

گوتی: بێ مانایە، بێ مانایە. خەریکی چاککردنی سنووقی دەرمانەکان بووم. بۆچی؟ نازانم. تۆ دەبێت پارەی زیاترم بدەیتێ. بێن خوێنبەربوونی هەیە. بێسی دەیەوێت ببێتە پیاوی ئێس ئێس. ئەو ئێستا هەستانەوەو کەوتن دەخوێنێتەوە. هیملەری ناسیوە.

ئەوە ناوی بوو؟ بێسی؟

«بلێ. بێسی.»

«ئەوی تریان ناوی چییە؟ قژ زەردەکە؟»

«بیلی. بە ناوی باوکتەوە ناونراوە. ناوی بابە.»

«دەبێت درێلێکی هەواییم بۆ بهێنیت. بۆ پاککردنەوەی

Donald Barthelme

ددانی منداڵەکان. ئەو نەخۆشییە چی پێ دەڵێن؟ هەموویان تووشی دەبن، هەر هەموویان، ئەگەر درێلی هەواییم بۆ نەهێنیت.»

برایان گوتی: کۆمپرێسەرێکیش. قەوانێکی سمیسیش. لە بیرمە.

ژنەکە لەسەر پشت ڕاکشا. کەتافییەکانی، کە بەر کاشییەکە کەوتن زرینگانەوە. ژمارەکەی (١٧)، بە گەورەیی لەسەر سنگی نووسرابوو. چاوی بە توندی نوقاندبوو. گوتی: «فرۆشگەی ئاڵتمان داشکانیان هەیە. ڕەنگە باشتر وابێت بڕۆم.»

«گوێ بگرە»، پیاوەکە گوتی. «هەستە. بڕۆ بۆ ناو کەپری دارمێوەکان. من پیانۆکان پاڵ دەنێم بۆ ئەوێ. تۆ بۆیەیەکی زۆرت لێ کردووەتەوە.»

گوتی: تۆ دەست لەو پیانۆیە نادەیت. ئەگەر یەک ملیۆن ساڵی تریش لەوێدا بێت.

«تۆ بە ڕاستی پێت وایە لێی دەترسم؟»

«ئەگەر یەک ملیۆن ساڵی تریش بێت، ئەی ساختەچی.»

«زۆر باشە» برایان بەبێ دەنگی گوتی، «زۆر باشە.» هەنگاوی بەرەو پیانۆکە نا. دەستی خستە سەر کەنارە وارنیشکراوەکەی. دەستی کرد بە پاڵنانی بە ناو ژوورەکەداو پاش دوودڵییەکی کەم، پیانۆکە خستی و مرد.»

* سەرچاوە:

http://nbu.bg/webs/amb/american/5/barthelme/player.htm

پرۆفایل: ئێرنست هێمینگوەی

ئێرنست میلەر هێمینگوەی.. له دایكبووی ١٨٩٩/٧/٢١یه له و له ١٩٦١/٢ خۆی كوشتووه. له بەناوبانگترین كارەكانی (پیرەمێرد و دەریا (مامۆستا شێركۆ بێكەس وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی كوردی)، ماڵئاوایی له چەك، خۆریش هەڵدێت، هەروەها ژمارەیەكی زۆر چیرۆكی هەیە كە له سێ بەرگدا كۆكراونەتەوە.) براوەی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ١٩٥٤ـە، هەروەها براوەی خەڵاتی پوڵیتزەری ساڵی ١٩٥٣.



ماڵی سەرباز

نوسینی: ئێرنست هێمنگوەی

لە ئینگلیزییەوە: سەیوان محەمەد

کاتێک تۆپبارانەکە بەربەستەکانی پارچەپارچە دەکرد لە فۆساڵتا، ئەو تەخت لێی کەوتبوو و ئارەقەی دەکردو نزای دەکرد: ئای مەسیحا لێرە ڕزگارم بکە. تکایە مەسیحی ئازیز ڕزگارم بکە لێرە. مەسیحا تکایە، تکایە تکایە مەسیح، تەنیا ئەگەر ئەم جارە لە مەرگ ڕزگارم بکەی هەر شتێک دەکەم فەرمانم پێ بکەیت. باوەڕت پێ دەهێنم و بە هەموو دونیایش دەڵێم، کە تەنها تۆم بە لاوە گرنگیت. تکایە تکایە مەسیحی ئازیز. تۆپبارانەکە پتر لە سەنگەرەکە دوور دەکەوتەوە. ئێمە چووین لەسەر بەربەستەکە کار بکەین و بەیانیش، کە خۆر هەڵهات ڕۆژەکە گەرم و شێدارو خۆش و هێمن بوو. شەوی دواتر لە مێستەر هیچی دەربارەی مەسیح بۆ ئەو کچە باس نەکرد، کە لەگەڵیدا چووە سەرەوە لە ڤییا ڕۆسا. هەرگیز بۆ هیچ کەسیشی باس نەکرد.

کرێبز لە کۆلێژێکی میتۆدییەوە لە کەنساس چوو بۆ شەڕ. وێنەیەک هەیە، کە پیشانی دەدات لەگەڵ برا ئاینییەکانیدایە، هەموویان یەخەکانیان هەمان شێوازو بەرزیی هەیە. لە ساڵی ١٩١٧ لە سوپای مارینز ناونووس کراو نەگەڕایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەتا ئەو کاتەی فیرقەی دووەم لە هەرێمی ڕاین، لە هاوینی ١٩١٩ گەڕایەوە.

وێنەیەک هەیە، پیشانی دەدات لەگەڵ دوو کچی ئەڵمانی و عەریفێکی تردایە لەسەر ڕووباری ڕاین. کرێبزو عەریفەکە گەورەتر دیارن لە قەبارەی جلە

سەربازییەکانیان. کچە ئەڵمانییەکان جوان نین. لەوێنەکەدا ڕاین دیار نییە.

ئەو کاتەی کرێبز گەڕایەوە بۆ شارۆچکەکەی خۆی لە ئۆکلاهۆما، ڕێوڕەسمی پێشوازیکردنی پاڵەوانان کۆتایی هاتبوو. ئەو زۆر درەنگ گەڕایەوە. ئەو پیاوانەی شارۆچکەکەی، کە لە سەربازی بوون، هەموویان پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرابوو لە کاتی گەڕانەوەیاندا. گەڕانەوەیان ورووژانێکی گەورەی لای خەڵکەکە دروست کردبوو. ئێستا کاردانەوەکان هێور بووبوونەوە. وا دیار بوو خەڵکی تاڕادەیەک بە گاڵتەجارییان دەبینی، کە کرێبز هێندە درەنگ بگەڕێتەوە، چەندین ساڵ دوای ئەوەی شەڕ تەواو بووە.

سەرەتا کرێبز، کە دەڕۆیشت بۆ بێلۆود و سواسۆو شامپاین و سان میهێل و بۆ ئارگۆن، هەرگیز نەیدەویست باسی جەنگ بکات. دواتر هەستی کرد پێویستی بە قسەکردنە، بەڵام هیچ کەس نەیدەویست باسی جەنگ ببیستێت. شارۆچکەکەی هێندە چیرۆکی کارەساتەکانی بیستبوو، کە چیتر ڕاستییەکان کاری تێ نەدەکردن. کرێبز زانی، بۆ ئەوەی گوێی لێ بگیرێت، دەبێت درۆ بکات، دوای ئەوەیش دوو جار ئەوەی کرد، خۆیشی کاردانەوەی لە دژی جەنگ و دژی باسکردنی جەنگ پەیدا کرد. قێزی لە هەموو شتێک دەهاتەوە، کە لەجەنگەکەدا بەسەریدا هاتبوو، بە هۆی ئەو درۆیانەی کە کردبوونی. هەموو ئەو کاتانەی کە توانیبووی لەناخەوە هەست بە پاکی و ئارامی بکات، کاتێک بیری لێ دەکردنەوە؛ ئەو کاتانەی لە ڕابردوویەکی زۆر دووردا کاتێک یەک شتی کردبوو، تەنیا شتێک پیاو بەئاسانی و بە شێوەیەکی سروشتی بیکات، کاتێک کە دەکرێت شتێکی تر بکات، ئێستا تایبەتمەندییە باش و بەنرخەکەی لە دەست داوەو دواتریش خۆشیان لەدەست چوون.

درۆکانی دروی زۆر ناچیز بوون و پێک هاتبوون لە گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە پیاوانی تر بینیبوویان، کردبوویان یان بیستبوویان و هەندێک ڕووداوی گوماناوی کە هەموو سەربازان پێی ئاشنا بوون، وەکو ڕاستی دەیگێڕانەوە. تەنانەت درۆکانی لە ژووری یاری بلیاردیشدا هەستبزوێن نەبوون. ناسیاوەکانی، کە باسی وردو درشتیان لەسەر ژنە ئەڵمانییەکان بیستبوو، کە لە دارستانی ئارگۆندا دۆزرابوونەوەو بە چەکە قورسەکانەوە بەسترابوون، بە چیرۆکەکانی کاریگەر نەبوون، یان نیشتیمانپەروەرییان وای لێ کردبوون، هیچ بایەخێکیان نەبێت بۆ هەر چەکدارێکی ئەڵمانی، کە نەبەسترابێتەوە، ئیتر بە چیرۆکەکانی ئەو دڵخۆش نەدەبوون.

کرێبز هێڵنجی دەدا بە هۆی ئەو ئەزموونەی کە دەرەنجامی درۆ و زێدەڕۆیی بوو لە گوتندا، کاتێکیش ناوبەناو چاوی بە پیاوێکی تر دەکەوت، کە لەڕاستیدا وەکو خۆی سەرباز بووەو پێکەوە چەند خولەکێک لە ژووری خۆگۆڕینی ئاهەنگێکی سەماکردندا قسەیان دەکرد، دەکەوتەوە دۆخی ئاسایی سەربازە کۆنەکەوە، کە لەنێوان سەربازانی تردا بوو، کە بەردەوام پیاوێکی

ترساو بووە تا ڕادەی نەخۆشی. بەو جۆرەش هەموو شتێکی لەدەست دا.

لەو ماوەیەدا، کە هاوینێکی درەنگ بوو، درەنگ لە خەو ڕادەبوو، هەڵدەستاو بە پێ دەڕۆیشت بۆ کتێبخانە بۆ ئەوەی کتێبێک بهێنێت، لەماڵەوە نانی نیوەڕۆی دەخواردو لە هەیوانەکەدا دەیخوێندەوە هەتا ماندوو دەبوو، ئینجا دەگەڕایەوە بۆ ناو شارۆچکەکە بۆ ئەوەی گەرمترین کاتەکانی ڕۆژ لە سێبەری فێنکی ژووری بلیاردەکەدا بەسەر ببات. حەزی لە یاری بلیارد بوو.

ئێواران پرۆڤەی لەسەر کلارنێتەکەی دەکرد، بەناو شاردا دەگەڕا. دەیخوێندەوەو دەخەوت. هێشتا بەلای دوو خوشکە بچووکەکەیەوە پاڵەوان بوو. ئەگەر بیویستایە، دایکی بەرچایی بۆ دەهێنایە ناو جێگە. زۆر جار دایکی دەهاتە ژوورەوە، کاتێک کرێبز لەناو جێگەدا بوو و داوای لێ دەکرد باسی جەنگی بۆ بکات، بەڵام دایکی هەمیشە خەیاڵی دەڕۆیشت. باوکی لەو باسانە بێلایەن بوو.

کرێبز، پێش ئەوەی بڕوات بۆ جەنگ، هەرگیز ڕێگەی پێ نەدەدرا ئۆتۆمبێلی خێزانەکە لێ بخوڕێت. باوکی لە بازرگانیی زەوی و موڵکدا کاری دەکردو هەمیشە دەیویست ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەستیدا بێت، کاتێک داوای دەکرد، بۆ ئەوەی کڕیارەکان ببات بۆ لادێ و کێڵگەیەکیان پیشان بدات. هەمیشە ئۆتۆمبیلەکە لە پێش باڵەخانەی بانکی یەکەمی نەتەوەیی دەوەستا، کە باوکی نووسینگەکەی لە نهۆمی دووەم بوو. ئێستا، لە پاش جەنگ، هێشتا هەر هەمان ئۆتۆمبێل بوو.

هیچ شتێک لە شارۆچکەکەدا نەگۆڕابوو جگە لەوەی کە کچە بچووکەکان پێ گەیشتبوون، بەڵام لە جیهانێکی هێندە ئاڵۆزدا دەژیان بە هاوپەیمانێتییە تازە ڕێکخراوەکان و بەربەرەکانێ گۆڕاوەکانەوە، کەوا کرێبز هەستی نەدەکرد هێزو توانای هەبێت تێکەڵاوی بێت. هەرچەندە حەزی لێ بوو تەماشایان بکات. زۆر کچی جوان هەبوون. زۆربەیان قژیان کورت بڕیبوو. کاتێک ڕۆیشتبوو بۆ جەنگ تەنیا کچە بچووکەکان قژیان بەو جۆرە دەبڕی، یان کچە خراپەکان. هەموو فانیلەو کراسی یەخە خڕیان لەبەر دەکرد. ئەوە باو بوو. پێی خۆش بوو لەبەر هەیوانەکەوە تەماشایان بکات، کاتێک لەوبەری شەقامەکەوە دەڕۆیشتن، پێی خۆش بوو تەماشایان بکات، کە بەژێر سێبەری دارەکاندا دەڕۆیشتن. حەزی لە یەخە خڕەکانیان بوو، کە لەسەر فانیلەکانیانەوە دیار بوون. حەزی لە گۆرەوییە درێژە ئاوریشمییە سپییەکانیان و لە پێڵاوە بن تەختەکانیان بوو. حەزی لە قژە کورتەکانیان و شێوازی ڕۆیشتنیان بوو.

کاتێک دەچووە ناو شارۆچکەکە زۆر سەرنجیان ڕانەدەکێشا. کاتێک لە دووکانی ئایسکرێمی یۆنانیدا دەیبینین، حەزی لێیان نەبوو. بەڕاستی حەزی بە خۆیان نەبوو. ئەوان زۆر داخراو بوون، بەڵام شتێکی تر هەبوو. بە شێوەیەکی نائاشکرا کچێکی دەویست، بەڵام نەیدەویست هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی. حەزی دەکرد کچێکی لەگەڵدا بێت، بەڵام نەیدەویست کاتێکی زۆر بەسەر ببات تا بە دەستی

بهێنێت. نەیدەویست پێچوپەنای تێ بکەوێت لە بەدەستهێنانیدا. نەیدەویست هیچ مەراییان بۆ بکات. نەیدەویست هیچ درۆیەکی تر بکات. یاوەریی کچێک شایەنی ئەوانە نەبوو.

هیچ دەرەنجامێکی نەدەویست. هەرگیز جارێکی تر دەرەنجامێکی نەدەویست. دەیویست بەبێ هیچ دەرەنجامێک بژی. هەروەها بە ڕاستیش پێویستیی بە کچ نەبوو. سوپا ئەوەی فێر کردبوو. ئەوە ئاسایی بوو وا نیشان بدەیت، کە پێویستە کچێکت لەگەڵدا بێت. نزیکەی هەموو کەس ئەوەیان دەکرد، بەڵام ئەوە ڕاست نەبوو. پێویستیت بە کچ نەدەبوو. ئەوە شتێکی پێکەنیناوی بوو. سەرەتا یەکێک شانازیی بەوەوە دەکات، کە چۆن کچ هیچ گرنگییەکی نییە بۆی، کە هەرگیز بیری لێ نەکردوونەتەوە، کە ناتوانن کاری بکەنە سەر. پاشان یەکێکی تر شانازیی بەوەوە دەکات، کە ناتوانێت بە بێ کچ هەڵ بکات، کە دەبێت هەموو کات لە گەڵی بن، ناتوانێت بەبێ ئەوان بخەوێت.

ئەوە هەمووی درۆ بوو. هەر دوو دۆخەکە هەموو هەر درۆ بوون. پێویستیت بە کچ نەدەبوو ئەگەر بیرت لێ نەکردایەتەوە. ئەوە لەسوپادا فێربوو. پاشان زوو بێت یان درەنگ هەمیشە کچێکت دەست دەکەوت. کاتێک بەڕاستی پێ گەیشتوویت بۆ کچ، هەمیشە دەستت دەکەوێت. نەیدەویست بیری لێ بکەیتەوە. زوو بێت یان درەنگ هەر کاتی دەهات. ئەوە لەسوپادا فێربوو بوو.

ئێستا حەزی لە کچێک دەبوو ئەگەر کچەکە خۆی بهاتایە بۆ لای و نەیشیویستایە قسە بکات، بەڵام لێرە لە نیشتیمان هەموو شتێک زۆر ئاڵۆز بوو. دەیزانی هەرگیز جارێکی تر ناتوانێت هەموو ئەو شتانە بکات. ئەوە شایەنی ئەرککێشان نەبوو. ئەوەی کچانی فەرەنسی و کچانی ئەڵمانی جیا دەکردەوە، ئەم قسەکردنانە نەبوون. نەتدەتوانی زۆر قسە بکەیت، پێویستیشی نەکرد قسە بکەیت. شتەکان بەسادەیی دەبوون و ئیتر دەبوون بە هاوڕێ. بیری لە فەرەنسا کردەوەو ئینجا بیری لە ئەڵمانیا کردەوە. بەگشتی پتر حەزی لە ئەڵمانیا بوو. نەیدەویست ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت. نەیدەویست بگەڕێتەوە بۆ وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا گەڕایەوە. لە بەرهەیوانەکەدا دانیشتبوو.

حەزی لەو کچانە بوو، کە لەوبەری شەقامەکەوە دەڕۆیشتن. حەزی لە شێوەیان بوو زۆر زیاتر لە کچە فەرەنسی و ئەڵمانییەکان، بەڵام ئەو جیهانەی کچەکانی تیادا بوو، ئەو جیهانەی ئەو نەبوو. پێی خۆش بوو یەکێکیان هی ئەو بێت، بەڵام شایانی خۆماندووکردن نەبوو. ئەوان هێندە دەستەیەکی جوان بوون. حەزی لەو دەستەیە بوو. زۆر سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام ئەو هەموو قسەکردنەی نەدەکرد. هیچ یەکیانی هێندە بەتاسەوە نەدەویست. هەرچەندە پێی خۆش بوو تەماشای هەموویان بکات. یاوەریکردنیان شایەنی ئەوە نەبوو. بەتایبەت لەئێستادا نا، کە هەموو شتێک دیسانەوە باش دەبوو.

لە بەرهەیوانەکەدا دانیشتبوو، کتێبێکی سەبارەت بە جەنگەکە دەخوێندەوە. کتێبەکە مێژوویی بوو و

ئەویش دەربارەی هەموو ئەو شەڕانەی دەخوێندەوە، کە خۆی تێیاندا بووە. ئەوە خۆشترین خوێندنەوە بوو هەمیشە کردبێتی. خۆزگەی دەخواست نەخشەی تری تێدا بووایە. بە هەستێکی خۆشەوە چاوەڕێی خوێندنەوەی هەموو کتێبە مێژووییە باشەکان بوو، کاتێک بە نەخشەی پڕ وردەکاریی باشەوە بڵاو دەبوونەوە. ئێستا بەڕاستی سەبارەت بە جەنگ فێر دەبوو. ئەو سەربازێکی باش بوو بوو. ئەوەیش جیاوازییەکەی دروست دەکرد.

بەیانییەک دوای ئەوەی نزیکەی مانگێک بوو گەڕابووەوە، دایکی هاتە ژووری نووستنەکەیەوەو لەسەر جێخەوەکەی دانیشت. بەروانکەکەی ڕێك خست.

«دوێنێ شەو قسەم لەگەڵ باوکت کرد، هارۆڵد.» دایکی گوتی، «قایل بووە ئێواران ئۆتۆمبێلەکە ببەیتە دەرەوە.»

«بەڵێ؟» کرێبز گوتی، کە ئێستا بەتەواوی بەئاگا بوو. «ئۆتۆمبێلەکە ببەمە دەرەوە؟ ها؟»

«بەڵێ. باوکت ماوەیەکە هەستی کردووە، کە تۆ دەبێت بتوانیت ئێواران ئۆتۆمبێلەکە ببەیتە دەرەوە، هەر کاتێک ئارەزووت لێ بێت، بەڵام تەنیا دوێنێ شەو باسی ئەو بابەتەمان کرد.»

کرێبز گوتی: گرەو دەکەم تۆ قایلت کردووە.

«نەخێر. ئەوە پێشنیازی باوکت بوو، کە باسی بابەتەکە بکەین.»

«بەڵێ. گرەو دەکەم تۆ قایلت کرد.» کرێبز هەستاو لەناو جێگەکەیدا دانیشت.

دایکی گوتی: دێیتە خوارەوە بۆ بەرچایی، هارۆڵد؟

کرێبز گوتی: هەر کە جلەکانم لەبەر کرد.

دایکی لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوەو کرێبز گوێی لێ بوو دایکی شتێکی سوور دەکردەوە، کاتێک خۆی شوشت و ڕیشی تاشی و جلەکانی لەبەر کرد، بۆ ئەوەی بڕواتە خوارەوە بۆ بەرچایی، لە ژووری نان خواردن. کاتێک بەرچایی دەکرد خوشکەکەی پۆستەکەی هێنایە ژوورەوە.

گوتی: باشە، هار، سەری پیری خەواڵوو. بۆچی لە خەو هەستاوی؟

کرێبز تەماشای کرد. خۆشی دەویست. باشترین خوشکی بوو.

پرسیاری لێ کرد: ڕۆژنامەکەت هێنا؟

خوشکەکەی ڕۆژنامەی کەنساس سیتی ستاری دایە دەستی و کرێبز بەرگە قاوەییەکەی لێ دڕی و لاپەڕەی وەرزشی کردەوە. ڕۆژنامەکەی بە کراوەیی نوشتاندەوەو بە پاڵ دۆڵەکەی ئاوەکەوە دایناو قاپی سەوزەکەیشی خستە پاڵ بۆ ئەوەی لەگەڵ خواردنەکەدا بخوێنێتەوە.

«هارۆڵد،» دایکی لە دەرگای مەتبەخەکەدا وەستابوو، «هارۆڵد، تکایە ڕۆژنامەکە چرچ مەکە. باوکت ناتوانێت ڕۆژنامەکەی بخوێنێتەوە ئەگەر چرچ و لۆچ بێت.»

کرێبز گوتی: چرچی ناکەم.

خوشکەکەی لای مێزەکەوە دانیشتبوو و تەماشای دەکرد کاتێک دەیخوێندەوە.

خوشکەکەی گوتی: ئەم پاش نیوەڕۆیە لە قوتابخانە

یاری دەکەین. من تۆپ فڕێ دەدەم.
کرێبز گوتی: باشە. یاریزانی لاتەنیشتە کۆنەکە چۆنە؟
«من دەتوانم لە زۆربەی کوڕان باشتر تۆپ فڕێ بدەم. بە هەموویانم گوتووە، کە تۆ فێرت کردووم. کچەکانی تر زۆر باش نیین.»
کرێبز گوتی: بە ڕاست؟
بە هەموویان دەڵێم تۆ خۆشەویستی منی. تۆ خۆشەویستم نیت، هار؟
بەڵێ وایە.
ناکرێت براکەت بەڕاستی ببێتە خۆشەویستت تەنیا لەبەر ئەوەی براتە؟
نازانم.
بێگومان دەزانی. نەدەکرا تۆ خۆشەویستم بیت، هار، ئەگەر من گەورە بووایەم و تۆش بتویستایە؟
بێگومان. ئێستا تۆ کچی منیت.
بە ڕاست کچی تۆم؟
بە دڵنیاییەوە.
منت خۆش دەوێت؟
هـا؟
هەمیشە خۆشت دەوێم؟
بە دڵنیاییەوە.
دێیت و تەماشام بکەیت یاری دەکەم؟
پێ دەچێت.
ئۆو، هار، تۆ منت خۆش ناوێت. ئەگەر خۆشت بویستایەم دەهاتیت و تەماشای یارییەکەت دەکردم.
دایکی کرێبز لە مەتبەخەکەوە هاتە ژووری نانخواردنەکەوە. قاپێکی پێ بوو، کە دوو هێلکەی سوورەوەکراوی لەسەر بوو، هەندێک گۆشتی بەرازو پارچەیەک کێکیشی لەسەر بوو.
دایکی گوتی: هێلین خیرا بڕۆ دەرەوە. دەمەوێت قسە لەگەڵ هارۆڵد بکەم.
هێلکەکان و گۆشتەکەی لە بەردەمی دانـاو دۆلەکەیەک شیرەی قامیشی شەکری هێنا بۆ ئەوەی بیکات بەسەر کێکەکەدا.
پاشان لەسەر مێزەکە، بەرانبەر کرێبز دانیشت.
هیوادارم بۆ خولەکێک ڕۆژنامەکە دابنێیت، هارۆڵد.
کرێبز ڕۆژنامەکەی دانـاو نووشتاندییەوە.
دایکی چاویلکەکەی لە چاو داکەندو گوتی: تا ئێستا بڕیارت داوە چی دەکەیت، هارۆڵد؟
«نەخێر.» کرێبز گوتی.
«پێت وا نییە ئیتر کاتێتی؟» دایکی ئەمەی بە شێوەیەکی ئاسایی نەگوت، بەڵکو نیگەران دیار بوو.
کرێبز گوتی: بیرم لێ نەکردووەتەوە.
دایکی گوتی: خودا بۆ هەر مرۆڤێک کارێکی دیاری کردووە ئەنجامی بدات. نابێت دەستی بێ کار لە مەملەکەتەکەیداهەبێت.
کرێبز گوتی: من لە مەملەکەتەکەیدا نیم.
ئێمە هەمووومان لە مەملەکەتەکەی داین.
کرێبز وەک هەمیشە هەستی بە شپرزەیی و وەڕسی دەکرد.
دایکی بەردەوام بوو: «من زۆر نیگەرانی تۆ بوومە، هارۆڵد. دەزانم بە چ مەینەتییەکدا تێپەڕیویت. دەزانم

پیاوان چەند لاوازن. دەزانم باپیرەی خۆت و باوکی خۆم چییان بۆ باس کردووین دەربارەی جەنگی ناوخۆ، زۆریش نزام بۆ کردوویت. بە درێژایی ڕۆژ نزات بۆ دەکەم، هارۆڵد.»

کرێبز تەماشای کرد، چەوریی گۆشتەکە لەسەر قاپەکەی وشک دەبوو.

دایکی هەر بەردەوام بوو: «باوکیشت نیگەرانە. پێی وایە ئاواتت لە دەست داوەو هیچ ئامانجێکت لەژیاندا نەماوە. چارلی سیمۆنز، کە هەر لە تەمەنی تۆدایە ئیشێکی باشی هەیەو وا هاوسەرگیرییش دەکات. کوڕان هەموو جێگیر دەبن، هەموویان سوورن لەسەر ئەوەی بگەن بە شتێک، دەتوانیت ببینیت، کوڕانی وەکو چارلی سیمۆنز بە ڕێگەوەن تا ببنە جێی باوەڕی کۆمەڵگە.»

کرێبز هیچی نەگوت.

دایکی گوتی: بەو شێوەیە تەماشام مەکە، هارۆڵد. دەزانیت ئێمە خۆشمان دەوێیت و منیش بۆ سوودی تۆ دەمەوێت پێت بڵێم شتەکان چۆنن. باوکت نایەوێت ئازادییت سنوردار بکات. پێی وایە دەبێت تۆ ڕێگەت بدرێت ئۆتۆمبێلەکە لێ بخوڕیت. ئەگەر بتەوێت هەندێک لە کچە جوانەکان لەگەڵ خۆت ببەیتە دەرەوە، ئێمە هەر زۆر خۆشحاڵ دەبین. ئێمە دەمانەوێت خۆشحاڵ بیت، بەڵام دەبێت خۆت لەسەر کارێک جێگیر بکەیت، هارۆڵد. باوکت بەلایەوە گرنگ نییە بە چ کارێک دەست پێ دەکەیت. وەک ئەو دەڵێت، هەموو کارێک جێگەی ڕێزە، بەڵام دەبێت تۆ بە شتێک دەست پێ بکەیت. داوای لێ کردم ئەم بەیانییە قسەت لەگەڵ بکەم و پاشان دەتوانیت لە نووسینگەکەی سەرێکی لێ بدەیت.

کرێبز گوتی: ئەوە هەمووو شتێک بوو؟

بەڵێ. تۆ دایکی خۆت خۆش ناوێت، کوڕە ئازیزەکەم؟

کرێبز گوتی: نەخێر.

دایکی لەوسەری مێزەکەوە تەماشای کرد. چاوەکانی دەدرەوشانەوە. دەستی کرد بە گریان.

کرێبز گوتی: هیچ کەسێکم خۆش ناوێت.

ئەوە هیچ سوودی نەبوو. نەیدەتوانی پێی بڵێت، نەیدەتوانی ڕێگەی بدات وەک خۆی ببینێت. ئەوەی کە گوتی گەمژانە بوو. تەنیا ئازاری دابوو. لێی نزیک بووەوەو مەچەکی گرت. دایکی دەگریاو دەموچاوی خستبووە ناو دەستییەوە.

کرێبز گوتی: مەبەستم ئەوە نەبوو. تەنیا لە شتێک توڕە بووم. مەبەستم ئەوە نەبوو، کە خۆشم ناوێیت.

دایکی هەر دەگریا. کرێبز دەستی خستە سەر شانی.

ناتوانیت باوەڕم پێ بکەیت، دایکە؟

دایکی سەری ڕاوەشاند.

تکایە، تکایە، دایکە. تکایە باوەڕم پێ بکە.

دایکی بە دەنگێکی نوساوەوە گوتی: «باشە.» سەری هەڵبڕی و تەماشای کرد.

باوەڕت پێ دەکەم، هارۆڵد.

کرێبز قژی ماچ کرد. دایکی سەری هەڵبڕی.

گوتی: من دایکتم. بە تەنیشت دڵمەوە هەڵم گرتوویت، کاتێک کۆرپەیەکی بچکۆلانە بوویت.

Ernest Miller Hemingway

کرێبز هەستی بە سەرەگێژی و هێڵنجدانێکی نادیار دەکرد.

گوتی: دەزانم، دایکە. هەوڵ دەدەم و دەبمە کوڕێکی باش بۆت.

دایکی پرسیاری کرد: دەچیتە سەر ئەژنۆ و لەگەڵمدا نزا بکەیت، هارۆڵد؟

بە تەنیشت مێزی ژووری نانخواردنەکەوە کەوتنە سەر ئەژنۆ و دایکی نزای کرد.

گوتی: ئێستا تۆ نزا بکە، هارۆڵد.

کرێبز گوتی: ناتوانم.

هەوڵ بدە، هارۆڵد.

ناتوانم.

دەتەوێت لەبری تۆ نزا بکەم؟

بەڵێ.

دایکی لەبری ئەو نزای کردو ئینجا هەستانە سەر پێ و کرێبز دایکی ماچ کردو لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە.

هەوڵی دابوو نەهێڵێت ژیانی ئاڵۆز بێت. هێشتا هیچ ئاڵۆزییەکی پێ نەگەیشتبوو. زۆر بە داخ بوو بۆ دایکی و ئەو وای لێ کرد درۆ بکات. دەڕوات بۆ شاری کەنساس و ئیشێک دەدۆزێتەوەو دایکیشی لێی دڵنیا دەبێتەوە. ڕەنگە پێش ئەوەی بڕوات هەرایەکی تر بنێتەوە. ناڕوات بۆ نووسینگەکەی باوکی. ئەوەیان ناکات. دەیویست ژیانی بەسانایی بڕوات. ئێستا بەو شێوەیە دەڕۆیشت. باشە، بەهەرحاڵ، ئەوە کۆتایی پێ هاتبوو. دەڕۆیشت بۆ قوتابخانەو بۆ تەماشاکردنی هێلین، کە یاری بەیسبۆڵ دەکات.



درەنگ وەخت

نوسینی: ئێرنست هێمنگوەی

لە ئینگلیزییەوە: سەیوان محەمەد

بە درێژایی کات تەماشاکەران هاواریان دەکردو پارچە نانیان فڕێ دەدایە خوارەوە بۆ ناو گۆڕەپانی گابازییەکە، ئینجا ئیسفەنجەکانی ژێریان و مەتارەی چەرم و بەردەوامیش بوون لە فیکەکێشان و هاوارکردن. لەکۆتاییدا (گا)کە زۆر بێ هێز بوو لەو هەموو ڕم پیاچەقاندنەو کەوتە سەر ئەژنـۆو کەوت، یەکێک لە چوار گابازەکە لەلای ملی گاکەوە دانەوییەوە، بە چەقۆیەک کوشتی. تەماشاکەران بەسەر بەربەستەکەدا هاتن و چواردەوری گابازەکەیان دا و دوو پیاو گرتیان و یەکێکی تر پەلکەکەی بڕی بە دەستی ڕای دەوەشاند، منداڵێک لە دەستی ڕفاندو ڕای کرد. دواتر لە قاوەخانەکە بینیم. باڵای زۆر کورت و ڕووخساری کەمێک ڕەش بوو، بە تەواوی سەرخۆش بوو و گوتی: دواجار، شتی وا پێشتریش ڕووی داوە. لەڕاستیدا من گابازێکی باش نیم!

بەو چوار لیرەی کە پێدوزی بە دەستی هینابوو لە بێڵتەپکردنی باخچەی هوتێلەکە، تەواو خۆی سەرخۆش کرد. بینی خانەدانە گەنجەکە لەڕێگەکەوە دێت و بە ناڕوونی قسەی لەگەڵ کرد. خانەدانەکە گوتی، نانی نەخواردووە، بەڵام ئامادەیە بڕوات

هەر کە نانی نیوەڕۆ تەواو بوو. چل خولەک یان کاتژمێرێک.

لە باڕی نزیک پردەکە، سێ پەرداخی تر شەرابی گراپایان پێ دا، چونکە هێندە لە خۆی دڵنیا بوو و هەستێکی نادیاری هەبوو، دەربارەی کارەکەی

پاش نیوەڕۆی. ڕۆژێکی با بوو و خۆر لە پشت هەورەکانەوە دەهاتە دەرەوەو پاشان لەژێر لێزمەی باراندا دیار نەدەما. ڕۆژێکی نایاب بوو بۆ ڕاوی ماسی تروتە.

خانەدانە گەنجەکە لە هوتێلەکە هاتە دەرەوەو لەبارەی قولابەکانەوە پرسیاری لێ کرد. دەکرێت ژنەکەی بە تولّی قولابەکانەوە دوایان بکەوێت؟ پیدۆزی گوتی: بەڵێ، با دوامان دەکەوێت.

خانەدانە گەنجەکە گەڕایەوە بۆ هوتێلەکەو قسەی لەگەڵ ژنەکەی کرد. خۆی و پێدوزی بە ڕێ کەوتن. خانەدانە گەنجەکە جانتایەکی بچووکی بە شانەوە بوو. پێدوزی ژنی خانەدانەکەی بینی، کە هەر وەکو خانەدانەکە گەنج بوو و جووتێک پووتی سەرچیای لە پێ کردبوو و بێرییەکی شینی لەسەر نابوو، بە دوایاندا بە ڕێ کەوت و تولّی قولابەکانی هەڵگرتبوو، بەیەکەوە نەبسترابوون، هەر یەکەو بە دەستێکییەوە بوو. پێدوزی پێی خۆش نەبوو هێندە لەدوایانەوە بێت. بانگی کرد: «خانمە بچکۆلە،» چاوێکی لە خانەدانە گەنجەکە داگرت، «وەرەو لەگەڵ ئێمە ڕێ بکە. وەرە بۆ ئێرە خانم. با پێکەوە بڕۆین.» پێدوزی دەیویست هەرسێکیان پێکەوە بە شەقامی کۆرتینادا بڕۆن.

ژنەکە لە دوایانەوە مایەوە، بە ڕوویەکی گرژو مۆنەوە دوایان کەوتبوو. پێدوزی بە نەرمی بانگی کرد: «خانمە بچکۆلە، وەرە لەگەڵمان ڕێ بکە.» خانەدانە گەنجەکە ئاوڕی دایەوەو بەسەریدا قیڕاندی. ژنەکەی چیتر لەدواوە خاوەخاوی نەدەکردو پێیان گەیشت.

لە کاتی ڕۆیشتنیان بە شەقامە سەرەکییەکەی شارۆچکەکەدا چاویان بەهەر کەسێک دەکەوت پێدوزی بە ماریفەتێکی زۆرەوە سڵاوی لێ دەکرد. دەستێکی لە کڵاوەکەی دەدا «ڕۆژباش ئارتۆرۆ!» فەرمانبەری بانکەکە لە دەرگای قاوەخانەی فاشیستەکانەوە چاوی تێ بڕیبوون. خەڵکی بە کۆمەڵی و سێ و چوار کەسی، کە لەبەردەم دووکانەکاندا وەستابوون چاویان بڕیبووە هەرسێکیان. کرێکارەکە بە جلە سپیبووەکانیان بە تۆزی بەردەکان، کە کاریان لە بناغەی هوتێلێکی نوێدا دەکرد، تەماشایان دەکردن کاتێک تێ دەپەڕین. هیچ کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردن و ئاماژەیەکی پێ نەدەدان جگە لە دەرۆزەکەرەکەی شار، کۆم و پیر، بە ڕیشێکی پڕی لیکاوییەوە، کە کڵاوەکەی لەسەری بەرزکردەوە کاتێک بەلایدا تێ پەڕین.

پێدوزی لە پێش کۆگایەکدا وەستا، کە پەنجەرەکەی پڕ بوو لە بوتڵ و لە گیرفانێکی ناوەوەی چاکەتە سەربازییە کۆنەکەی بوتڵە گراپا بەتاڵەکەی دەرهێنا. «کەمێک بهێنین بۆ خواردنەوە، کەمێک مارسالا بۆ خانمەکە، شتێک، شتێک بۆ خواردنەوە.» ئاماژەی بە بوتڵەکەی دەکرد. ڕۆژێکی خۆش بوو. «مارسالا، حەزت لە مارسالایە، خانمە بچکۆلە؟ کەمێک مارسالا؟»

ژنەکە بە گرژو مۆنی وەستابوو. گوتی: دەبێت شەرحێکی حاڵی ئەمەم بۆ بکەیت، ناتوانم لە

وشەیەکی تێ بگەم. سەرخۆشە، وا نییە؟
خانەدانە گەنجەکە وا دیار بوو گوێی لە پێدوزی نەبێت. ئەو بیری دەکردەوە، چ نەفرەتییەک وای لێ دەکات بڵێت مارسالا؟ ماکس بیربۆم-یش ئەوە دەخواتەوە.
دواجار پێدوزی مەچەکی خانەدانە گەنجەکەی گرت و گوتی: پارە، لیرە.
بزەیەکی کرد، پێی خۆش نەبوو جەخت لەسەر بابەتەکە بکاتەوە، بەڵام پێویست بوو خانەدانە گەنجەکە بهێنێتە جوڵە.
خانەدانە گەنجەکە جزدانەکەی لە گیرفانی دەرهێناو دە لیرەییەکی پێ دا. پێدوزی بە پلەکانی بەر دەرگای دووکانی تایبەتمەند لە شەرابی ناوخۆیی و دەرەکیدا ڕۆیشتە سەرەوە. دووکانەکە داخرابوو.
کەسێک بە شەقامەکەدا تێ دەپەڕی، بەقێزەوە گوتی: تا کاتژمێر دوو ناکرێتەوە.
پێدوزی لە پلەکان هاتە خوارەوە. هەستی بە برینداری دەکرد. گوتی: گوێی مەدەرێ، دەتوانین لە کۆنکۆردیا دەستمان بکەوێت.
هەرسێکیان بە تەنیشت یەکەوە بە ڕێگەکەدا بەرەو کۆنکۆردیا دەڕۆیشتن. لەبەر هەیوانی دووکانەکەی کۆنکۆردیا، کە تەختی خلیسکێنەکانی تێ تەپێنێرابوون، خانەدانە گەنجەکە گوتی: چیت دەوێت؟
پێدوزی دە لیرەییەکەی پێ دایەوە، کە چەندین جار نوشتاندبوویەوە. شەرم دایگرتبوو و گوتی: هیچ شتێک، هەر شتێک. مارسالا، پێ دەچێت. نازانم. مارسالا؟
دەرگای کۆنکۆردیا بەدوای خانەدانە گەنجەکەو ژنەکەیدا داخرا. خانەدانە گەنجەکە بە کچی پشت مێزی هەویرەمەنییەکانی گوت: سێ مارسالا.
کچەکە پرسیاری کرد: مەبەستت دووانە؟ گوتی: نەخێر، یەکێکیش بۆ پیرەمێردەکە. کچەکە گوتی: ئا، پیرەمێردەکەش. پێ کەنی و بوتڵەکەی داگرت. سێ پەرداخەکەی پڕ کرد بە شەرابێکی ڕەنگ قوڕاوی. ژنەکە لەسەر مێزێک دانیشتبوو لەژێر ڕیزێک ڕۆژنامە، کە بەدارەوە هەڵواسرابوون. خانەدانە گەنجەکە یەکێک لە مارسالاکانی خستە بەردەمی.
گوتی: تۆیش دەتوانیت بیخۆیتەوە، ڕەنگە وا بکات هەستت باشتر بێت.
ژنەکە دانیشت و تەماشای پەرداخەکەی کرد. خانەدانە گەنجەکەیش ڕۆیشتە دەرەوە بە پەرداخێکەوە بۆ پێدوزی، بەڵام لە دەرەوە نەیبینی.
بە پەرداخەکەی دەستییەوە گەڕایەوە بۆ ناو ژوورەکەو گوتی: نازانم لە کوێیە؟
ژنەکەی گوتی: داوای چارەکێکی کرد.
خانەدانە گەنجەکە پرسیاری لە کچەکە کرد: چارەکێک بە چەندە؟
شەرابی سپی؟ لیرەیەکە.
گوتی: نا، چارەکێک مارسالا. ئەم دووانەش تێکەڵاو بکە.
پەرداخەکەی خۆی و ئەوەیش، کە بۆ پێدوزی تێ

کرابوو دای بە کچەکە. کچەکە چارەکە لیترێک شەرابی بە ڕەحەتی تێ کرد.

خانەدانە گەنجەکە گوتی: بوتڵێک، با تێی بکەین.

ڕۆیشت بوتڵێکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەمانە هەموو خۆشحاڵیان کردبوو.

گوتی: داوای لێ بوردن دەکەم، کە هێندە پەستیت، بچکۆلەکەم. ببورە لە کاتی نانخواردندا بەو جۆرە قسەم کرد. ئێمە هەردووکمان هەر هەمان مەبەستمان هەبوو، بەڵام لە گۆشەنیگای جیاوازەوە.

گوتی: هیچ جیاوازیی نییە. هیچ شتێک لەوانە جیاوازییەک دروست ناکات.

پرسیاری لێ کرد: زۆر سەرماتە؟ خۆزگە فانیلەیەکی ترت لەبەر دەکرد.

سێ فانیلەم لەبەردایە.

کچەکە بە بوتڵێکی زۆر باریکی قاوەییەوە گەڕایەوەو مارسالاکەی تێ کرد. خانەدانە گەنجەکە پێنج لیرەی تری پێ دا. لە دەرگاکە ڕۆیشتنە دەرەوە. کچەکە زۆر دڵخۆش بوو. پێدوزی لەوسەری ڕێگەکەوە دوور لە با، کە دەهات و دەچوو و توڵی قولابەکانی هەڵگرتبوو.

گوتی: وەرن، من توڵی قولابەکان هەڵدەگرم. چ جیاوازییەکی هەیە ئەگەر خەڵکیش ببینن؟ هیچ کەس کێشەمان بۆ دروست ناکات. کەس نییە لە کۆرتینا کێشەم بۆ دروست بکات. من لە شارەوانی دەیانناسم. جاران سەرباز بووم. هەموو کەس لەم شارەدا خۆشیان دەوێم. من بۆق دەفرۆشم. چی دەبێت ئەگەر ماسی گرتن قەدەغە بکرێت؟ هیچ نابێت. هیچ شتێک. هیچ کێشەیەک نابێت. پێتان دەڵێم، ماسی تروتەی گەورەی زۆری لێیە.

بە گردەکەدا بۆ خوارەوە بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشتن. شارۆچکەکە لەدوایانەوە بوو. خۆر کەوتبووە ژێر هەورەکان و باران دەباری. پێدوزی ئاماژەی بۆ کچێک کرد لەبەر دەرگای ئەوماڵەی بەلایدا تێ پەڕین و گوتی: ئەوە کچەکەمە.

ژنەکە گوتی: دکتۆرەکەی، پێویست دەکات دکتۆرەکەیمان پیشان بدات؟

خانەدانە گەنجەکە گوتی: دەڵێت کچەکەم.

کاتێک پێدوزی ئاماژەی کرد، کچەکەی چووە ماڵەوە. لە گردەکەوە بەناو کێڵگەکاندا چوونە خوارەوەو ئینجا بە کەناری ڕووبارەکەدا ڕۆیشتن. پێدوزی بە خێرایی قسەی دەکرد بە چاوداگرتن و زانینی زۆرەوە. کاتێک هەرسێکیان بە تەنیشت یەکەوە دەڕۆیشتن، ژنەکە بە ڕووی باکەدا هەناسەی خۆی گرتبوو. جارێک ژەندی بە پەراسوویەوە. جارجار بە شێوەزاری ئەمپێزۆ و هەندێ جاریش بە شێوەزاری تایرۆلەری ئەڵمانی قسەی بۆ دەکردن. نەیدەزانی خانەدانە گەنجەکەو ژنەکەی کام یەک بە باشی تێ دەگەن، بۆیە بەو دوو زمانە قسەی دەکرد، بەڵام کاتێک خانەدانە گەنجەکە گوتی: بەڵێ، بەڵێ... پێدوزی بڕیاری دا هەر بە تایرۆلەر قسە بکات. خانەدانە گەنجەکەو ژنەکەی لە هیچ تێ نەدەگەیشتن.

«هەموو کەس لە شارۆچکەکە بینیمانی کاتێک بەو تولانەوە تێ پەڕین. ڕەنگە پۆلیسی ڕاو شوێنمان کەوتبن. هیوادارم نەکەوینە ئەو گەمە نەفرەتییەوە. ئەم پیرە شێتە نەفرەتییەش زۆر سەرخۆشە.»

ژنەکەی گوتی: بێگومان هێندە بوێر نیت بگەڕێینەوە. بێگومان دەبێت بەردەوام بیت.

بۆچی تۆ ناگەڕێیتەوە؟ بگەڕێوە، بچکۆلەکەم.

من لەگەڵ تۆدا دەمێنمەوە. ئەگەر تۆ بخرێیتە زیندانەوە با ئێمەش هەردووکمان لەگەڵت بین.

بەلای کەنارەکەدا دابەزینە خوارەوەو پێدوزی وەستا، لەبەر (با)کە قەمسەڵەکەی دەشەکایەوە، ئاماژەی بە ڕووبارەکە دەکرد. ڕەنگ قاوەیی و قوڕاوی بوو. لە دوورەوە لای چەپیانەوە کۆمەڵێک خاشاک هەڵدرابووەوە.

خانەدانە گەنجەکە گوتی: بە ئیتاڵی پێم بڵێ.

نیو کاتژمێر. تەنیا نیو کاتژمێر.

دەڵێت لانیکەم نیو کاتژمێژی ماوە. بڕۆرەوە، بچکۆلەکەم. هەرچییەک بێت بەم بـایە سەرمات دەبێت. ڕۆژێکی ناخۆشەو بەهەرحاڵ، هیچ خۆشییەکی لێ نابینین.

گوتی: «باشـە.» بەسەر کەنارە بە گیا داپۆشراوەکەدا سەرکەوتەوە.

پێدوزی لە خوارەوە لای ڕووبارەکە بوو، تێبینی ڕۆیشتنی نەکرد، هەتا خەریک بوو بەتەواوی لە ملەکەوە لە چاو ون دەبوو. «خانـم!» هاواری کرد. «خانـم! خانمە بچکۆلە! ناڕۆیت.»

بەڵام ئەو لە ملەی گردەکە تێ پەڕی.

پێدوزی گوتی: «ڕۆیشت!» ئەوە تۆقاندبووی.

لاستیکەکانی دەرهێنا، کە پارچەکانی تولەکەی پێکەوە دەبەست و دەستی کرد بە بە بەستنی یەکێک لە تولەکان.

بەڵام تۆ گوتت نیو کاتژمێری ماوە.

ئا، بەڵێ. لە دووری نیو کاتژمێرەوە شوێنێکی باشە. ئێرەش باشە.

بە ڕاستی؟

بێگومان. ئێرە باشەو ئەوێیش باشە.

خانەدانە گەنجەکە لەسەر کەنارەکە دانیشت و تولەکەی پێکەوە بەست و بەکرەو دەزووەکەی لێ بەست. هەستی بە نائاسودەیی دەکردو دەترسا لەهەر ساتێکدا پۆلیسی ڕاو یان کۆمەڵێک هاووڵاتی، کە گرنگی بە ئاسایش دەدەن لە بەری شارۆچکەکەوە بێن. ماڵەکانی شارۆچکەکەو تاوەری زەنگەکانی لەسەر گردەکەوە لێوە دیار بوو. سنوقی هەویرە گۆشتەکانی کردەوە. پێدوزی داچەمییەوەو پەنجەکەڵە پانەکەی و پەنجەی دۆشاومژەی تێ نـا و هەویرەکەی کەمێک شێلا.

کەمێک قوڕقوشمت لایە؟

نەخێر.

پێدوزی وورووژابوو. گوتی: دەبێت هەندێک قوڕقوشمت لا بێت. دەبێت قوڕقوشمت لا بێت. قوڕقوشم. کەمێک قوڕقوشم. ئا لێرەدا، ڕێک لەسەر قولابەکە، ئەگینا هەویرەگۆشتەکەت دەکەوێتە سەر

ئاوەکە. دەبێت پێت بێت. هەر کەمێک قوڕقوشم.
ئەی تۆ پێتە؟
«نەخێر.» بێ هوودە بە گیرفانەکانیدا دەگەڕا. بە قوماشە کەتانە پیسەکەی گیرفانە سەربازییەکانی ناوەوەیدا دەگەڕا. «من هیچم پێ نییە. دەبێت قوڕقوشممان هەبێت.»
خانەدانە گەنجەکە، گوتی: «کەواتە ناتوانین ڕاوەماسی بکەین.» دەستی کرد بە لێکترازاندنی تولەکەو هەڵپێچانەوەی دەزووەکە. «بەیانی هەندێک قوڕقوشم دەهێنین و ڕاوەماسی دەکەین.» بەڵام گوێ بگرە، ئازیزم، دەبێت قوڕقوشمت پێ بێت. ئەگینا دەزووەکە سەر ئاوەکە دەکەوێت.
ڕۆژی پێدوزی لەپێش چاویدا هەرەسی دەهێنا. «دەبێت قوڕقوشمت پێ بێت. کەمێکمان بەسە. کەرەستەکانت هەموو خاوێن و تازەن، بەڵام قوڕقوشمت پێ نییە. من خۆم دەمهێنا. تۆ گوتت هەموو شتێکم هێناوە.»
خانەدانە گەنجەکە تەماشای چەمەکەی کرد، کە بە هۆی بەفرە تواوەکەوە بێ ڕەنگ ببوو. گوتی: دەزانم، بەیانی هەندێک قوڕقوشم دەهێنین و ڕاوەماسی دەکەین.
لە کاتژمێر چەندی بەیانی؟ پێم بڵێ.
لە حەوت.
خۆرەکە هەڵهاتبوو. دنیا گەرم و خۆش بوو. خانەدانە گەنجەکە هەستی بە ئارامی دەکرد. چیتر خەریکی یاساشکێنی نەدەبوو. لە کەناری ڕووبارەکە دانیشتبوو و بوتڵە مارسالاکەی لە گیرفانی دەرهێناو دایە پێدوزی. پێدوزی بۆی گەڕاندەوە. خانەدانە گەنجەکە قومێکی لێ داو ڕادەستی پێدوزیی کردەوە. دیسانەوە پێدوزییش گەڕاندییەوە. گوتی: بخۆرەوە. بخۆرەوە، ئەوە مارسالای خۆتە.
پاش قومێکی کورتی تر، خانەدانە گەنجەکە بوتڵەکەی دایەوە دەستی. پێدوزی لەنزیکەوە تەماشای دەکرد. زۆر بە خێرایی بوتڵەکەی وەرگرت و بەرزی کردەوە. قژە ماش و برنجییەکەی لۆچەکانی ملی دەلەرینەوە، کاتێک دەیخواردەوە، چاوی بڕیبووە بنی بوتڵە قاوەییە باریکەکە. هەمووی خواردەوە. خۆر دەدرەوشایەوە کاتێک دەیخواردەوە. زۆر خۆش بوو. دواجار ئەمە ڕۆژێکی خۆش بوو. ڕۆژێکی نایاب.
«گوێ بگرە، ئازیزم! لە کاتژمێر حەوتی بەیانی.» چەند جارێک خانەدانە گەنجەکەی بە ئازیز بانگ کردبوو و هیچ شتێکیش ڕووی نەدابوو. مارسالایەکی باش بوو. چاوەکانی دەدرەوشانەوە. ڕۆژی تری وەک ئەوڕۆی لە پێشە. لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە دەست پێ دەکات.
سەر کەوتن بۆ سەر گردەکەو بەرەو شار گەڕانەوە. خانەدانە گەنجەکە لەپێشەوە دەڕۆیشت. مەودایەکی درێژ لەسەر گردەکە پێشی کەوتبوو. پێدوزی بانگی کرد.
گوێ بگرە، ئازیزم، دەتوانیت پێنج لیرەم بدەیتێ بۆ کارێک؟
خانەدانە گەنجەکە بە توڕەییەوە گوتی: بۆ ئەمڕۆ؟

Ernest Miller Hemingway

نا، نەک بۆ ئەمڕۆ. بۆ بەیانی بمدەرێ. بۆ بەیانی هەموو شتێک ئامادە دەکەم. نان و سجوق و پەنیرو هەموو شتێکی باش بۆ هەموومان. تۆ و من و خانمەکە. هەویرە گۆشت، وردە ماسی، نەک تەنیا کرم. ڕەنگە بتوانم کەمێک مارسالاش بهێنم. هەمووی بە پێنج لیرە. پێنج لیرە بۆ ئەو کارە.

خانەدانە گەنجەکە تەماشای ناو جزدانەکەی کردو دوو لیرەییەک و دوو یەک لیرەیی دەرهێنا.

پیدوزی بە دەنگێک، کە لە دەنگی ئەندامێکی یانەی کارێڵتۆن بوو، لە کاتی وەرگرتنی ڕۆژنامەی مۆرنینگ پۆست لە ئەندامێکی تر، گوتی: «سوپاس، ئازیزم. سوپاس.» ئەوە گوزەرانی بوو. لە کاری باخچەی هوتێلەکەو شیکردنەوەی پەیینەکە، کە بە درکی تەپاڵە ڕەق ببوو، لێ بووەوە. ژیان باوەشی بۆ کردبووەوە.

گوتی: «ماڵئاوا، هەتا کاتژمێر حەوت، ئازیزم.» دای بە پشتی خانەدانە گەنجەکەدا، «ڕێک لە کاتژمێر حەوت.»

خانەدانەکە جزدانەکەی خستەوە گیرفانی و گوتی: «پێ ناچێت من بێم.»

پیدوزی گوتی: چی؟ من وردە ماسی دەهێنم، بەڕێز. سجوق، هەموو شتێک. تۆ و من و خانم. هەرسێکمان.

خانەدانە گەنجەکە، گوتی: پێ ناچێت من بێم، ئەگەری زۆرە نەیەم. نامەیەک لای خاوەنی هوتێلەکە دادەنێم، لە نووسینگەی هوتێلەکە.

بەڕێز ئیلیۆت
و
خانم ئیلیۆت

یەکەم گاباز شاخی گاکە لە دەسکی شمشێرەکەی گیر بوو و هاندەران بە هاوارکردن کردیانە دەرەوە. گابازی دووەم پێی خلیسکا و گاکە قۆچی لە ورگی دا و ئەویش بە دەستێکی خۆی بە شاخی گاکەوە هەڵواسی و دەستەکەی تری گرت بە شوێنی لێدانەکەوە، گاکە بە توندی دەیکێشا بە دیوارەکەدا و شاخەکەی لە دەست دەرهێنا و گابازەکە کەوتە سەر لمەکە، ئینجا وەک سەرخۆشێکی شێت هەستا و هەوڵیدا بدات لەو پیاوانەی هەڵیاندەگرت بۆ دەرەوە و هاواری کرد بۆ شمشێرەکەی، بەڵام لە هۆش خۆی چوو. کوڕەکە هاتە ژوورەوە و دەبوو پێنج گا بکوژێت، چونکە لە سێ گاباز پتر ڕێگەی نەدەدرا، کە گەیشتە دواهەمین گا هێندە ماندوو بوو ئەستەم بوو بتوانێت شمشێرەکەی پیا بکات. بە ئەستەم دەیتوانی دەستی بەرز بکاتەوە. پێنج جار هەوڵی دا و تەماشاکەرانیش بێدەنگ بوون چونکە گایەکی باش بوو و زۆر لەو دەچوو و ئەویش لە گاکە دەچوو و ئینجا دواجار ئەنجامی دا. لەسەر لمەکە دانیشت و ڕشایەوە پاشان عەبایەکیان دا بەسەریدا لە کاتێکدا تەماشاکەران دەیانقیژاند و شتیان فڕێ دەدایە ناو گۆڕەپانی گابازییەکەوە.



نوسینی: ئێرنست هێمنگوەی

لە ئینگلیزییەوە: سەیوان محەمەد

بەڕێز ئیلیۆت و خانم ئیلیۆت زۆر هەوڵیاندەدا منداڵیان ببێت. هێندەی خانم ئیلیۆت بەرگەی بگرێت هەوڵیاندا. لە بۆستن هەڵیاندا دوای ئەوەی هاوسەرگیریان کردبوو لە گەڕانەوەشیاندا لەسەر کەشتییەکە هەوڵیاندا بوو. لەسەر کەشتییەکە زۆر هەوڵیان نەدابوو چونکە خانم ئیلیۆت نەخۆش بوو. کاتێکیش نەخۆش بووایە بەو جۆرەی ژنانی باشوور نەخۆشن نەخۆش دەبوو. مەبەستم لە هەموو ژنانی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانە. وەک هەموو ژنانی باشوور خانم ئیلیۆت زۆر بە خێرایی تێکدەچوو لەژێر کاریگەری سەرەگێژەی ناو ئاو و گەشت کردن بە شەو و بەیانیان زوو لە خەوهەستاندا. زۆرێک لەسەر کەشتییەکە وا تێگەیشتن دایکی ئیلیۆتە. ئەوانی تر کە دەیانزانی هاوسەرن باوەڕیان وا بوو منداڵی دەبێت. لە ڕاستیدا تەمەنی چل ساڵ بوو. تەمەنی لەپڕ لە ڕوخساری دیاری دابوو کاتێک دەستی کرد بە گەشت کردن.

زۆر گەنجتر دیار بوو، لە ڕاستیدا وا دەردەکەوت وەک ئەوەی هەر تەمەنێکی نەبێت پێی بناسرێتەوە کاتێک ئیلیۆت هاوسەرگیریی لەگەڵ کردبوو پاش چەندین هەفتەیش خەوتن لەگەڵیدا، پاش ناسینی بۆ ماوەیەکی درێژ لە دوکانی چا فرۆشتنەکەیدا پێش ئەوەی ئەوەی ئێوارەیەک ماچی بکات.

هیوبەرت ئیلیۆت لە خوێندنی باڵا لە هارڤەرد لە بواری یاسادا کاری دەکرد، کاتێک هاوسەرگیریی کرد. شاعیرێك بوو بە داهاتی ساڵانەی دە هەزار دۆلارەوە.

شیعری زۆر درێژی دەنوسی زۆر بە خێرایی. تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو و هەرگیز لەگەڵ ژنێکدا نەخەوتبوو هەتا لەگەڵ خانم ئیلیۆت هاوسەرگیریی کرد. دەیویست بە پاکیزەیی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی هەمان پاکیزەییی جەستە و ڕۆح بۆ ژنەکەی بهێنێت کە لێی چاوەڕوان بوو. ئەمەی بە ژیانی ڕاستگۆیانە بۆ خۆی ناوزەد دەکرد. پێش ئەوەی ماچی خانم ئیلیۆت بکات چەندین کچی خۆش ویستبوو و هەمیشەیش زوو یان درەنگ پێی دەگوتن کە ئەو ژیانێکی پاک ژیاوە. هەموو کچەکان بایەخیان بۆی نەدەما. لە ڕاستیدا ئیلیۆت تووشی شۆک و تۆقین دەبوو بە بینینی ئەو شێوازەی کچان مارەبڕین و هاوسەرگیرییان دەکرد لەگەڵ پیاوگەلێکدا کە دەبێت زانیبێتیان خۆیان لە چ قوڕاوێکدا گەوزاندبوو. جارێکیان ویستی کچێك ئاگاربکاتەوە لە پیاوێک کە هەموو بەڵگەیەکی لەسەر هەبوو کە لە کۆلێژ چەند بۆگەن بووە و هۆکاری ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بووە.

خانم ئیلیۆت ناوی کۆرنێلیا بوو. ئیلیۆتی فێرکردبوو بە کالوتینا بانگی بکات، کە نازناوی خانەوادەکەی بوو لە باشوور. دایکی زۆر گریا کاتێک کۆرنێلیای هێنابووەوە بۆ ماڵەوە لە پاش هاوسەرگیرییان بەڵام دواتر گەشایەوە کە زانی لە دەرەوەی وڵات دەژین.

کۆرنێلیا گوتبووی «کوڕە ئازیزە شیرینەکە،» زیاد لە هەمیشە توند بە خۆیەوە نوساندبووی کاتێک ئیلیۆت پێی گوتبوو کە چۆن پاکیزەیی خۆی پاراستووە بۆی. کۆرنێلیایش پاکیزە بوو. کۆرنیلیا گوتی «ماچێکی ترم

بکە بەو شێوەیە.»
هیوبەرت بۆی باس کرد کە ئەو شێوازی ماچ کردنە لە چیرۆکێکەوە فێربووە کە هاوڕێیەکی بۆی گێڕابووەوە. زۆر خۆشحاڵ بوو بە ئەزموونەکەی و هەتا توانیان گەشەیان پێ دا. هەندێجار کاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر ماچیان دەکرد، کۆرنێلیا داوای لێ دەکرد جارێکی تر پێی بڵێت کە بە ڕاستی خۆی پاراستووە بۆی. هەمیشە ئەو قسەیە خۆشحاڵی دەکرد.
سەرەتا هیوبەرت هیچ بیرۆکەی هاسەرگیریی لەگەڵ کۆرنێلیا نەبوو. هەرگیز بەو شێوەیە بیری لێ نەکردبووەوە. سەرەتا هاوڕێیەکی زۆر نزیکی بوو، ئینجا ڕۆژێک لە ژوورە بچوکەکەی پشتەوەی دوکانەکە لەسەر دەنگی گرامافۆنەکە سەمایان دەکرد لە کاتێکدا هاوڕێ کچەکەی کۆرنێلیا لای پەنجەرەکەوەی پێشەوەی دوکانەکەوە بوو، کۆرنێلیا تەماشای چاوەکانی ئیلیۆتی کرد و ئەویش ماچی کردبوو. هەرگیز نەیدەتوانی بیری بێتەوە دروست کەی بوو کە بڕیاریاندا هاوسەرگیری بکەن. بەڵام هاوسەرگیریان کرد.
شەوی ئەو ڕۆژەی هاوسەرگیریان کرد لە هوتێلێک بەسەربرد لە بۆستۆن. هەردووکیان بێ ئومێد بوون بەڵام لە کۆتاییدا کۆرنێلیا خەوی لێکەوت. هیوبەرت نەیتوانی بخەوێت و چەند جارێک ڕۆیشتە دەرەوە و لە ڕاڕەوی ئوتێلەکەدا هاتوچۆی بوو بە ڕۆبە جەیگەرە نوێکەیەوە کە بۆ گەشتی زەماوەندەکەی کڕیبووی. کاتێک ڕێی دەکرد هەموو جووتە پێڵاوەکانی بینی، پێڵاوی بچووک و پێڵاوی گەورە، لە بەر دەرگای ژوورەکانی ئوتێلەکەدا. ئەمەیش خستیە دڵەکوتێ و بە پەلە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی بەڵام کۆرنێلیا خەوتبوو. نەیویست بە ئاگای بهێنێتەوە وئیتر هەر زوو هەموو شتێک باش بوو و خۆیشی بە هێمنی خەوت.
ڕۆژی دواتر تەلەفۆنێکی بۆ دایکی کرد و ڕۆژی دوای ئەوەیش بەرەو ئەورووپا کەوتنەڕێ. دەکرا هەوڵ بدەن منداڵیان ببێت بەڵام کۆرنێلیا زۆرجار نەیدەتوانی هەوڵی بۆ بدات هەرچەندە منداڵیان لە هەر شتێکی دونیا زیاتر دەویست. لە چێربۆرگ دابەزین و هاتن بۆ پاریس. لە پاریس هەوڵیاندا منداڵیان ببێت. پاشان بڕیاریاندا بڕۆن بۆ دیژۆن کە قوتابخانەیەکی هاوینەی تێدا بوو و ژمارەیەک لەو خەڵکانەیش لەگەڵیاندا لەسەر کەشتییەکە هاتبوون ڕۆیشتبوون بۆ ئەوێ. هیچ نەبوو لە دیژۆن بیکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا، هیوبەرت شیعری زۆری دەنوسی و کۆرنێلیایش بۆی چاپ دەکرد. هەموو شیعری درێژ بوون. ئیلیۆت زۆر توند بوو بەرامبەر هەڵەکردن و ئەگەر یەک هەڵەیشی تێدا بووایە داوای لێدەکرد هەموو لاپەڕەکە چاپ بکاتەوە. کۆرنێلیا زۆر دەگریا و چەند جارێک هەوڵیاندا منداڵیان ببێت پێش ئەوەی دیژۆن بەجێبهێڵن.
هاتنەوە بۆ پاریس و زۆربەی هاوڕێکانی سەر کەشتییەکەشیان هاتنەوە. بێزار بوون لە دیژۆن و بەڵام بەهەرحاڵ ئێستا دەیانتوانی بڵێن کە لە پاش جێهێشتنی هارڤەرد یان کۆڵۆمبیا یان واباش لە زانکۆی دیژۆنیش خوێندبوویان لە کۆت دۆر. زۆربەیان پێیان باش بوو بڕۆن بۆ لانگوێدۆک یان مۆنپیلییە یان

پێرپینیان ئەگەر زانکۆی تێدا بێت. بەڵام هەموو ئەو شوێنانە زۆر دوور بوون. دیژۆن تەنیا چوار سەعات و نیو لە پاریسەوە دوورە و لەسەر شەمەندەفەرەکەیش نان خواردن هەیە.

بۆیە هەموویان لە قاوەخانەی کافێ دو دۆم دادەنیشتن و خۆیان بە دوور دەگرت لە ڕۆتۆند لەوبەری شەقامەکەوە چونکە هەمیشە پڕە لە بیانی، بۆ چەند ڕۆژێک لەوێ بوون و ئینجا خێزانی ئیلیۆت کۆشکێکیان لە تورێن بە کرێ گرت لەڕێی ڕیکلامێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک هیراڵدەوە. ئێستا ئیلیۆت ژمارەیەک هاوڕێی هەبوو کە هەموویان سەرسامی شیعرەکانی بوون و خانمی ئیلیۆتیش قایلی کردبوو نامەیەک بۆ هاوڕێ کچەکەی بنێرێت لە بۆستن کە لەسەر دوکانی چا فرۆشییەکە بوو. خانمی ئیلیۆت زۆر گەشاوەتر بوو پاش ئەوەی هاوڕێ کچەکەی هات و پێکەوە زۆر گریان. هاوڕێ کچەکەی چەند ساڵێک لە کۆرنێلیا گەورەتر بوو و بە ئازیزەکەم بانگی دەکرد. ئەویش لە خانەوادەیەکی زۆر دێرینی باشوورەوە هاتبوو.

هەرسێکیان، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئیلیۆتدا کە بە هوبی بانگیان دەکرد، ڕۆیشتن بۆ کۆشکەکە لە تورێن. بینیان تورێن ناوچەیەکی زۆر گەرم و تەختە هەر وەکو کەنساس. ئێستا ئیلیۆت بەشی کتێبێک شیعری هەبوو. دەیویست لە بۆستن بڵاوی بکاتەوە و چەکێکی ناردبوو و گرێبەستیشی ئەنجامدابوو لەگەڵ چاپخانەیەکدا.

لە ماوەیەکی کەمدا هاوڕێکانی دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ پاریس. تورێن بەوجۆرەی لە سەرەتادا دەرکەوتبوو وا نەبوو. هەر زوو هەمووهاوڕێکان جێیان هێشت لەگەڵ شاعیرێکی گەنجی سەڵتدا بەرەو هاوینەهەوارێکی کەنار دەریا لە نزیک تروڤیل. لەوێ هەموویان زۆر خۆشحاڵ بوون.

ئیلیۆت لە کۆشکەکەی تورێن مایەوە چونکە بۆ هەموو هاوین بە کرێی گرتبوو. ئەو و خانمی ئیلیۆت زۆر هەوڵیاندا منداڵیان ببێت لە ناو ژوورە نوستنە گەورەکەدا لەسەر جێخەوە گەورە ڕەقەکە. خانم ئیلیۆت فێربوو بوو لەسەر ئامێری چاپکردنەکە کار بکات، بەڵام بۆی دەرکەوتبوو لە کاتێکدا خێراییەکەی زیاد بکات هەڵەیشی زۆرتر دەکرد. ئێستا کچە هاوڕێکەی بەشێوەیەکی کرداری هەموو دەستنوسەکانی چاپ دەکرد. زۆر وردەکار و لێهاتوو بوو و وا دیار بوو کە چێژیشی لێ دەبینێت. ئیلیۆت دەستی دابووە خواردنەوەی شەرابی سپی و بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆیدا دەژیا. لە شەودا شیعری زۆری دەنوسی و لە بەیانیشدا زۆر شەکەت دەردەکەوت. ئێستا خانم ئیلیۆت و کچە هاوڕێکەی پێکەوە لەسەر تەختە خەوە گەورەکە دەخەوتن کە بە شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست دروست کرابوو. پێکەوە فرمێسکی زۆریان دەڕشت. ئێواران هەموویان پێکەو لە باخچەکەدا لە ژێر دار ئیسفەندانییەکدا نانیان دەخوارد و هەوای گەرمی ئێواران هەڵی دەکرد و ئیلیۆت شەرابی سپی دەخواردەوە و خانم ئیلیۆت و هاوڕێ کچەکەی گفتوگۆیان دەکرد و هەموویان زۆر خۆشحاڵ بوون.

پرۆفایل: ڕەی برادبێری

ڕەی دۆگڵاس برادبێری
لەدایکبووی ١٩٢٠/٨/٢٢ و لە ٢٠١٢/٦/٥ مردووە. لە بەناوبانگترین کارەکانی (فەهرەنهایت ٤٥١) ئەم ڕۆمانە لە لایەن سەیوان محەمەدەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، خاوەنی چەندین خەڵاتی دیارە، بەناوبانگترینیان (خەڵاتی پوڵیتزەری ساڵی ٢٠٠٧، مەدالیای نەتەوەیی بۆ هونەر ساڵی ٢٠٠٤، خەڵاتی برام ستۆکەر ساڵی ١٩٨٨).

هەموو هاوین لە ڕۆژێکدا

نووسینی: ڕەی برادبێری

لە ئینگلیزییەوە: یوسف زەماوەنگەیی

ئامادەی؟

ئامادەم.

ئێستا؟

بەم زووانە.

ئایا زاناکان بە ڕاستی ئەزانن؟ ئایا ئەمڕۆ ئەوە ڕوو دەدات؟

سەیرکە، سەیرکەو بۆ خۆت ببینە!

لەلایەکی ترەوە، منداڵەکان وەك کۆمەڵێك گوڵ و گیای پێکەوە بەستراو، کەڵەکەو تێکەڵاو بووبوون و دەیانویست نیگایەك لە خۆرە شاراوەکە بدزن.

باران دەباری، چەندەها ساڵ بوو، بۆ هەزاران ڕۆژ بوو، باران بە بەردەوامی دەباری. بەشێوەیەك هەموو دەڤەرەکە هاژەو خوڕەی ئاوی لێ داهات و بەسەر هەموو دوورگەکاندا جۆگەلەو هەڵکشانی لافاوی بارانی بەلێزمەو بەردەوام دروست بووبوو. لەلایەکی تریشەوە هەزارەها جەنگەڵی چڕ لەژێر پەستان و قورسایی لافاوی ئەم هەموو بارانە بێ وچانەدا نقوم بووبوون و ئەم دیاردە سروشتییە هەموو ساڵێك دووبارە دەبووەوە. بەڵێ، ژیان ئا بەم شێوەیە بوو بۆ هەتاهەتایە لەسەر هەسارەی (زوهرە). ئێرە شوێنێك بوو، کە بووبووە قوتابخانەی منداڵانی ئەو کەسانەی کە ئیشوکاریان لەگەڵ ڕۆکێتە هاوێژراوەکانی هەسارەی زەوی بوو، کە دەیانویست لەسەر ئەم هەسارەیە شارستانێتی نوێ دروست بکەن و ژیانیان لێرە بەسەر بەرن.

بارانەکە وا خۆش ئەکات.

بەڵێ، وا خۆش ئەکات.

(مارگۆت) لە منداڵەکانی تر جیابووەوە، لەو

منداڵانەی ڕۆژانێکیان بە بیر نایەتەوە، کە باران بوونی نەبووبێ. ئەوان تەنها تەمەنیان نۆ ساڵان بوو، بۆیە دوایین جار، کە خۆر لە ئاسمان سەری هێنابێتە دەرێ، حەوت ساڵ لەوەوبەر بوو، واتە منداڵەکان تەنها تەمەنیان دوو ساڵان بووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بە بیر نەدەهاتەوە.

هەندێ جاریش لەکاتی خەوتندا (مارگۆت) گوێی لە جووڵەی منداڵەکان دەبوو و دەیزانی، کە ئەوان بیر لە ئاڵتون یان پێنووسێکی زەرد یان ئەو پارە ئاسنە گەورەیە ئەکەنەوە، کە دەیانتوانی ئەو جیهانەی پێ بکڕن. بەڵێ، (مارگۆت) ئەوەی دەزانی، کە منداڵەکان گەرمییان بە بیر دەهات وەك ڕابردوویەکی لێڵ، گەرمییەك وەك گەرمبوونی دەموچاو و جەستەو شانوباڵ و دەستە لەرزیوەکان. ئەم خەیاڵ و خەونانەی لای منداڵەکان زۆر جار زۆری نەدەخایاند، چونکە بە دەنگی دڵۆپە گەورە مورووە ئاساکان، کە بەسەر بنمیچەکاندا دەکەوتن، بەخەبەر دەهاتن و هەموو خەون و دارستان و پیاسەو باخچەکان ون دەبوون.

بەدرێژایی ڕۆژی دوێنی منداڵەکان لەپۆلدا لەسەر بابەتی خۆر وانەیان دەخوێندو دەربارەی ئەوەی کە چۆن ئەستێرەی خۆر وەك لیمۆ خڕەو چەند گەرمە، بۆیە هەندێ جار منداڵە خوێندکارەکان خۆیان وتارو بابەت و شیعرو چیرۆك و هۆنراوەیان لەسەر ئەو ئەستێرەیە دەنووسی. ئەو هۆنراوەیەی کە (مارگۆت) لەسەر خۆر بەم شێوەیە بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ خوێندییەوە بۆ هاوپۆلەکانی لەکاتێکدا باران لەسەرەوە بە لێزمە دائەبارییە خوارەوە:

پێم وایە خۆر وەك گوڵێکە

گەشبوونی بۆ کاتژمێرێکە

دوای خوێندنەوەی هۆنراوەکە لەلایەن (مارگۆت) ەوە، یەکێك لە منداڵەکان بەرهەڵستی دایەوەو وتی: ئۆۆۆ... تۆ ئەو شیعرەت نەنووسیوە!

(مارگۆت) وتی: بەڵێ من نووسیومە.

لەو کاتەدا مامۆستاکە بانگی یەکێك لە منداڵەکانی کرد: ویلیام!

ئەوە دوێنێ بوو، بەڵام ئەمڕۆ بارانە بەهێزەکە هەموو منداڵەکانی قەتیس کردووە لەناو پەنجەرە ئەستوورەکانی ژوورە بچوکەکەدا.

مامۆستا لەکوێیە؟

ئەگەڕێتەوە.

باشتر وایە پەلە بکات، ئەگینا ڕووداوە گرنگەکەمان لەدەست دەر دەچێت.

هەموو منداڵەکان بەپەلە خۆیان کۆکردەوە، بەڵام (مارگۆت) بە تەنیا مایەوە. ئەو کچێك بوو، لاواز دەر دەکەوت، وەك ئەوەی لەناو بارانی بهردهوامدا نوقم بووبێ و بەشێوەیەك، کە بارانەکە هێزی ژیانی لە چاوەکانی دابڕیبێ و سوورایی لە لێوەکانی تۆراندبێ. ئەو وەك وێنەیەکی تۆزاویی دۆزراوەی ناو ئەلبومێك وابوو، منداڵێك بوو، لەگەڵ ئاوی بارانەکەدا شۆرابووەوەو کاتێك قسەی دەکرد

دەنگی وەك سێبەری تارماییەك وا بوو. ئەو ئێستا بە تەنیا ڕاوەستابوو و چاوەکانی خستبوونە سەر ئەو باران و جیهانە تەڕەی کە لە پشتی شووشە گەورەی پەنجەرەکەوە بوو. لەو کاتەدا (ویلیەم) لێی پرسی: ئەوە سەیری چی دەکەیت؟

مارگۆت: هیچ.

ویلیەم: قسە بکە کاتێك قسەت بۆ دهکرێت.

(ویلیەم) دەیوسیت (مارگۆت) بهێنێتە قسە، بەڵام (مارگۆت) هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. لەکۆتاییدا منداڵەکان (مارگۆت)یان بە تەنیا بەجێ هێشت و بە هیچ شێوەیەك سەیریان نەکرد، پاشان (مارگۆت) هەستی بە ڕۆیشتنی هاوپۆلەکانی کرد. ئەو کاتانەی کە منداڵەکان بە نیاز بوون وا لە (مارگۆت) بکەن یارییان لەگەڵدا بکات و شوێنیان بکەوێت، وەك یاری قەرەقەرە لە ناو تونێلە تاریکەکاندا، (مارگۆت) تەنها بە ئاماژەی چاو و جووڵەی پێڵووەکان کاردانەوەی ئەبوو و شوێنیان نەدەکەوت. تەنها ئەو کاتانەی کە منداڵەکان گۆرانییان بۆ خۆر ئەچڕی، (مارگۆت) هاوبەشیی دەکردن بە جوڵانەوەی لێوە وشکەکانی و سەیری پەنجەرەکەی دەکرد. بێگومان گەورەترین تاوان بەلای (مارگۆت)ەوە ئەوە بوو، کە پێنج ساڵ لەوەو پێش هەسارەی زەوی بەجێ هێشتبوو، چونکە دوایین جار، کە خۆری بینیبێ لەسەر زەوی، ئەو کاتە بوو، کە هێشتا تەمەنی چوار ساڵ بوو لە (ئۆهایۆ). لەلایەکی تریشەوە، لەسەر ئەم هەسارەیە، واتە (زوهرە)، دوو ساڵ لەوەو پێش خۆری بینیبوو، بۆیە خەریك بوو بەتەواوی ڕەنگ و شێوەو گەرمیی خۆری لەبیر دەچوویەوە.

بەڵام (مارگۆت) بە چاوی داخراوەوە بیری کەوتەوە، جارێکیان وتبووی: «خۆر وەکو پارەی یەك پێنسی وایە.»

بەڵام منداڵەکان بەسەریدا هاوریان کردبوو: نەخێر وا نییە!

(مارگۆت)یش بەرادەوام وتبووی: وەکو ئاگری ناو سۆپایەك وایە.

منداڵەکانیش پێیان دەوت: تۆ درۆ دەکەیت، تۆ هیچت بەبیر نایەت.

(مارگۆت) ئەمانەی بەباشی بە بیر دەهات و خۆی لە منداڵەکانی تر جیا دەکردەوەو سەیری پەنجەرە نەخشینەکانی دەکرد. ئەو مانگێك لەوەوپێش ئەو داوایەی ڕەت کردبووەوە، کە لە یەکێك لە گەرماوەکانی قوتابخانەکەیدا گەرماو بکات، چونکە حەزی نەدەکرد ئاو بەر سەری بکەوێت و سەری تەڕ ببێت. بۆیە لەو کاتەدا، کە داوایان لێ کردبوو، دەستی گرتبوو بە هەردوو گوێیەوە بە توندی قیژاندبووی، لێرەوە (مارگۆت) پەیتاپەیتا هەستی کرد، کە مرۆڤێکی جیاوازە بەراورد بە هاوپۆلەکانی و بۆیە هەمیشە خۆی لەوان جیا دەکردەوەو تێکەڵاویان نەدەبوو. قسەو باسێك هەبوو، کە دایك و باوکی (مارگۆت) بۆ ساڵی داهاتوو کچەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ سەر زەوی دەبەنەوە، ئەمەش شتێکی زۆر گرنگ بوو سەبارەت بە (مارگۆت)،

چونکە ئەم خێزانە بە هەزارەها دۆلاریان لەپێناوی گەشتی منداڵەکەیان بۆ سەر هەسارەی زوهرە خەرج کردبوو، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش منداڵەکان زۆر ڕقیان لە (مارگۆت) دەبووەوە. ئەوان ڕقیان لە دەم و چاوە زەردباوە سادوسڕ و بێدەنگییە پڕ لە چاوەڕوانییەکەی و جەستە لاوازەکەی و داهاتووە پرشنگدارەکەی (مارگۆت) دەبووەوە.

کوڕێك بە (مارگۆت)ی وت: دوور بکەرەوە! چاوەڕیی چی دەکەی؟

پاشان بۆ جاری یەکەم، (مارگۆت) جووڵاو سەیرێکی کوڕەکەی کردو ئەوەی چاوەڕی دەکرد لە چاوەکانی ئەبینرا. ئەم جارەیان کوڕەکە زۆر دڕندانە هاواری بەسەردا کرد: لەم ناوە چاوەڕێ مەکە! هیچ نابینی. لێوەکانی (مارگۆت) جووڵان.

کوڕەکە دیسان هاتە پێشەوە: هیچ شتێك نابێت. ئەو شتەی چاوەڕێی بووین هەمووی نوکتە بوو. وا نەبوو؟

پاشان سەیری هاوڕێکانی کردو وتی: ئەمڕۆ هیچ شتێك ڕوونادات. وایە ؟

منداڵەکانیش بەچاو ئاماژەی تێگەیشتنیان کردو دەستیان کرد بە پێکەنین و سەرلەقاندن.

«هیچ، هیچ.»

(مارگۆت) بە چرپەو نیگایەکی بێ تواناوە وتی: ئۆهـ، بەڵام ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە، کە زاناکان پێشبینی دەکەن، ئەوان دەزانن، کە خۆر...

کوڕەکەش توند (مارگۆت)ی گرت و بە هاوڕێکانی وت: هەمووی نوکتەیەو بێ مانایە. با ئەم کچە بگرین و بیخەینە ناو ژوورە بچوکەکەوە پێش ئەوەی مامۆستا بێت.

(مارگۆت)، کە ئەمەی بیست هاورای کرد: نااااا... و ویستی خۆی دەرباز بکات، بەڵام بەپشتدا کەوتە سەر عەرزەکە. منداڵەکان دەوریان داو بەرزیان کردەوەو هەڵیان گرت. هەرچەند (مارگۆت) دەستی کرد بە قیژەو لنگەفرتێ و خۆجیڕکردنەوە، بەڵام ئەوان توانیان بیبەن بۆ ئەو ژوورە بچووکە چۆڵەی کە لە پشتی تونێلەکەوە بوو، لەوێ لە ژوورەکەدا فڕێیان داو دەرگایان لەسەر کلیل دا. دوای ئەوەش (مارگۆت) هەر بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ خۆ دەربازکردن و جووڵاندنی دەرگای ژوورەکەو هاتوهاوار، بەڵام بێ سوود بوو. منداڵەکان ئەو شوێنەیان بە زەردەخەنەوە بەجێ هێشت و هێشتا گوێیان بە دەنگدانەوە لاوازەکەی هاواری (مارگۆت) بوو. لەو کاتەدا مامۆستاکەیان گەیشتە ژووری پۆل و بە منداڵەکانی وت: منداڵان، ئامادەن ؟

هەموو بەیەك دەنگ وتیان: بەڵێ!

ئایا هەموو لێرەن؟

بەڵێ!

پاشان پەیتاپەیتا بارانەکە خاوی دەکردەوە هەتا بە تەواوەتی وەستا، لەو کاتەدا هەموو منداڵەکان بە دەوری دەرگا گەورەکەدا گردبوونەوەو بەشێوەیەك هەموویان بێدەنگ بوون، وەك ئەوەی لەناوەڕاستی فیلمێکدا بن، کە دەربارەی زریان و تۆرنادۆو

گێژەڵووکە بێت و ئامێری بڵندگۆکانی لەکار کەوتن. هەموو ژێرخانەکە تووشی بێدەنگییەکی حەپەساو و باوەڕ پێ نەکراو بوو بوو بەشێوەیەك، هەستت دەکرد گوێکانت پڕ کراون یان توانای بیستنت لەدەست داوە. منداڵەکان دەستیان بە گوێکانیانەوە گرت و لەیەکتری جیابوونەوەو دەرگای ژوورەکە جووڵاو بۆنی بێدەنگی جیهانە چاوەڕێکراوەکە هات بە لووتیاندا.

خۆر هاتە دەرەوە. ئەو ڕەنگێکی برۆنزیی بڵێسەداری لەخۆ گرتبوو و قەبارەکەشی زۆر گەورە بوو. ئەو ئاسمانەشی کە دەوری دابوو ڕەنگێکی شینی سووورباوی هەبوو. جەنگەڵەکە کەوتە بەر شەپۆلی بریسکایی و ڕووناکی خۆر. کاتێك منداڵەکان خۆریان بینی، وەك ئەوە وابوو لە کاریگەریی جادوویەك ڕزگاریان بووبێ، بۆیە بەپەلە هاتنە دەرەوەو دەستیان کرد بە هاوارکردن و بۆ بەسەربردنی کاتی بەهار. مامۆستاکەیان بانگی کردن و پێی وتن: ئێستا زۆر دوور مەکەونەوە، دەزانن تەنها دوو کاتژمێرتان لەبەر دەستدایە، ئیتر خۆ ناتانەوێ گیر بخۆن.

بەڵام منداڵەکان دەستیان کرد بە ڕاکردن و ڕوویان بەرەو خۆرەکە هەڵبڕی وایاندەکرد، کە هەست بە گەرمییەکەی بکەن و چاکەتەکانیان لەبەر خۆیان داکەند بۆ ئەوەی خۆرەکە شانوملیان بسوتێنێت. بە یەکتریان دەوت:

باشترە لە گڵۆپی خۆر، وانییە؟

زۆر باشترە!

پاشان هەموو منداڵەکان وازیان لە ڕاکردن هێناو لەسەر ئەو زەوییە سەوزەی ناو جەنگەڵە بێ سنوورەکەی هەسارەی (زوهرە)، کە بەردەوام زیاتر سەوزترو چڕتر دەبوو، ڕاکشان. ئەم جەنگەڵە چڕەی سەر هەسارەیەکی وەکو (زوهرە) هێلانەی ئەو هەشتپێ بێ ئەژمارانە بوو، کە چەندەها پایەو باڵی گەورەی گیائاسایان وەك شەپۆلە هەڵکشاوەکان دروست کردبوو، کە لە وەرزی بەهاری کورتدا دەستیان بە گەشەو نما دەکرد. لەم جەنگەڵە چڕەی ئەم هەسارەدا، کە چەند ساڵێکی زۆر بوو ڕووناکی خۆری لێ بڕابوو، ڕەنگی لاستیك و خۆڵەمێش ڕەنگێکی زاڵ بوون، ئەو ڕەنگانە ڕەنگی بەردو ڕەنگی پەنیرئاسا و ڕەنگی مانگ بوون.

منداڵەکان لەسەر گژوگیا نەرمە دۆشەك ئاساکەی جەنگەڵەکە بە پێکەنینەوە ڕاکشان و گوێیان لە هەناسەو ئاهـ و جریوەی زیندووی ژێریان دەگرت. بەنێو درەختەکاندا ڕایان دەکرد، زۆر جار دەخزان و دەکەوتن یان پاڵیان بە یەکترەوە دەنا. قەرەقەرەیان دەکرد، بەڵام بە زۆری نیگاکانیان دەخستەسەر پرشنگە گەرمەکەی خۆر، هەتا ئەو کاتەی فرمێسك بە چاوەکانیاندا دەهاتە خوارەوە. دەستیان دەخستە سەر بەشە زەردەکەی خۆرو شینایيە سەرنجڕاکێشەکەی و هەوای تازەیان هەڵدەمژی و گوێیان بۆ ئەو بێدەنگییە ڕا دەگرت، کە بەبێ جووڵەو بێدەنگ هەموو دەریای جەنگەڵەکەی

ڕاگرتبوو. ئەوان سەیری هەموو شتێکیان ئەکردو بە هۆگرییەوە تامی هەموو شتێکیان دەکردو وەك ئاژەڵانێك، كە هەڵهاتبن لە ئەشكەوتەكان، بەشێوەی بازنەیی هاواریان دەكرد، بۆ ماوەی كاتژمێرێك بە بەردەوامی ڕایان کردو لەم چالاکییە نەدەوەستان. بەڵام پاشان، لە ناوەڕاستی ڕاکردنەکەیان یەکێك لە کچەکان هاواری لێ هەستا.

هەموو منداڵەکان دەست بەجێ وەستان.

ئەو کچەی کە لە شوێنێکی تەخت و سارادا وەستابوو دەستی هێنایە دەرەوەو بە لەرزینەوە وتی:

ئۆیی... سەیرکەن، سەیرکەن!

کاتێك منداڵەکان گوێیان لەمە بوو، هاتن و سەیری ناو لەپی دەستی کچەکەیان کرد. لەناوەڕاستی لەپی دەستیدا، کە خڕو گەورە بوو، تەنها دڵۆپەیەك باران دەبینرا. کاتێك سەیری دەستی خۆی دەکرد، کچەکە دەستی بە گریان کردو هەموو منداڵەکانی تریش بە بێدەنگی سەیری خۆریان دەکردو دەیانوت: ئۆووو، خودایە!

چەند دڵۆپە بارانێك بەسەر ڕوومەت و لووت و دەمی منداڵەکانەوە نیشتەوەو خۆریش لە پشت پارچە تەمێکەوە پەیتاپەیتا ون دەبوو، لەو کاتەشدا بایەکی سارد هەڵی کرد. لەکۆتاییدا منداڵەکان گەڕانەوە بۆ خانووی ژێرخانەکەو ئیتر خەندەی سەر لێوەکانیان پووکایەوە. پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ، گورزەی هەورە گرمەیەك بە دەنگە ترسێنەرەکەی وەك گەڵایەك منداڵەکانی ڕاچڵەکاند، هەتا ئەو ڕادەیەی کە بەسەر یەکدا کەوتن، ئەوانیش دەستبەجێ دەستیان کرد بە ڕاکردن. هەورە بروسکەکە دەیتوانی چەند میلێك یان نیو میل لە دووریی ئەوان لە ئەرز بدات و لە ماوەیەکی کورتدا ئاسمانەکەش وەکو شەو بێت، تاریك بوو. منداڵەکان لە بەردەمی خانووی ژێرخانەکەیان وەستان، لەو کاتەدا بە تەواوی دەستی کرد بە بارانی لێزمە. پاشان دەرگای خانووەکەیان داخست و گوێیان بۆ دەنگە زەبەلاحەکەی ئەو بارانە گرت، کە بە قورسایی چەندەها تەن وەکو هەژموونێکی بێ وێنە دەهاتە خوارەوە، ئەمە هەتا چاو بڕ بکات بەردەوام بوو.

ئایا حەوت ساڵی تر ئاوا تاریك دەبێت؟

بەڵێ، حەوت.

پاشان یەکێکیان بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

مارگۆت!

هێشتا (مارگۆت) لە ژووره بچوکەکەدایە، ئەو شوێنەی کە دەرگامان لەسەر داخست.

منداڵەکان، وەك ئەوەی یەکێك نوساندبیێتن بەسەر عەرزەکەوە، بە بێدەنگی ڕاوەستان، سەیری یەکیان دەکردو پاشان نیگاکانیان لەیەکتر دوور دەخستەوە. بەردەوام سەیری ئەو جیهانەیان دەکرد لە دەرەوە، کە یەکبینە باران و باران و باران بوو. نەیاندەتوانی بە ڕاشکاوی سەیری ڕووخساری یەکتری بکەن، ڕووخساریان دیمەنێکی ترسێنراو و زەردی وەرگرتبوو، چاویان خستبووە سەر دەست و قاچی یەکتری و سەریان بۆ خوارەوە بوو.

Ray Bradbury

پاشان یەكێك لە كچەكان، وتی: «ئێ باشە...» لەو كاتەدا هیچ كەس نەجووڵا.

كچەكەش بەچرپەوە، وتی: بەردەوام بن.

ئیتر دوای ئەوە هەموو منداڵەكان لەگەڵ دەنگی بارانە ساردەكەدا، بە هۆڵەكەدا ڕۆیشتنە خوارەوەو پاشان بەناو دەروازەكەدا لەو ژووره نزیك بوونەوە، كە بە دەنگی زریان و هەورەگرمە پڕ ببوو، هەورە بروسكەكە ڕووخساری منداڵەكانی بە ڕەنگی شین و تۆقاندن دەگەشاندەوە، بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن هەتا چوونە بەردەم ژوورەكەی (مارگۆت)، لەوێ ڕاوەستان و تەنها بێدەنگی نەبێ هیچیان نەدەبیست لە ژوورەكەی (مارگۆت). لەكۆتاییدا قوفڵی سەر دەرگاكەیان كردەوەو (مارگۆت)یان لە ژوورەكە هێنایە دەرەوە.

پرۆفایل: کەیت چۆپن

له ساڵی ١٨٥٠ له ویلایەتی مسۆری ئەمەریکا له دایک بووە. چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بووە. چیرۆکەکانی زیاتر واقعی بوون، له کاتی خۆیدا پێشوازییەکی زۆریان لێدەکرا و له لایەن گۆڤارە بەناوبانگە ئەدەبی و جۆراوجۆرەکانی ئەمەریکاوە بڵاو دەکرانەوە. لەنێوان ساڵانی١٨٩٠- ١٨٩٩ دوو ڕۆمانی نووسی به ناونیشانەکانی (له هەڵەدا، بێدار). دواتر دوو کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو بوویيەوە بە ناونیشانەکانی (خەڵکی بایۆ، شەوێک له ئەکادی). هەندێک له چیرۆکە ناسراوەکانی (چیرۆکی کاتژمێرێک ، نابینا ، زریان ، ڕۆژێکی دیسەمبەری له دیکسی، نامەکانی ، خوانیتا ، چیرۆکی ئەسپ). له ساڵی ١٩٠٤ کۆچی دوایی کردووە.

ماچ

نووسینی: کەیت چۆپن

لە ئینگلیزییەوە: زانا نەقی

هێشتا دەرەوە بە تەواوی ڕووناک بوو، بەڵام لە ژوورەوە، کە پەردەکان دادرابوونەوە، ئاگرێکی کز ڕووناکییەکی کزی پەخش دەکردەوەو ژوورەکەی تژی کردبوو لە سێبەر.

برانتن، لە یەکێک لەسێبەرەکاندا دانیشت، گرنگی نەدەدا بەوەی سێبەرەکە دایپۆشیوە. تاریکییەکە ئازایەتیی پێ دەبەخشی تا بەجۆشەوە بڕوانێتە ئەو کچەی لە بەر ڕووناکی ئاگرەکە دانیشتووە.

کچەکە یەکجار کەشخەو جوان بوو، زوڵف و چاوی ڕەشی، جوانییەکی ئەفسووناوی بەخشی بوو بە ڕووخسارو شێوەی. زۆر هێمن بوو کاتێک بە ناسکیی دەستی بە کوڵکی نەرمی پشیلەکەدا دەهێنا، کە لەباوەشیدا خۆی پێچ دابوو، جارجاریش بە ئەسپایی نیگایەکی سێبەرەکەی دەکرد، کە یارەکەی لێ دانیشتبوو. بە هێمنی هەندێک شتیان باس دەکرد، کە ئاشکرا دوور بوو لەو قسانەی بیرکردنەوەی تەنیبوون. ئەو دەیزانی برانتن خۆشی دەوێت، یارۆیەکی ڕاشکاوی تووڕە، کە هێندە فڕوفێڵی نەبوو هەستەکانی بشارێتەوە، هیچ ئارەزوویشی نەبوو ئەوە بکات. بۆ دوو هەفتەی پێشوو بە بەردەوامی و بە پەرۆشەوە، برانتن هەوڵی دابوو بتوانێت کاتێکی زیاتر لەگەڵیدا بێت. ناتالی بە متمانە بەخۆبوونەوە چاوەڕوانی برانتنی دەکرد، هەستی خۆی بۆ دەربڕێت مەبەستیشی بوو، کە پێی قایل دەبێت.

برانتنی تاڕادەیەک ناچیزو ڕەزاگران زۆر زەنگین بوو؛ ئەویش زۆر ئاشقی ئەو شتانە بوو، کە پارەو سامان پێی دەبەخشی.

لە وچانێکی کورتی نێوان گفتوگۆکەیاندا لەبارەی ژوانی ڕابردوو و یەکتربینینی داهاتوویانەوە، دەرگاکە کرایەوەو کوڕێکی گەنج هاتە ژوورەوە، کە برانتن زۆر بەباشی دەیناسی. کچەکە ئاوڕی لێ دایەوە. یەک دوو هەنگاوێک گەیاندییە بەردەم کچەکە، بەسەر کورسییەکەیدا دانەوییەوەو پێش ئەوەی کچەکە بتوانێت لە مەبەستەکەی تێ بگات، چونکە نەیزانی کوڕە گەنجەکە میوانەکەی نەبینیوە، بە سۆزەوە لێوەکانی ماچ کرد.

برانتن بەهێواشی هەستایە سەر پێ؛ هەروەها کچەکەش هەستایە سەر پێ، بەڵام بەخێرایی، تازەهاتووەکەش لەنێوانیاندا دۆشداماو بەتەواوی شڵەژا بوو.

«پێم وایە،» برانتن بە زمانێکی تێکەڵوپێکەڵ، وتی: «دەبینم، کە من کاتێکی زۆر لێرە ماومەتەوە. من، من نەمدەزانی، کە پێویستە من بڕۆم خوات لەگەڵ.» شەبقەکەی بە هەردوو دەستی گرتبوو، وا دەردەکەوت نەیبینیبێت کە کچەکە دەستی بۆ گرتووە، هەرچەندە هێشتا تەواو کۆنترۆڵی لە دەست نەدابوو، بەڵام هێندە متمانەی بەخۆی نەبوو شتێک بڵێت.

«بە نەفرەت بم ئەگەر ئەوم بینیبێت، کە دانیشتبوو، ناتی! دەزانم لەڕادەبەدەر ناخۆش بوو بۆ تۆ. هیوادارم بەس ئەم جارە ببەخشی، هەر ئێستا، ئێ بۆ، چی تێدایە؟»

« دەستم لێ مەدە، لێم نزیک مەبەوە.» بەتوڕەییەوە وەڵامی دایەوەو وتی: «مەبەستت چییە، کە بەبێ زەنگلێدان دێیتە ژوورەوە؟»

«وەک هەموو جارێک، لەگەڵ براکەتدا هاتمە ژوورەوە»، کوڕەکە بۆ پاساوهێنانەوە، بەساردیی وەڵامی دایەوە «لە دەرگای لاتەنیشتەوە هاتینە ژوورەوە. ئەو ڕۆیشتە سەرەوەو منیش هاتم بۆ ئێرە بەو ئومێدەی بتبینم، ڕوونکردنەوەکەم هێندە سادەیە، کە قایلت بکات، ڕووداوەکە بە ئەنقەست نەبوو، بەڵام تکایە بڵێ، کە لێم خۆش دەبیت، ناتالی.» کوڕەکە بەنیانی دەپاڕایەوە.»

«لێت خۆش بم! تۆ نازانیت چی دەڵێیت. لێ گەڕێ با بڕۆم، زۆریشی دەوێت تا بزانم لێت خۆش دەبم!» لە یەکتربینینی دواتردا لەگەڵ برانتندا باسیان کردبوو، ناتالی زۆر شۆخ، ڕاستەوخۆ بەناسکییەوە لێی نزیک بووبووەوە کاتێک بینیبووی.

«بەڕێز برانتن، ڕێگەم پێ دەدەیت بۆ یەک دوو چرکە لەگەڵتدا بدوێم؟» ناتالی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و خەندەیەکی شڵەژاوەوە پرسی. ئەویش زۆر کەساس دەردەکەوت، بەڵام کاتێک ناتالی قۆڵی لە قۆڵی کردو بە ڕێ کەوتن بۆ سووچێک بۆ ئەوەی بە تەنها بن، تروسکاییەکی ئومێد تێکەڵ بە پەژارەیەکی گاڵتەئامێز کەوتە سەر ڕووخساری. ناتالیش دیار بوو، کە زۆر پاراو بوو.

«بەڕێز برانتن نەدەبوو من ئەم چاوپێکەوتنەم بویستایە، بەڵام - بەڵام، ئۆف، من زۆر خەمبارو مەلوول بووم لەدوای یەکتربینینە کورتەکەی ئەو پاشنیوەڕۆیەوە، کە بیرم کردەوە ڕەنگە تۆ بە هەڵە شتەکانت لێک دابێتەوەو باوەڕت پێ کردبن، بەئاشکرا ئومێد بەسەر پەژارەدا زاڵ دەبوو لە ڕووخسارە خڕە ڕاشکاوەکەی براتندا-» بێگومان دەزانم ئەوە بۆ تۆ هیچ ناگەیەنێ، بەڵام بۆ من تەنها ئەوەم لە تۆ دەوێت تێ بگەیت، کە بەڕێز هارڤی هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی لە مێژینەی منە. دەتوانم بڵێم، ئێمە هەمیشە وەک ئامۆزا، وەک براو خوشکین لەتەک یەکدا، ئەو باشترین هاوڕێی براکەمەو زۆر جار بۆ خۆی دەڵێت ئێمە خێزانێکین. ئۆف، دەزانم ئەوەی دەیڵێم شتی پووچە، داوام لێ نەکراوە ئەمانەت بۆ باس بکەم، تەنانەت زۆر گەمژانەشە. «وەخت بوو دەستی دەکردە گریان. «، بەڵام ئەوەی جێی بایەخە بۆ من، بیرکردنەوەی تۆیە سەبارەت بە- بە من. «دەنگی نزم بووەوەو شڵەژابوو. هەرچی پەژارەش هەبوو بە ڕووخساری برانتنەوە نەما.

«بەڕاستی بەلاتەوە گرنگە من چۆن بیر دەکەمەوە، خاتوو ناتالی؟ دەتوانم پێت بڵێم خاتوو ناتالی؟» بەرەو ڕێڕەوێکی درێژ ڕۆیشتن، کە هەردوو لای داری بەرزو جوان بوو، بە هێواشی تا نزیکی ئەو سەری ڕێڕەوەکە ڕۆیشتن. لە کاتی گەڕنەوەیاندا، ڕووخساری برانتن گەشاوە بوو، هی ناتالیش هەستی شانازی و سەرکەوتنی لەخۆ گرتبوو.

لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەدا، هارڤی لەنێوان میوانەکاندا بوو. لە ساتێکی دەگمەنی تەنیایی ناتالیدا خۆی پێ گەیاند. «مێردەکەت» بەپێکەنینەوە وتی، «ناردوومی ماچت بکەم.»

ڕووخسارو گەردنە بریسکاوییەکەی ناتالی سوور هەڵگەڕان. «پێم وابێت ئاساییە، پیاوێک هەست و ڕەفتاری میهرەبانانە بنوێنیت لەم جۆرە بۆنانەدا. مێردەکەت پێی وتم نامەوێ ژنهێنانەکەم ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییە تۆکمەیەی لەنێوان من و تۆدا بوو کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵام نازانم تۆ چیت پێ گوتووە.» بە فشە پێکەنینێکەوە بەردەوام بوو، «بەڵام برانتن ناردمی بۆ ئێرە بۆ ئەوەی ماچت بکەم.»

ناتالی هەستی دەکرد، وەک یاریزانێکی یاریی شەترەنج بە جوڵانێکی بلیمەتانەی داشەکە یارییەکەی خستووەتە سەر ئەو بارەی کە مەبەستی بووە. چاوەکانی گەشانەوەو ئاسوودەییان لێ دەتکا کاتێک تەماشای هارڤی کرد. لێوەکانی برسی بوون بۆ ئەو ماچەی لێیان داوا کرابوون!

«بەڵام دەزانی،» هارڤی بەهێمنی بەردەوام بوو، «ئەمەم بە برانتن نەگوت، نەمویست ئازاری بدەم، بەڵام دەتوانم بە تۆ بڵێم، وازم لە ماچکردنی ژن هێناوە، زۆر ترسناکە.»

لەکۆتاییدا، برانتن و هەموو سامانەکەی بە دەست هێنا. کەس ناتوانێت لەم جیهانەدا هەموو شتێکی هەبێت، ئەوەیش کەمێک ناماقووڵ بوو، کە ناتالی وای چاوەڕوان کردبوو.



پرۆفایل: ئەلفۆنس دۆدێ

دودێ لە ساڵی (١٨٤٠) لە شاری (نیس) ی فەرەنسا لە دایك بووە، لە شاری (لییۆن) درێژەی بە خوێندن داوە ماوەیەکیش سەرقاڵی پیشەی مامۆستایی و ڕۆژنامەگەری بووە. باوکی هەردوو نوسەری دیاری فەرەنسا (لیون دۆدێ) و (لوسین دۆدێ)ـە. لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دژی سیستەمی کۆماری فەرەنسا و ئەنتی جولەکە بووە. دودێ لە بوارەکانی شیعر، ڕۆمان، کورتە چیرۆك و شانۆدا خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت بووە و سەر بە قوتابخانەی (سرووشتخوازی) بووە، زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە جیاوازەکان بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی لەوانە کورتە چیرۆکەکانی (نامەکانی ئاشەکەم)، (یەك لە چل) و (لە خاکی ئازاردا) چەندین بەرهەمی تر. لە (١٨٩٧)دا و لە تەمەنی (٥٧) ساڵیدا لە (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە.



دواهەمین وانــە

نووسینی: ئەلفۆنس دۆدێت

لە ئینگلیزییەوە: هێرش شێرخان

پێشکەشە بە هەموو منداڵانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، کە مافی نووسین و فێربوونی زمانی خۆیانیان لێ سەنراوەتەوە (و. ك)

ئەو بەیانییە زۆر درەنگ بۆ قوتابخانە ڕۆشتم. ترسێکی زۆرم هەبوو لەوەی سەرزەنشت بکرێم، بەتایبەت مامۆستاکەمان (م. هەیمڵ) ئەرکی دەربارەی (پارتیسیپڵ)[1] پێ دابووین، منیش هیچم لەم وانەیە نەدەزانی، ساتێک لە خۆم ڕامام، کە هەڵبێم و ڕۆژەکەم لە دەرەوەی پۆل بەسەر بەرم. دونیا زۆر گەرم بوو، بەڵام ڕوون و بێگەرد بوو. باڵندەکانی سەر لقی درەختەکان، جریوەیان دەهات. لە گۆڕەپانە پانوبەرینەکەی پشتەوەی کارگەی وردەدارەکە، سەربازە ئەڵمانییەکان مەشقیان دەکرد. بینینی ئەوان لە وانەی(پارتیسپل) زیاتر جاڕسی دەکردم، بەڵام هێزو توانایەکی باشم هەبوو، کە بەرگەی ئەم شتانە بگرم، بەپەلە ڕۆشتمە دەرەوەو بۆ خوێندنگا چووم.

کاتێک بەلای هۆڵی شارۆچکەکەدا تێپەڕ دەبووم، لە بەردەم بینای (خانەی بڵاوکردنەوەی دەنگوباس) قەرەباڵغییەکی گەورە دروستبووبوو. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هەموو هەواڵە ناخۆشەکان لەو شوێنەوە بڵاو دەکرانەوە.

وەکو دۆڕاندنی جەنگەکان، بڕیارەکان، لێدوانی بەرپرسانی وڵات، لەوێدا بەبێ ئەوەی بووەستم، پرسیارم لە خۆم کرد:

ئێستا دەبێت چی کێشەیەک ڕووی دابێت؟

پاشانیش بە پەلەپەل هەتا دەمتوانی بە خێرایی بەڕێدا دەڕۆشتم. ئاسنگەرێک، کە ناوی (واچتر) بوو، لەگەڵ شاگردەکەی لەوێدا بوو، خەریکی خوێندنەوەی ئاگاداریی بەردەم خانەکە بوو، لەدواوە بانگی کردم:

زۆر خێرا مەڕۆ برا. لە کاتێکی زۆر زوودا دەتوانیت بگەیتە خوێندنگاکەت.

بۆ ساتێک وام بیر کردەوە گاڵتەم پێ دەکات. هەرچۆنێک بێت توانیم بە هەناسەبڕکێ خۆم بگەیەنمە لای باخچە بچووکەکەی (م.هەیمڵ)، وەک هەمیشە لە سەرەتای دەوامدا دەتوانرا بەزمورەزمی زۆری ناو قوتابخانەکە لەدەرەوەو لەسەر شەقامەکان ببیسترێت: بەیەکداکێشان و تەقەتەقی کورسییەکان، وانەکان، کە بە دەنگێکی بەرزو گڕ دووبارە دەکرانەوە. دەستەکانمان دەخستە سەر گوێیەکانمان بۆ ئەوەی باشتر تێ بگەین، ئەو ڕاستەیەی کە مامۆستا بۆ لێدان لەسەر مێزەکەی دانابوو، تەواوی ئەم شتانە هێشتا وەک خۆیان بوون.

منیش ئەو بێسەروبەرییەم بە هەل زانی، بۆ ئەوەی بگەمە کورسییەکەی خۆم، بێ ئەوەی هیچ کەس ببینێت، بەڵام ئەو ڕۆژە دەبوو وەک بەیانیانی شەممە هەموو شتێک بێدەنگ بووایە. لە پەنجەرەکانەوە هاوپۆلەکانم دەبینی، کە لە جێگاکانیان دانیشتبوون. (م.هەیمڵ) بەردەوام دەڕۆشتە سەرەوخوار دەهاتە خوارەوە. بە خۆی و ڕاستە ترسناکەکەیەوە، کە لەژێر باڵیدا بوو. پێویست بوو دەرگاکە بکەمەوەو پێش هەر کەسێکی تر بڕۆمە ژوورەوە. بیهێنە پێش چاوت، چۆن سوور هەڵگەڕابووم و چەندێک تۆقابووم لە ترسان.

بەڵام هیچ شتێک ڕووی نەدا. (م.هەیمڵ) بینیمی. زۆر بەسۆزو میهرەبانییەوە، پێی گوتم:

خێرا بچۆ شوێنەکەت، فرانزی بچووک. تۆش لێرە نەبوویت وانەکانمان دەست پێ کردووە.

بازم بەسەر مێزەکەدا داو لەسەر کورسییەکەم دانیشتم. زۆری نەخایاند ترس و تۆقینەکەم کەمێک کەم بوویەوەو پرسیارم لە خۆم کرد، ئایا ئەوە منم، کە دەبینیم مامۆستاکەمان پاڵتۆ سەوزە جوانەکەی لەبەر کردووە. هێلەکەکەی بەسەر کراسەکەیدا شۆڕکردۆتەوەو کڵاوە ئاوریشمییە بچووکەکەشی لەسەر کردووە. تەواوی ئەم جلانەی لێ نەخشابوو. ئەو هەرگیز ئەم جلانەی لەبەر نەدەکرد، جگە لە ڕۆژانی پشکنینی پاکوخاوێنی و خەڵاتبەخشین نەبێت، لەولاشەوە تەواوی خوێندنگا زۆر سەیرو سامناک دەردەکەوت. بینینی ئەو شتەی کە زۆر سەرسامی کردم، ئەوە بوو، کە زۆربەی کورسی مێزەکانی دواوە، کە هەمیشە چۆڵ بوون، زۆر بەبێ دەنگی وەک ئێمە، خەڵکی گوندەکەی لەسەر دانیشتبوون. پیاوێکی بەساڵاچوو، کە ناوی (هاوسەر) بوو، کڵاوێکی سپی سێسووچەی لەسەردا بوو، بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی، بەڕێوەبەری

پێشووی پۆستە، خەڵکێکی زۆری تریش لەوێدا بوون. هەمووان زۆر غەمگین دەردەکەوتن. هاوسەر، پەرتوکێکی کۆنی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. پەنجەکانی بە لێواری کتێبەکەوە بوو، کتێبەکەی بەکراوەیی خستبووە سەر ئەژنۆکانی. بە چاویلکە گەورەکەیەوە چاوی بڕیبووە لاپەڕەکان.

لەکاتێکدا دەربارەی تەواوی ئەو شتانە زۆر سەرسام بووم، (م. هەیمڵ) ڕۆشتە سەر کورسییەکەی و بە دەنگێکی هێواش و نەرمونیانەوە، کە بۆ من زۆر ئاشنابوو، گوتی:

منداڵەکانم ئەمە دواهەمین وانەیە، کە من پێتان دەڵێمەوە. فەرمانێک لە (بەرلین)ەوە، دەرکراوە، کە لەمەولا لە خوێندنگاکانی (ئالساس و لوریان)[٢]، تەنها بە زمانی ئەڵمانی دەخوێنرێت. مامۆستا تازەکەش سبەینێ دێت. ئەمەش دواهەمین وانەی زمانی فەڕەنسییە. ئەوەی من لە ئێوەم دەوێت ئەوەیە، کە زۆر وریابن.

ئەم وشانە بۆ من چ برووسکەیەک بوون!

دواهەمین وانەی زمانی فەڕەنسیم! بۆچی؟ زۆر بەزەحمەت دەمزانی بنووسم! من پێویستە هەرگیز زیاتر فێر نەبم! پێویست بوو لەوێدا کۆتایی پێ بهێنم. ئۆهـ ، چەندێک پەشیمان بووم، کە وانەکانم نەخوێندبوو. لە جیاتی ئەوە گەڕابووم بە دوای هێلکەی باڵندەکان و خلیسکانێکردن بەسەر (سائیر) دا.

پەرتووکەکانم، هەتا ماوەیەک پێش ئێستا لەبەرچاوم زۆر بێزراو و جاڕسکەر دەردەکەوتن، زۆر قورس بوون، کە هەڵم دەگرتن، ڕێزمانەکەم، مێژووەیەکەم، کە باسی پیاوچاکەکانی خوای دەکرد، مامۆستاکەم (م.هەیمڵ) ئەمانە هەموویان هاوڕێی دێرینی من بوون. ئێستا چۆن دەتوانم دەستبەرداریان ببم. ئەو بڕیارەی دەرچووبوو، کە ئەو پێویستە ئێرە جێ بهێڵێت و کۆچ بکات و ئیتر من نەیبینمەوە، وای لێ کردم ئەو ئازارە لەبیر بکەم، کە بەدەست ڕاستەکەی و خواروخێچیی ئەوەوە چەشتبووم.

داماوە، لەبەر خاتری ئەم وانەیە بوو، کە جلە دڵڕفێن و جوانەکانی ڕۆژانی یەکشەممەی پۆشیبوو. من تێ گەیشتم، کە بۆچی پیاوە بە تەمەنەکانی لادێیەکە لەوێدا لە دواوەی پۆلەکە دانیشتبوون. لەوێدا کۆبوونەوە، چونکە زۆر بەداخ و نیگەران بوون، هەروەها لەمەولا ئیتر ئەوانیش ناتوانن بڕۆن بۆ خوێندنگا. ئا بەم شێوازە خەڵکی گوندەکە دەیانویست سوپاسگوزاریی و ڕێزو وەفای خۆیان پیشانی مامۆستاکەیان بدەن، کە چل ساڵە خزمەت بە وڵاتەکەیان دەکات. وڵاتێک، کە چیتر هی ئەوان نییە.

لەکاتێکدا بیرم لە هەموو ئەم شتانە دەکردەوە، گوێم لێ بوو ناوی من خوێندرایەوە. نۆرەی من بوو وانەکە بخوێنمەوەو باسی بکەم. لەم کاتەدا پرسیارم لە خۆم کرد، ئاخۆ من لە چیم کەمە، کە ناتوانم باسی ئەم بابەتە ناخۆشەی (پارتیسیپڵ) بکەم. بەشێوەیەکی ڕوون و بە دەنگی بەرز، بەبێ هیچ

هەڵەیەک، بەڵام کە هەستامە سەرپێ، لەیەکەم وشەکانمدا تێکەڵم کردو نەمزانی، خۆمم نوساندبوو بە کورسییەکەمەوە دڵم لێی دەداو نەمدەوێرا سەر بەرز بکەمەوە.

گوێم لێ بوو (م.هەیمڵ) پێی گوتم:

من سەرزەنشتت ناکەم، فرانزی بچووک. بەدڵنیاییەوە ئێستا هەستێکی زۆر خراپت هەیە. دەبینیت بارودۆخەکە چۆنە! ئێمە هەموو ڕۆژێک بە خۆمان دەوت: بەهـ بەهـ ، کاتم زۆر زۆرە، سبەینێ وانەکان دەخوێنم. دەبینیت ئێمە چی هاتۆتە سەر ڕێگامان. ئاهـ ، ئەوە کێشە گەورەکەی (ئالساس)ە، کە هەمیشە چاوەڕێی سبەینێین بۆ فێربوون. ئێستا ئەو هاوڕێیانەت لەوێدان مافی خۆیانە هەر شتێکت پێ بڵێن.

چۆن دەبێت خۆت بە فەڕەنسییەک دادەنێیت و تەنانەت هێشتا بە زمانی دایکت نەدەتوانی قسە بکەیت و نەبنووسیت؟ بەڵام فرانزی بچووک، تۆ بە تەنها کەمتەرخەم نیت، لەم مەسەلەیەدا ئێمە هەمووومان بەشێکمان بەر دەکەوێت، کە پێویستە خۆمان سەرزەنشت بکەین.

دایک و باوکت بەتەواوی پەرۆش و مەراقی فێربونتان نەبوو. ئەوان پێیان باشتر بوو تۆ بنێرن بۆ کارکردن لە کێڵگە یان ئاشەکان بۆ ئەوەی بڕێکی کەم پارەیان دەست بکەوێت، بەڵام ئەی من چی؟ هەروەها پێویستە منیش لۆمە بکرێم. ئایا من نەبووم زۆر جار تۆم دەنارد بۆ ئاودانی گوڵەکانم. لە جێگەی ئەوەی فێری وانەکانت ببیت؟ یان ئەو

کاتانەی پێویستایە بڕۆم بۆ ڕاوەماسی، ئایا من نەبووم بۆتانم دەکردە پشوو؟

پاشان لە مەسەلەیەکەوە بۆ مەسەلەیەکی تر، (هەیمڵ) بە فەڕەنسی قسەی دەکردو بەردەوام دەبوو، دەیگوت:

زمانی فەڕەنسی جوانترین زمانە لەجیهاندا. ڕوون و ڕەوانترین و مەنتقیترینە، کە ئێمە پێویستە بیپارێزین و هەرگیز لەبیری نەکەین. خەڵکی کاتێک کۆیلە دەکرێت، کە زمانەکەی لێ قەدەغە بکرێت. ئەگەر زمانەکەیان بزانن وەک ئەوە وایە کلیلی بەندیخانەکەیان لەگیرفاندا بێت.

پاشان وانەی ڕێزمان دەستی پێ کردو وانەکەی پێ خوێندین، زۆر سەیر بوو، کە من تا ئەو ڕادەیە بە باشی لە وانەکە تێ گەیشتبووم. تەواوی ئەو شتانەی باسی دەکردن زۆر ئاسان، زۆر ئاسان، بۆم دەردەکەوتن.

هەروەها منیش پێم وابوو، کە هەرگیز وا بەم شێوەیە بە ئاگاوە گوێم نەگرتووە، ئەویش هەرگیز ئاوا بە هێمنییەوە وانەکانی ڕوون نەکردۆتەوە. وا دەردەکەوت وەک ئەوەی ئەم داماوە پێش ئەوەی ئێرە بەجێ بهێڵێت هەموو ئەو شتانەی دەیزانی بە ئێمەی بدات، بە جۆرێک هەمووی بخاتە مێشکمانەوە.

دوای ڕێزمان، وانەی ڕێنووسمان هەبوو. ئەو ڕۆژە (م.هەیمڵ) کەسایەتییەکی تری هەبوو بۆ ئێمە. بە خەتێکی تەواو جوان لەسەر تەختەڕەشەکەی نووسی: « فەڕەنسا، ئالیاس، فەڕەنسا، ئالیاس»، کە وەکو ئاڵای بچووک دەردەکەوتن، لە هەموو شوێنێکی پۆلەکەوە هەڵدرابێتن و لەسەر کورسییەکان بە دار حەیزەرانەوە هەڵواسرابێتن. ئێوەش دەبوو لەوێدا بوونایە، کە بتانبینیایە ئەو شتانە چ نەخش و نیگارێکیان دروست کردبوو. چۆن هێمنی باڵی بەسەر پۆلەکەدا کێشابوو. تەنها دەنگێک، کە دەبیسترا دەنگی خشانی نووکی قەڵەمەکان بوو لەسەر کاغەزەکان. لەناکاو چەند قالۆنچەیەک فڕینە ناو پۆلەکە، بەڵام هیچ کەس بایەخی پێ نەدان. تەنانەت منداڵە زۆر بچووکەکانیش لەوێدا بە پەت و چنگاڵی ماسیگرەکان یارییان دەکرد. وەک ئەوەی ئیرە فەڕەنسا بووبێت. کۆترەکان لە سەربانەکانەوە بە ئاوازێکی زۆر غەمگین دەیانخوێند. پرسیارێکم لە خۆم کرد:

ئایا دەتوانن وا لەم منداڵانە بکەن، بە ئەڵمانی گۆرانی بچڕن. تەنانەت کۆترەکانیش؟

هەر کاتێک سەرم لەسەر نووسینەکەم بەرز دەکردەوە، (م. هەیمڵ)م دەبینی، کە لەسەر کورسییەکەی مات ببوو و چاوی بڕیبووە کۆی شتەکان، وەک ئەوەی بیەوێت تەواوی شتەکان چۆن بوون لەو پۆلە بچووکەدا لەیادەوەرییدا جێگیریان بکات.

خەیاڵی بووا چل ساڵ، کە ئەو لەوێدا بوو، لە هەمان شوێن، کە هەمان شتەکانی وەک خۆی مابووەوە. باخچە بچووکەکەی کە لە پەنجەرەی پۆلەکەوە دەبینراو ئەو پۆلەی کە لە بەردەمیدایە، بەڵام تەنها کورسی و مێزەکان وردەوردە کۆنەو شەقوشڕ بووبوون.

دارگوێزی ناو باخچەکەی بەرزتر ببوو. لاولاوەکە، کە بەدەستی خۆی چاندبووی نزیکەی تەواوی پەنجەرەکانی سەرەوەی داپۆشیبوو. بەدڵنیاییەوە داماوە دەبێت چۆن دڵیان شکاندبێت بەوەی کە دەبێت ئێرە جێ بهێڵێت، گوێبیستی دەنگی پێیەکانی خوشکەکەی بوو، کە لە ژوورەکەی سەرەوە خەریکی قەدکردنی شتەکانیان بوو، چونکە سبەی پێویستە ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵن.

بەڵام زۆر ئازا بوو، کە توانی تاکۆتایی باسی تەواوی وانەکان بکات.

دوای وانەی ڕێنووس، وانەی مێژوومان خوێند. لەو کاتەدا منداڵە بچووکەکان دەستیان کرد بە چڕینی گۆرانییەکەیان:

«با، بێ بی، بۆ، بو» لەوێ، لەدواوەی پۆلەکە، هاوسەری بەساڵاچوو، چاویلکەکەی لە چاو کردو پەرتووکەکەی بە هەردوو دەستی هەڵگرت و دەستی کرد بە حونجەکردنی پیتەکان. لەگەڵ ئەواندا خۆزگە ئێوەش دەتانتوانی ببینن. لەناکاو بە دەنگێکی غەمگینی پڕ هەست و سۆز، کە زۆر پێکەنیناوی بوو گوێبیستی بووم لە قوڵپەی گریانی

Alphonse Daudet



دا. ئێمە هەموومان دەمانویست پێ بکەنین و بگرین. ئاه، چەند بەباشی لە بیرمە. ئەو دواهەمین وانەیە.

لەناکاو زەنگی کاژێری کڵێساکە لە کاژێر دوازدە لێی داو پاشان زەنگی دوعاخوێندن لێ درا. لە پەنجەرەکانەوە دەنگی بوقی سەربازە ئەڵمانەکان دەهات. (م. هەیمڵ) لەسەر کورسییەکەی هەستایە سەر پێ. ڕەنگی پەڕیبوو. من هەتا ئەوکاتە ئەوم ئاوا باڵابەرز نەبینیبوو.

«هاوڕێکانم. من، من»، بەڵام وەک ئەوەی شتێک دەستی لە بینەقاقای نابێت، نەیتوانی بەردەوام بێت.

پاشان ڕووی کردە تەختەڕەشەکەو پارچەیەک تەباشیری هەڵگرت و هەتا توانی بە هەموو هێزێکییەوە نووسی:

Vive la france [٣]

پاشان هیچی تری نەنووسی و سەری لار کردەوەو بەرانبەر دیوارەکەو بەبێ ئەوەی وشەیەک بڵێ بەدەست ئاماژەی بۆ کردین.

«خوێندنگا داخرا. دەتوانن بڕۆن»

*** پەراوێز:**

١- جۆرێکە لە کردار کە ئەرکی ئاوەڵناو یان ناو دەبینێت. لە کوردیشدا پێی دەڵێن: ناوی بکەر یان ئاوەڵناوی بکەر.

٢- ئالساس و لۆریان: ناوی دوو ناوچەی کێشەلەسەری نێوان ئەڵمانیاو فەڕەنسا بووە.

٣- بژی فەڕەنسا.

مەلەفی چیرۆکی فەرەنسی

Dossier Récits Français

پرۆفایل: گی دو مۆپاسان

گی دو مۆپاسان نوسەر و چیرۆکنووس و شاعیری فەرەنسی، لە ٥ی ئابی ١٨٥٠ لەدایکبووە و لە ٦ی تەمموزی ١٨٩٣مردووە. شەش ڕۆمانی نووسیوە، لە بەناوبانگترینیان ڕۆمانی (بیێل ئامی)ـە، لە ماوەی نێوان سالآنی ١٨٨٠ بۆ ١٨٩٠ ژمارەیەک کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە. چیرۆکی «ملوانکەکە» کە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تردا سـاڵی ١٨٨٥ بڵاوی کردەوە، بەناوبانگترین چیرۆکی ئەوە.

دوو هاوڕێ

نووسینی: گی دو مووپاسان

لە فەڕەنسییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی

قاتوقڕی و نەهامەتی دەستەویەخەی پاریس ببوون. بگرە چۆلەکەی سەربانەکان و جرج و مشکی ناو زێرابەکانیش کەم ببوونەوە. خەڵک چییان دەست بکەوتایە، دەیانخوارد.

بەرەبەیانێکی ساوی مانگی ژانوییە، میسیۆ مۆریسۆی سەعاتساز، خەمبارو بێکار، دەستەکانی خستبوونە نێو گیرفانە قوڵەکەی پانتۆڵە سەربازییەکەی و بە زگێکی برسی، درێژایی شەقامی دەپێوا. کتوپڕ تووشی هاوکارو هاوڕێیەکی بوو. میسیۆ سۆوڤاژ بوو، ئاشنایەکی لێوارئاو و ڕاوەماسی.

بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ، هەموو ڕۆژانی یەکشەممە، لەگەڵ کازیوەی بەیانی، مۆریسۆ قولاپێکی دارحەیزەرانی بەدەستەوە دەگرت و قوتوویەکی تەنەکەشی بەکۆڵدا دەداو دەچوو بۆ ڕاوەماسی. سواری شەمەندەفەری (ئارژەنتۆی) دەبوو و لە (کۆلۆمب) دادەبەزی، پاشان بە پێ، خۆی دەگەیاندە (دوورگەی مارانت). هەر کە دەگەیشتە ئەم شوێنەی خەونەکانی، دەستی دەکرد بە ڕاوەماسی و تا تاریکانی شەو، لەوێ دەمایەوە.

هەموو یەکشەممەیەکیش چاوی بە پیاوێکی کورتەباڵاو خەپە و دەم بە بزە دەکەوت، بە ناوی میسیۆ سۆوڤاژ، کە لە شەقامی (نۆتردام دۆ لۆرێت)، جلی پیاوانی دەفرۆشت و ماسیگرێکی شێلگیر بوو. ئەوان بەگشتی نیوەی ڕۆژیان شانبەشانی یەکتری تێ

دەپەڕاند، قولاپ بەدەست و لاق شل و وێڵ لەسەر ئاو؛ بەم جۆرە ببوونە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتری. هەندێ ڕۆژ، متەقیان لێوە نەدەهات. جارجارە پێکەوە دەدوان؛ بەڵام یەکتریان باش دەخوێندەوە، بێ ئەوەی شتێک بڵێن، ئەخر هەستی یەکسان و چێژی هاوبەشیان هەبوو.

بەیانی ڕۆژانی بەهار، دەوروبەری سەعات دە، ئەو ساتانەی یەکەمین تیشکۆڵەکانی خۆر، مژێکی سووکی -کە لەگەڵ ڕەوتی ئاوەکە دەچووە پێش- لەسەر ئەم چۆمە ئارامە بەرز دەکردەوەو پشتی دوو ماسیگرە هۆگرەکەی گەرم دادێنا، مۆریسۆ جارجارە بە هاوسێکەی دەگوت: «هۆی! چ کەش و هەوایەکی دڵنشینە!» میسیۆ سۆوڤاژیش وەڵامی دەدایەوە: «لەمە باشترم پێ شک نایە.» ئەم چەند ڕستەیەش بەس بوو بۆ ئەوەی لێک تێ بگەن و ستایشی یەکتری بکەن.

پاییزان، بەرەبەری کۆتایی ڕۆژ، کە خۆری دەمەو ئاوابوون، ئاسمانی خەڵتانی خوێن دەکرد، دیمەنی هەورە سوورە مەیلەو زەردەکانی دەخستە نێو ئاوەکەوە، گشت ڕووبارەکەی ئاڵ ئاڵ دەکرد، ئاسۆی دەبریسکاندەوە، مەودای نێوان دوو هاوڕێکەی وەک ئاگر سوور هەڵدەگەڕاندو ئەو دارانەی زێڕەوشان دەکرد، کە لەئێستاوە ڕەنگیان گۆڕابوو و یەکەمین کزەباکانی زستان ڕووتاندبوونییەوە، میسیۆ سۆوڤاژ، بە دەم بزەوە، ڕووی لە مۆریسۆ دەکردو دەیگوت: «چ دیمەنێکی سەرنجڕاکێشە!» مۆریسۆیش بێ ئەوەی چاوی لەسەر قولاپەکەی هەڵبڕێ، بە تاساویی وەڵامی دەدایەوە: «ئێرە لەسەر جادە زۆر باشترە، وا نییە دەنا؟»

هەر کە یەکتریان ناسییەوە، بە هەموو هێزەوە، دەستی یەکتریان گووشی، کەوتبوونە ژێر کاریگەریی یەکتربینین لە هەلومەرجێکی وا جیاوازدا. میسیۆ سۆوڤاژ، هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەبەر خۆیەوە گوتی: «تۆ سەیری ئەو ڕووداوانە!» مۆریسۆش، کزو غەمبار کڕووزایەوە: «ئەی ئەو کەش و هەوایە! ئەمە یەکەمین ڕۆژی خۆشی ساڵە.»

ئەوەی ڕاستی بێ، ئاسمان شین شین و تا بڵێی ساو بوو.

پێبەپێی یەک، خەفەتبارو دۆشداماو، ملی ڕێگەیان گرتەبەر، مۆریسۆ گوتی: «ئەی ڕاوەماسی؟ وا نییە؟ چ خۆشن ئەو بیرەوەرییانە!»

میسیۆ سۆوڤاژ پرسی: «کەی دیسان لەوێ یەک دەگرینەوە؟»

خۆیان بە قاوەخانەیەکی بچووکدا کرد، ئارەقێکی (ئابسەنت)یان خواردەوەو لەسەر شۆستەکان درێژەیان بە پیاسەکردن دا.

مۆریسۆ کتوپڕ ڕاوەستا: «دەڵێی چی پەرداخێکی تریش بخۆینەوە؟»

میسیۆ سۆوڤاژ قسەکەی ڕەت نەکردەوە: «هەر چۆنێ پێتان خۆش بێ.»

ئینجا سەریان بە دووکانێکی تری شەرابفرۆشیدا کرد.

کە هاتنە دەرەوە، سەریان لەگێژەوە دەهات،

لەتریان دەدا، وەک ئەو گەنجانەی تا بینەقاقا کهۆڵ دەخۆنەوە. هەوایەکی فێنکی هەبوو. شنەبایەکی لاوێنەر، ڕووخساریانی قدیلکە دەدا.

میسیۆ سۆوڤاژ، کە هەوا فێنکەکە زیاتر سەری گەرم دادێنا، لە جێی خۆی ڕاوەستا: «پێت چۆنە بچین؟

- بۆ کوێ؟

- کوڕە بۆ ڕاوەماسی.

- ئەخر بچینە کوێ؟

- دوورگەکەی خۆمان. مەتەرێزەکانی پێشەوەی فەڕەنسا لە تەنیشت کۆلۆمبن. من کۆلۆنێل دووموولەن دەناسم؛ زۆر بە سانایی دەهێڵن دەرباز بین.»

مۆریسۆ لە خۆشییان هەڵلەرزی: «قسەی تێدا نییە. لەگەڵتام.»

پاشان لێک هەڵبڕان تاکو کەلوپەلەکانیان هەڵگرن.

سەعاتێک دواتر، شانبەشانی یەکتری بەسەر شاڕێگەدا ڕۆیشتن. ئەوسا گەیشتنە بەردەم ئەو ڤێلایەی کۆلۆنێل دەستی بەسەردا گرتبوو. ئەو پێکەنینی بە داواکەیان هات و ڕەزامەندی خۆی دەربڕی. ئەوان بە خۆیان و وشەیەکی نهێنییەوە، دیسان کەوتنەوە ڕێ.

زۆری نەخایاند مەتەرێزەکانی پێشەوەیان تێ پەڕاند، بە کۆلۆمبدا ڕۆیشتن، کە پەپوو لێی دەخوێندو خۆیان لە داوێنی ڕەزێکی بچووکدا دۆزییەوە، کە بەرەو (سێن) شۆڕ دەبۆوە. دەوروبەری سەعات یانزە بوو.

لەبەرانبەریان، ئاوایی ئارژەنتۆی دەتگوت مردووە. بەرزاییەکانی (ئۆرژۆمۆن)و (سانوا) بەسەر گشت وڵاتدا زاڵ بوون. ئەو دەشتە هەراوەی تا (نانتێر) پان دەبۆوە، چۆل بوو، چۆلوهۆل لەگەڵ دارگێلاسە ڕووتەڵەو خاکە خۆڵەمێشی ڕەنگەکەی.

میسیۆ سۆوڤاژ، بە قامک ئاماژەی بە ترۆپکی چیاکان کردو لەبەر خۆیەوە گوتی: «پرووسییەکان لەوێن.» لەبەردەم ئەم دیمەنە کڕوکپەدا، ترس و دڵەڕاوکێ سەراپای گیانی ئەو دوو هاوڕێیەی داگرتبوو.

«پرووسییەکان!»، ئەوان هەرگیز نەیانبینیبوون، بەڵام لە چەندین مانگ لەوە پێشەوە، لەوێ، لە دەوروبەری پاریس، هەستیان پێ دەکردن، کە لەپشت پەردەوە بە هەموو هێزەوە، خەریکی کاولکردنی فەڕەنسا، تاڵان، قەتڵوعام و برسی هێشتنەوەی خەڵک بوون. ئێستا جۆرێک ترسی دروێینیش بەو ڕقەوە زیاد ببوو، کە ئەوان سەبارەت بەم نەتەوە نامۆو سەرکەوتووە هەیانبوو.

مۆریسۆ بە لاڵەپەتی، گوتی: «هۆی! ئەی ئەگەر هات و تووشیان بووین؟»

میسیۆ سۆوڤاژ، بە گاڵتەو جەفەنگێکی پاریسییانەوە، کە قەت پاشەکشە ناکا، وەڵامی دایەوە:

«فەرموویان دەکەین بۆ ماسییەکی برژاو.»

بەڵام لە نزیکبوونەوەی گوند دڕدۆنگ بوون، لەو بێدەنگییەی ناوچەکەی داگرتبوو، ترسیان ڕێ نیشتبوو. دواجار، میسیۆ سۆوڤاژ خۆی یەکلایی کردەوە: «دەی، با بڕۆین! بەڵام با ئاگادار بین.»

دووبەدوو بۆ نێو ڕەزێک شۆڕبوونەوە، بە خشکەخشک و لەسەر چۆک، بە خۆحەشاردان لەنێو مێوەکان، بە چاوی کراوەو گوێی شل، ڕۆیشتنە پێش.

پارچە خاکێکی ڕووتیان لەبەردەم مابۆوە تاکو خۆیان بگەیەننە لێواری چۆمەکە. دەستیان بە هەڵاتن کردو هەر کە گەیشتنە کەناری ئاوەکە، خۆیان خزاندە نێو قامیشە وشکەکانەوە.

مۆریسۆ، گوێچکەی بە عەرزەکەوە نا بۆ ئەوەی بزانێ دەنگی پێ لە دەوروبەر دەبیستێ یان نا. هیچی نەبیست. بە تەنیا خۆیان بوون، تەنیا خۆیان.

دڵنیا بوون و دەستیان بە ڕاوەماسی کرد.

لە بەرانبەریان دوورگەی مارانتی چۆلکراو، ئەوانی لە لێوارەکەی تر دەشاردەوە. ئەو ماڵە بچووکەی کرابووە چێشتخانە، داخرابوو و وێدەچوو چەندین ساڵ بێ وازی لێ هێنرابێ.

یەکەم ماسی، میسیۆ سۆوڤاژ گرتی، دووهەم ماسی مۆریسۆ، چرکە بە چرکە قولاپەکەیان بە ئاژەڵێکی بچووکی بریقەدارەوە بەرز دەکردەوە، کە بە سەری داوەکەوە پەلەقاژەی دەکرد؛ ڕاوەماسییەکی ڕاستەقینەو موعجیزەئاسا.

ماسییەکانیان بە هێمنی دەخستە نێو کیسەیەکی تۆڕی کوون ورد، کە لە بن پێیان دانرابوو. شادییەکی چێژبەخش بەسەریاندا زاڵ ببوو، شادییەکی ئەوتۆ، کە سەراپای گیانت دەگرێتەبەر، وەک ئەوەی بەسەر چێژێکی خۆشدا بکەویتەوە، کە ماوەیەکی زۆر لێی بێبەش بووی.

خۆر، تینەکەی بەسەر شان و پێلیاندا دەڕژاندە خوارەوە؛ ئیتر گوێیان لە هیچ نەبوو؛ بیریان لە هیچ شتێک نەدەکردەوە؛ دونیایان بە یەکجاریی فەرامۆش کردبوو و خەریکی ڕاوەماسی بوون.

وەلێ کتوپڕ دەنگێکی کپ، کە وێدەچوو لە بن خاکەوە بێ، عەردی ژێر پێیانی لەرزاند. گرمەی تۆپەکان دەستی پێ کردبۆوە.

مۆریسۆ سەری وەرسووڕاندو لەولا، لەسەرووی لێوارەکە، بەلای چەپەوە تاپۆی سامناکی چیای (والێریەن)ی بینی، کە پەڵەی سپی و مژێک لە باڕووت لەنێو قەدەکەی پەرش دەبۆوە.

پاشان لەچرکەیەکدا، چڕە دووکەڵێک لەژوور قەڵاوە ڕۆیشتە دەرو چەند سات دواتر، تەقینەوەیەکی نوێ بیسترا.

ئینجا، هی تر بەدوایدا هات و سات بە سات، چیاکە هەناسەی مەرگی هەڵدەکێشاو پەڵە مەیلەو خۆڵەمێشییەکانی دەدایە دەرەوە، کە بەشێنەیی بەرەو ئاسمانی مەنگ بەرز دەبوونەوەو هەورێکیان لەژوور سەری دروست دەکرد.

میسیۆ سۆوڤاژ شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی: «فەرموو، دەستیان پێ کردەوە.»

مۆریسۆ، کە بە نیگایەکی شەمزاو دەیڕوانییە بەرزی و نزمی قولاپەکەی، لەناکاو وەک پیاوێکی هێمن، کە دژ بەم شێتانە هەڵبچێ، کە ئاوا دەستەویەخەی یەکتری بوون، گلەیی کرد: «دەبێ زۆر دەبەنگ بن، کە ئاوا یەکتری دەکوژن.»

میسیۆ سۆوڤاژ گوتی: «لە ئاژەڵ خراپترن.»

مۆریسۆش، کە دڵی گیرابوو، گوتی: «دە بڵێ هەتا ئەو حکومەتانە هەبن، دەبێ ئەوە حاڵمان بێ.»

میسیۆ سۆوڤاژ هەڵیدایە: «کۆمارەکەمان شەڕی ڕانەدەگەیاند...»

مۆریسۆ قسەکەی پێ بڕی: «لەگەڵ پاشاکان لە دەرەوە شەڕمانەو لەگەڵ کۆماریش لە نێوخۆدا.»

ئەوان بەئارامی باسەکەیان دەست پێ کرد، بە لۆژیکێکی تەندروستی پیاوە نەرمونیانەکان، پەنجەیان خستە سەر گرفتە گەورە سیاسییەکان و لەسەر ئەو خاڵە کۆک بوون، کە مرۆڤ هیچ کات ئازاد نابێ.

چیای ڤالێریەن، بێ پسانەوە گرمەی لێوە دەهات، ماڵە فەڕەنسییەکان بە زەبری تۆپ خاپوور دەبوون، ژیانەکان دەفەوتان، بوونەکان لەنێو دەچوون، خەونەکان، خۆشییە چاوەڕوانکراوەکان، بەختەوەرییە بەئاواتخوازراوەکان کۆتاییان پێ دەهێنراو کۆمەڵێک ڕەنج و نەهامەتی بێ بڕانەوە لەنێو دڵی ژنان، لەنێو دڵی کچان، لەنێو دڵی دایکانی ئێرەو شوێنەکانی تر دەچێندران.

«ژیان ئاوایە»، میسیۆ سۆڤاژ وای گوت.

«باشترە بڵێی مردن ئاوایە»، مۆریسۆ بە پێکەنینەوە گوتی.

بەڵام هەستیان کرد کەسانێک لە پشت سەریان دەڕۆن و شڵەژاوانە ڕاچەنین؛ کە ئاوڕیان دایەوە، لە تەنیشتیان چوار پیاو، چوار پیاوی کەڵەگەت و ڕیشنیان بینی، کە وەک خزمەتکارەکان جلیان پۆشیبوو، کڵاوێکی پانیان لەسەر کردبوو و لوولەی تفەنگەکانیان لەوان گرتبوو.

دوو قولاپەکە لە دەستیان بەربوونەوەو کەوتنە نێو چۆمەکەوە.

لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، گیران، قۆڵبەست کران، بران، خرانە نێو بەلەمێک و ڕەوانەی دوورگەی مارانت کران.

لە پشت ئەو ماڵەی هەستیان دەکرد چۆڵ کراوە، چاویان بە نزیکەی بیست سەربازێکی ئاڵمانی کەوت. پیاوێکی دێوئاسای ڕیشن، کە وەک سواری ئەسپ بووبێ، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و مۆدنەیەکی گوڵداری دەکێشا، بە فەڕەنسییەکی پەتی لێی پرسین: «ئادەی پێم بڵێن کاکینە، ماسیتان زۆر گرتووە یان نا؟»

ئینجا سەربازێک توورەکە پڕ لە ماسییەکەی لە بن پێی ئەفسەرەکە بە عەرزیدا دا، کە تا ئەوێ بەپارێزەوە هەڵیگرتبوو. ئەفسەرە پرووسییەکە پێ کەنی: «باشە باش! دەبینم خراپ نییە، بەڵام با بچینە سەر باسێکی تر. گوێم لێ بگرن و مەشڵەژێن.»

«لە ڕوانگەی منەوە، ئێوە دوو سیخوڕن و نێردراون بۆ ئەوەی چاودێریم بکەن. دەتانگرم و گوللەبارانتان دەکەم. ئێوە وا دەنوێنن، کە خەریکی ڕاوەماسین تاکو بەرنامەکانتان باشتر بەڕێوە بەرن. ئێستاش کەوتوونەتە ژێر چنگمەوە؛ بەداخەوە بۆ ئێوە، ئێتر ئەمە جەنگە.

«بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئێوە مەتەرێزەکانی پێشەوەتان تێ پەڕاندووە، بەدڵنیاییەوە وشەیەکی نهێنیتان بۆ گەڕانەوە پێیە. ئەم وشە نهێنییەم پێ بدەن و دەتانبوورم.

دوو هاوڕێکە، کە لە ترسان ڕەنگیان ڕەش هەڵگەڕابوو و دەستیان کەمێک دەلەرزی، لە تەنیشت یەک بێدەنگ ڕاوەستابوون.

ئەفسەرەکە بەردەوام بوو: «کەس هەرگیز بەمە نازانێ، ئێوە بێ سەرئێشە دەگەڕێنەوە. ئەگەر بێت و ڕەتی بکەنەوە، ئەوا دەسبەجێ دەمرن. مافی

هەڵبژاردن بە ئێوەیە.»
ئەوان بێ ئەوەی زار لێک بکەنەوە، هەروا بێدەنگ و مات ڕاوەستابوون.
ئەفسەرە پرووسییەکە، هەمدیس خوێنسارد، قامکی بەرەو ڕووبارەکە ڕاداشت و تێ هەڵبۆوە: «بێننە بەرچاو، کە لەماوەی پێنج خوولەکدا لەنێو قووڵایی ئاوەکەدان. پێنج خوولەک! بێگومان دەبێ کەسوکارتان هەبێ!»
چیای ڤالێریەن هەروا گرمەی دەهات.
دوو ماسیگرەکە ڕاوەستابوون و نقەیان لێوە نەدەهات. ئاڵمانییەکە بە زمانی خۆی کۆمەڵێک فەرمانی دەرکرد. پاشان شوێنی کورسییەکەی گۆڕی بۆ ئەوەی لە دوو بەندکراوەکە زۆر نزیک نەبێ؛ دوانزە پیاویش هاتن بیست هەنگاو ئەولاترو چەک بەدەست جێگیر بوون. ئەفسەرەکە گوتی: «خولەکێکتان مۆڵەت پێ دەدەم، بێ چرکەیەک کەم و زیاد.»
پاشان لەناکاو هەستایە سەر پێ، لە دوو فەڕەنسییەکە نزیک بۆوە، پڕی دایە قۆڵی مۆریسۆ، دووری کردەوەو بە دەنگێکی نزم پێی گوت: «خێراکە، وشەی نهێنی. هاوڕێکەت هەرگیز پێ نازانێ، وا دەنوێنم بەزەییم نواندووە.»
مۆریسۆ، وەڵامی نەدایەوە.
ئەوسا ئەفسەرەکە میسیۆ سۆوڤاژی بردە سووچێک و هەمان پرسیاری لێ کرد.
میسیۆ سۆوڤاژ وەڵامی نەدایەوە.
دیسان خۆیان لە پەنا یەکتری بینییەوە.

ئەفسەرەکە فەرمانێکی داو سەربازەکان چەکەکانیان بەرز کردەوە.
لەو ساتەوەختەدا، نیگای مۆریسۆ بە هەڵکەوت کەوتە سەر کیسە پڕ لە ماسییەکە، کە چەند هەنگاو ئەولاتر لەسەر گژوگیا دانرابوو.
پووڵەکەی ماسییەکان، کە هێشتا دەجووڵانەوە لەژێر تیرێژی خۆردا دەبریسکانەوە. ئینجا هێزی ئەژنۆی شکا. هەرچەند هەوڵی دا پێش بە خۆی بگرێ، بەڵام نەیتوانی و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.
بە لاڵەپەتی گوتی: «ماڵئاوا، میسیۆ سۆوڤاژ.»
میسیۆ سۆوڤاژ وەڵامی دایەوە: «ماڵئاوا، میسیۆ مۆریسۆ.»
دەستی یەکتریان گووشی. لە نووکی پێ تا تەوقی سەریان وەک مێوژۆکە دەلەرزی.
ئەفسەرەکە گوڕاندی: «تەقە بکەن!»
دوانزە گوللە وەک ئەوەی یەک گوللە بن، بە یەکەوە تەقێنران.
میسیۆ سۆوڤاژ لەچاوتروکانێکدا بە لووت کەوتە سەر عەرز. مۆریسۆ، کە کەڵەگەتتر بوو، لەکاتێکدا ڕووی لە ئاسمان بوو و خوێن لە کونێکی چاکەتەکەی سەر سینگییەوە فیچقەی دەکرد، لاترەی بەست، بە لادا هات و بەپێچەوانەوە، بەسەر هاوڕێکەیدا کەوت.
ئاڵمانییەکە هەمدیس فەرمانی دەرکرد.
پیاوەکانی ون بوون، پاشان بە چەند تەناف و کۆمەڵێک بەرد گەڕانەوە، لە قاچەکانی دوو مردووەکەیان قایم کردن و بردیاننە قەراخ ڕووبارەکە.

Guy de Maupassant

چیای ڤالێریەن هەروا گرمەی دەهات و چڕەدووکەڵ بەسەر دوندەکەیەوە وەک هەوری لێ هاتبوو.

دوو سەرباز، مۆریسۆیان بە سەرو قاچ هەڵگرت؛ دوو دانەی تریش، میسیۆ سۆوڤاژیان بە هەمان شێوە بەرز کردەوە. جەستەکان لە چاوتروکانێکدا، ڕاژێنران و بە هەموو هێزەوە بۆ مەودایەکی دوور فڕێدران، جەستەکان لە حەودا کەوانەیەکیان دروست کرد، پاشان کەوتنە نێو ڕووبارەکەوە، سەرەتا لەسەر ئاوەکە مانەوەو ئینجا بەردەکان لەگەڵ خۆیاندا لاقەکانیان نوقمی نێو ئاوەکە کرد.

ئاوەکە شڵپەی هات، زاری لێک کردەوە، بۆ دەوروبەر بڵاو بۆوە، دواجار، پاش ئەوەی شەپۆلە وردەکانی سەریان لە کەنارەکان دا، ئارام بۆوە.

کەمێک خوێن سەر ئاو کەوت.

ئەفسەرەکە، کە خۆی بێدەنگ کردبوو، بە ئەسپایی گوتی: «ئێستا نۆرەی ماسییەکانە.»

پاشان بەرەو ماڵێ بەڕێ کەوتەوە.

کتوپڕ لەنێو گژوگیادا، چاوی بە کیسە پڕ لە ماسییەکە کەوت. هەڵیگرتەوە، چاوێکی پێدا خشاند، پێ کەنی، گوڕاندی: «ویلهێلم!»

سەربازێک بە پێشبەندێکی سپی خۆی گەیاندێ. ئەفسەرە پرووسییەکە، نێچیری دوو پیاوە گولـلەبارانکراوەکەی بۆ فڕێداو ئەمری کرد: «خێرا ئەو ئاژەڵە چکۆلانەم بۆ ببرژێنە، هەتا زیندوون. دەبێ بە چێژ بن.»

پاشان دەستی کردەوە بە مۆدنەکێشان.



پرۆفایل: مۆریس بلانشۆ

نوسەر و فەیلەسوف و تیۆریستی ئەدەبی فەرەنسی، (٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٠٧ بۆ ٢٠ ی فیبریوەری ٢٠٠٣)، گاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبووە لەسەر ڕێبازی پۆست بونیادگەری و بەتایبەتی جاك دریدا، لە گرنگترین گێڕانەوە ئەدەبییەکانی (تۆماسە نادیارەکە، شێتی ڕۆژگار، سزای مردن، چرکەساتی مردنم، ئەو هەنگاوەی کە لەودیوەوە نییە، بەرزترین).

چرکەساتی مردنم

نووسینی: مۆریس بلانشۆ

لە فەرەنسییەوە: فازڵ مەحمود

پیاوێکی گەنجم بیر دێتەوە ـ پیاوێکی هێشتا گەنج ـ کە خودی مەرگ ڕێگر بوو لە مردنی، لەوانەشە هەڵەیەکی نادادپەروەریی هێزەکان توانیبوویان لەسەر خاکی فەرەنسا سەقامیگر بن. ئەڵمانەکان بە شکستخواردوویی، بە بێڕەحمییەکی بێسوود، لەخۆڕا دەجەنگان. لەماڵێکی گەورەدا (کە پێیان دەوت کۆشك)، بەشێویەکی شەرمنانە لە دەرگایان دەدا. دەزانم پیاوە گەنجەکە هاتبوو بۆ کردنەوەی دەرگاکە، لەو کەسانەی کە بێگومان داوای یارمەتییان دەکرد.

ئەم جارەیان، نەڕەو و هاوارێك: هەمووان بۆ دەرەوە. ئەفسەرێکی نازی، بە زمانێکی فەرەنسی سادەی حەیابەرەوە، سەرەتا کەسە بە تەمەنەکانی کردە دەرەوەو پاشانیش دوو ئافرەتی گەنج.

«بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە». ئەم جارەیان دەینەڕاندو هاواری دەکرد. ئەم جارەیان پیاوە گەنجەکە هەوڵی ڕاکردنی نەدەدا، بەڵام بە کاوەخۆ دەچووە پێشەوە، تا ڕادەیەك بەشێوەیەکی قەشەئاسا. ئەفسەرەکە پاڵی پێوەنا، قەباخە فیشك و گوللەکانی پیشان دا، ئەوێ لە گۆڕەپانی جەنگ دەچوو، زەوی ، زەوی جەنگ بوو.

ئەفسەرەکە لەنێو زمانێکی سەیروسەمەرەدا لە پەلوپۆکەوت و کۆمەڵێك فیشەك و نارنجۆکی خستە بەردەم ئەو پیاوە گەنجەی بەرەو پیری دەچوو (زوو پیر دەبین) هاوارێکی کرد: «ئەمە هەمان ئەو شتەیە، کە چاوەڕوانتان دەکرد».

پیاوە نازییەکە پیاوەکانی ڕیز کرد تا بتوانن بەپێی ڕێساکان نیشانە لە مرۆڤایەتی بگرن. پیاوە گەنجەکە وتی: «لانی کەم بەیڵن کەسوکارم بگەڕێنەوە ماڵەوە». واتە: پوورە ٩٤ ساڵەکەی، دایکە گەنجەکەی، خوشك و براژنەکەی، گرووپێکی درێژو هێواشی هاوڕێیان، کە بێدەنگن، بەشێوەیەك هەموو شتێك پێشتر تەواو کرابێت. دەزانم ـ دەیزانم ـ من ـ ئەو کەسەی کە پێشتر ئەڵمانەکان کردبوویانە ئامانج، چاوەڕوانی هیچ نەبوو جگە لە بڕیاری کۆتایی، لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا هەستێکی سووکی ناوازە ئەزموون بکات، جۆرێك لە بەختەوەریی ئەبەدی (بەشێوەیەك، کە دوور لە شادی) بەختەوەرییەکی ئەبەدی؟ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ بەرانبەر بە مەرگ؟

لەباتی ئەو، من نامەوێت ئەو هەستە سووکییە تەفسیر بکەم. لەوانەیە لە پڕدا ئەو کۆڵنەدەر بووبێت. مردوو ـ نەمر. لەوانەیە جۆرێك لە خەڵسە. زیاتر دڵسۆزیی بۆ ئازاری مرۆڤایەتی، بەختەوەر نەبوون نە بۆ نەمری نە بۆ ئەبەدیبوون. لەم ساتە بەدواوە، لە ڕێگای هاوڕێیەتییەکی نەبینراوەوە گرێ درابوو بە مەرگەوە.

لەم ساتەدا، گەڕانەوەیەکی لەناکاو بۆ دونیا، دەنگێکی گەورە لە پێکدانێك لەو نزیکانەدا بەرگوێ کەوت. برایانی مەکی دەیانویست فریای یارمەتیدانی ئەو کەسانە بکەون، کە دەیانزانی لەبەرانبەر مەترسیدان. ئەفسەرەکە دوور کەوتەوە تا بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێت. ئەڵمانەکان لەڕیزەکاندا وەستابوون، ئامادەی مانەوە بوون لەو شوێنەی کە کات دەوستێنێت، بەڵام لەنزیکیانەوە کەسێك بە دەنگێکی جیدییەوە، وتی: « ئێمە، نە ئەڵمان، نە ڕووس»و بەجۆرێك لە لاقرتییەوە، وتی: «سوپای ڤالاسۆڤ»، دواتر ئاماژەی بۆ کرد تا لەوێ دوور کەوێتەوە. بڕوام وایە دوورکەوتەوە، هاوکات لەناو هەمان هەستی سووکیدا، تا لەکۆتاییدا گەیشتە دارستانێکی دوورەدەست، کە ناوی «دارستانی گسکەجاڕەکان» بوو، لەوێدا ئەو درەختانە، کە باش دەیانیناسی، بوون بە داڵدەی. لەو دارستانە شەخەڵەدا لەناکاو و پاش چەند ساتێك، دووبارە هەستی واقیعی بەدەست هێنایەوە. لە هەموو شوێنێك ئاگر کەوتبۆوە، کە بەدوای یەکدا ئاگر هەر بەردەوام بوو، هەموو مەزراکان دەسووتان. پاش کەمێك، تێ گەیشت، کە سێ کەسی گەنج، واتە کوڕی جووتیارەکان، کە نامۆبوون لەگەڵ هەر بەرخودانێکداو لە گەنجێتییان زیاتر هیچ زیانێکی تریان نەبوو، کوژرابوون.

هەروەها ئەسپە ڕامکراوەکان لەسەر جادە، لە کێڵگەکان، ئەوەیان پشتڕاست دەکردەوە، کە ئەم جەنگە درێژەی خایاندووە. لەڕاستیدا، چەند کات بە فیڕۆ چووبوو؟ کاتێك ئەفسەرەکە گەڕایەوەو هەستی بە دیارنەمانی گەنجە کۆشکنشینەکە کرد، بۆچی تووڕەبوون، هەڵچوون، پاڵی پێوەنەنابوو بۆ ئەوەی کۆشکەکە (وەستاوەو شکۆدارە) بسووتێنێت؟ چونکە کۆشك بوو. لەسەر ڕووی دەرەوەی کۆشکەکە، وەك بیرەوەرییەکی خۆڕاگر، مێژووی ١٨٠٧ هەڵکۆڵرابوو.

ئایا ئەوەندە خاوەن سەقافەت بوو بێت، کە زانیبێتی ئەمە ساڵی بەناوبانگی (ئێنا)یە، واتە ئەو کاتەی ناپلیۆن لەسەر ئەسپە بچووکە خۆڵەمێشییەکەی، لەبەر پەنجەرەکانی (هیگڵ)دا تێ دەپەڕی، واتە ئەو هیگڵەی ناپلیۆنی وەك (ڕۆحی دونیا) بەدی کردبوو، کە هاوکات ئەم وتەیەی بۆ هاوڕێیەکیشی نووسیبوو؟ درۆ و هەقیقەت، چونکە هیگڵ بۆ هاوڕێیەکی تریشی نووسیبووی، فەرەنسییەکان ماڵەکەیان تاڵان و کاول کردووە، بەڵام هیگڵ دەیزانی شتی ئەزموونی و جەوهەری لە یەك جیا بکاتەوە. لە ساڵی ١٩٤٤دا، ئەفسەرە نازییەکە ڕێزو ئیحترامێك یان حساب و کتابێکی هەبوو، کە مەزراکان دنەی ئەم شتەیان نەدەدا. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو شوێنێك گەڕان. هەندێك پارەیان هەڵگرت. لەنێو ژوورێکی جیادا، (ژووری باڵای بڕیاردان)، ئەفسەرەکە هەندێك کاغەزو دەستنووسێکی قەبەی دۆزییەوە، کە ناوەڕۆکەکەی پێ دەچوو پلانی جەنگی بووبێت. ئاخیرییەکەی بە ڕێکەوت. هەموو شتێك دەسووتا، جگە لە کۆشکەکە. ڕەچاوی شازادەو کوێخاکان کرابوو. لەو کاتەدا بێگومان بۆ پیاوە گەنجەکە ئازاری ناعەدالەتیی دەستی پێ کردبوو. چیتر خەڵسەیەك بوونی نەبوو. ئەم هەستە ئەگەر زیندووش بووبایە تەنیا لەبەر ئەوە بوو، کە لەپێش چاوی ڕووسەکان وەك کەسێك لە چینێکی باڵا دەردەکەوت. جەنگ ئەمە بوو: ژیان بۆ چەند کەسێك، بۆ ئەوانی تریش، بێبەزەییەکی قاتلانە. بەهەرحاڵ، تەقەکردنێك لەو نزیکانە لەچاوەڕوانیدا بوو، هەستێکی سووکی هەبوو، کە نازانم چۆن دەریببڕم: ئازادیی ژیان؟ ناکۆتاییەك، کە دەکرێتەوە؟ نە بەختەوەری، نە ماڵوێرانی، نە غیابی ترس لەوانەشە پێشتر شتێك نەك بەرەو سەرەوە. دەزانم، وێنای ئەوە دەکەم، کە ئەم هەستە تەفسیربۆنەکەرە ئەو بەشەی بوونی گۆڕی بێت، کە مابووەوە. وەك بڵێی پاش ئەمە مەرگ لە دەرەوەی ئەو نەیدەتوانی بەرکەوتنێکی تری لەگەڵ هیچ شتێکی تردا هەبێت، جگە لەگەڵ مەرگی ناوەوەیدا نەبێت. (من زیندووم. نە، تۆ مردووی).

پاش ماوەیەك، لە گەڕانەوە بۆ پاریس، مالرۆی بینی. ئەمیان بۆ ئەوی گێڕایەوە، کە زیندانی کراوە (بێ ئەوەی بناسرێتەوە)، توانیبووی هەڵبێت، لەوکاتەشدا دەستنووسێکی ون کردووە. (کە چەند تێڕامانێك بووە لەسەر هونەر، بە ئاسانییش دەکرێت سەرلەنوێ بەرهەم بهێنرێتەوە، بەڵام ناتوانی دەستنووسەکە بەرهەم بهێنیتەوە.) لەگەڵ ژان پۆلان چەند کەسێکیان سەرقاڵی توێژینەوە کردبوو، کە نەیاندەتوانی هیچ ئەنجامێك بدەن بەدەستەوە. گرنگی چییە. تەنیا هەستی پووچی دەمێنێتەوە، کە ئەویش مەرگە، بۆ ئەوەش وردتر قسەمان کردبێت، ساتی مردنم لەم ساتە بەدواوە هاوکات لە چاوەڕوانیدایە.

* سەرچاوە:

BLZNCHOT، Maurice، L›instant de ma mort، Paris، éd. Gallimard، 2002.

Maurice Blanchot

هیچ کاتێك بڕیار نییە وەرگێڕان جیاوازییەکان بشارێتەوە، بە پێچەوانەوە وەرگێڕان پیشاندەری ئەم جیاوازییانەیە، وەرگێڕان بەردەوام ئاماژە بۆ ئەم جیاوازییە دەکات. لەکاتێکدا، کە دەیشارێتەوە، بەڵام چەند ساتێکیش هەیە وەرگێڕان ئەم جیاوازییە ئاشکرا دەکات و پێداگریی لەسەر دەکات. وەرگێڕان بریتییە لە ژیانی ئەم جیاوازییە، پەیامی بەرزی وەرگێڕان و سەرنجڕاکێشییەکەی لەم جیاوازییانەدایە، کە دەردەکەوێت، ئەو کاتەی هێزە یەکخەرەکەی بە شانازییەوە دوو زمان لە یەك نزیك دەکاتەوە هاوشێوەی هێزەکەی هێرکۆل، کە کەناراوەکانی دەریا لە یەك دەدات. (مۆریس بلانشۆ)

ئەم کورتە چیرۆکەی لێرەدا بینیتان دوا نووسینی (مۆریس بلانشۆ)یە، کە لە زمانی یەکەمەوە وەرمگێڕاوە. زمان و ستایلی ئەم نووسینەی بلانشۆ وەکو زۆربەی ئیشەکانی تری چ لە ڕووی ڕستەسازییەوە و چ لە ڕووی خاڵبەندی و حیکاتخوانییەوە، بە تەکنیك و ئاڵۆزییەکی سەیر نووسراوە، بە جۆرێك، کە هەوڵدان بۆ کورداندنی دەقەکەو شاردنەوەی جیاوازییەکان و ستایلی نووسینی لە کوردیدا هەرچەند نەکردەیە، بەڵام کوشتنی شێوازی تایبەتی ئەم جۆرە نووسینانەشە. نووسینێك، کە تەنانەت هەوڵ دەدات لەو خاڵبەندییە باوانە، لەو شێوازە ڕستە دروستکردنانەی کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەمان بۆ پرسیارو یان کاتی سەرسووڕمان بەکاری دەبەین خۆی بدزێتەوە، بۆیە ئەوەی من لێرەدا هەوڵمداوە وەرگێڕانی دەقەکەیە نەك کوردانندنی. (و. ك)

مەلەفی چیرۆکی ئەڵمانی

deutsche
Erzählungs
Datei

پرۆفایل: ئینگەبۆرگ باخمان

شاعیرو چیرۆكنووس و ڕۆماننووسێكی ئەڵمانی بووە ، ساڵی ١٩٢٦ لە شاری (Klagfurt) ی وڵاتی نەمسا لەدایك بووە، لە ١٧ ی ئۆكتۆبەری ١٩٧٣ لە ڕۆما كۆچی دوایی كردووە، یەكێك بووە لە بەتواناترین ئەدیبەكانی سەدەی بیستەمی ئەدەبی ئەڵمانیا. بۆ ڕێزلێنان لێی خەڵاتی ئەدەبی (Ingeborg-Bachmann-Preis) لە ساڵی ١٩٧٧ بە ناویەوە هاتووەتە كایەوەو تا ئێستاش بە یەكێك لە گرنگترین خەڵاتەكان ئەژمێردرێت، خۆی گەلێك خەڵاتی پێبەخشێرابوو، لەوانە: خەڵاتی (Bremer literaturpreis)، (Der Georg-Büchner-Preis)، (Großer Österreichischer Staatspreis)، (Hörspielpreis)، (Anton-Wildgans-Preis).

بابەتی دكتۆراكەی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی كارەكانی فەیلەسووفی بەناوبانگ(مارتن هایدگەر) بووە ، لەگرنگترین كارەكانی ساڵی سێهەم (كۆمەڵە چیرۆك) ، خواباشەكەی مانهاتن(درامای ڕادیۆیی)، مالینا (ڕۆمان).

قافڵە و زیندووبوونەوە

نووسینی: ئینگەبۆرگ باخمان

لە ئەڵمانییەوە: کلارا جەمشید

کاتێك پیاوە بەساڵاچووەکە، کە مردبوو، دوای چەند هەنگاوێك بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی، تێ نەگەیشت بۆچی بیابانە پانوبەرینەکەی بەردەمی، لە پشتیشییەوە هەر ئەکشاو ئەیدا لە بەرینبوون. ئەو توانای ئەوەشی نەبوو بڵێت، ئەو بیابانە، کە بەبێ ماندووبوون لەسەری ئەڕۆیشت، بیابانێك بوو لە لم یان لە چیمەنتۆیەکی لووس، چونکە ئەو ڕووناکییەی کە ڕژابووە ئەو ناوچەیە، لە هیچ ڕووناکییەك لەو ڕووناکیانە نەئەچوو، کە ئەو لەوەوپێش ئەیناسین و بینیبوونی. نە ڕەنگی هەبوو نە سێبەر، بێ شەوق بوو، نەئەگیرا، درێژیی شەپۆلەکانی و خێراییەکەی نەئەپێورا، کەواتە ڕووناکی نەبوو، کەچی پیاوە بەساڵاچووەکە لەلای خۆی وای ناو لێ نابوو، ناوی لێ نابوو: ڕووناکی.

ئەو ناوچەیە ئەو خۆی لێ ئەبینییەوە، ناوچەیەکی زۆر سادەو ساکار بوو. لەهەر شوێنێکییەوە بهاتبایەو برۆیشتبایە، هیچ نەبوو بیکات بە نیشانە، بە هەموو چواردەووریدا وای ئەبینی، کە نە سەرەتا هەیە نە کۆتایی. سەرەڕای ئەوەش ئەیزانی، کە تازە هاتۆتە ئەو بیابانەو ئەگەڕێ. پیاوەکە هێشتا ئەو ئازارە توندەشی لە بیر نەچووبوو، کە لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا پەلاماری دابوو، دایگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەستێکی ناخۆشی لەلا پەیدابووبوو بەرانبەر بەوەی کە ئەوە لە ڕابردوودا بووەو لەئیستادا ئازاری نەماوە، هەروەها

بەبێ ماندووبوون ئەڕواتە ڕێوە.
کاتێك دوای ماوەیەك لە ڕۆیشتن دووبارە ئاوڕی دایەوە، خۆی بە تەنیا نەبینی، لە پشتی ئەوەوە لە دووریی ماوەیەك، کە ئەو نەیتوانی بیخەمڵێنێ، مێردمنداڵێکی دڵخۆش ئەڕۆیشت، کە سەری بەرز ڕاگرتبوو، چەند هەنگاوێکیش دوای ئەو، کچێکی گەنجی لەڕو لاوازی بینی، کە ڕەنگێکی سیلاویی هەبوو، باوەشە قژێکیش سەری داپۆشیبوو، کە لەوە ئەچوو زۆر بە زەحمەت بتوانێت هەڵیبگرێت.
پیاوە پیرەکە وای بۆ چوو، کە کوڕە مێردمنداڵەکەو کچە گەنجەکە بە بوونی ئەو بزانن، هەروەها بە بوونی یەکتر، بەڵام چۆن لەگەڵیان بگاتە تێگەیشتنێك، نەیئەزانی چۆن! ئەو وای بۆچوو، لەوانەیە لە هەمووی باشتر وا بێت، کە بووەستێت و چاوەڕێیان بکات تا ئەوان ئەگەنە لای ئەو.
بەڵام چەندێك هەوڵی دا، بە هەموو توانای خۆی، نەیتوانی بووەستێت. ئەمە مردنە، گومانی نەما، پیاو ناتوانێت چی دی بووەستێت.
چەند جارێکی دی ئاوڕی دایەوە، هەروەها دیقەتی یاوەرەکانی دا، بینی دووانی دیکەیان بۆ زیاد بووبوو، بەدوای کچە لاوازەکەوە گەنجێك هەنگاوی دەنا، کە بە دارشەق دەڕۆیشت. بەدوای ئەویشەوە پیرەژنێکی پشتکۆماوە دەڕۆیشت، کە بۆ ماوەیەکی کاتیی بووبووە کۆتاو دوایەمین کەسی قافڵەکە، چەند زیاتر (ڕەو)کردنەکەیان بیخایاندایە، هەروەها جەبەرووتی یەك شێوەیی (چوون گوڵی ئاپاسی) ئەو کۆمەڵە کەسە کەمەی بخستایەتە ژێر ڕکێفییەوە، ئەوەنە زیاتر

ئەو ڕەوە بێ ئامانج و بێ ناونیشانە هەریەکێکیانی غەمبارتر ئەکرد، هەرچەندە ئەگەر وایشبووایە، کە چیدی نەئەبووایە غەم ئەوانی لەباوەش بکردایە. هەست و بیرکردنەوە بە هیچ شێوەیەك نەسڕابووەوە، هەرچەندە ناوەڕۆکەکەیان زیندوو نەبوو، بەشێوەیەك، کە تەنها بەخۆیانەوە ئاڵابوون، بەبێ ئەوەی بزانن بەرەو کوێ، بەتەنیایی ئەسووڕانەوە. بیرکردنەوەیان ئەدایە دەم بیرکردنەوەوە.
هەندێك کات پیاوە پیرەکە وای ئەزانی، کە بەهار بوو، بایەکەش تەپڵی بە پەنجەرەکە لێ ئەدا، کاتێك کە ئەمردم. کوڕەکەم کەمانچە بچوکەکەی لێ ئەدا، ئامێرێکی زۆر زۆر بچووك، لەوەی کە دەنگی بە من بگەیشتایە. کچەکەم وتی: «بابە» چەند جارێك وتی: «بابە». بۆ سێیەم جار خۆر ئەو ساڵە هەڵهات.
هەندێك کاتیش کچە گەنجەکە وایدەزانی: کە بەهار بوو، بایەکەش تەپڵی بە پەنجەرەکە لێ ئەدا، کاتێك کە ئەمردم. دەستم لە دەستی ئەو پزیشکە کەللەشەق و خودان نەخۆشیی نزیکبینییەدا بوو، کە بە نەرمی ئەیگوشی و جاروبار ئەیوت: «چەند سەرو قژت جوانە!»
کوڕە گەنجەکە هەندێك جار قاچی بەتەوژم هەڵدەدایە پێشەوە، جارجاریش بەدەم ڕێوە دەستێکی ئەخستە گیرفانییەوە، وەك ئەوەی بیەوێت جگەرەیەك دەربهێنێت: بەهار بوو، منیش وامزانی خوا مردووە. ئەو دەستێکی قورس ئەخاتە سەر دەم، بۆ ئەوەی پیاو نەقیژێنێ، بایەکەش جێ دەهێڵێت بە سنگمان تەپڵ لێ دات، بە چاومان، بە ناوچەوانمان،

جگەرەکەش دەکوژێنێتەوە، پێش ئەوە پیاو بقیژێنێت (هاوار بکات؟).

جاروبار داپیرەکە مەیلی هەبوو ورتەورت بکات: ئاخ ئەگەر یەکێك ئاگرێکی بەردایەتە ئاگردانەکە، گۆرەوییە ئەستورەکانی لە پێم داکەندایەو بیبردمایەتە ناو جێ. بە هەردوو چەپۆك، با لە پەنجەرەکەی ئەداو بانگی ئەکرد: «خەو نەتباتەوە، ئاگر بکەرەوە لەئاگردانەکەدا، کڵاوە خورییەکەت لەسەرکەو بیرکەرەوە حیکایەتێك بۆ کوڕەزاکەت بهۆنیتەوە!» ئاخ، جا کوا کوڕەزاکەم بهاتبایەو تکای لێم بکردبایە، حیکایەتی بەرخەکەی جەژنی(؟) بۆ بکردبایە، کە ئەبێتە پەڵەهەورێك. ئاخ ، خۆزگە بایەکە لەپەنجەرەکەوە خۆی بکردبایەتە ژوورەوەو ئاگرێکی بکردبایەتەوە لە... ...

بە تەنیا مێردمنداڵەکە هیچی دەربارەی کەمانچەکە نەئەزانی، کە دەنگی کزبوو، هەروەها هیچی نەدەزانی دەربارەی ئەو کچانەی کە ئەیانوت بابە، دەربارەی قژی جوان و ئەو خوایەی کە هەرچەندە، کە مردبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەیتوانی قاچ و ڕانی لە لەش دابېڕێت، تەنانەت هیچی دەربارەی ئەو داپیرانە نەئەزانی، کە چاوەڕێی کوڕەزا ئەکەن و ناشتوانن ئاگر لە ئاگردانەکان بکەنەوە.

بەهار چییە؟ لە توانایدا هەبوو بپرسێت، بەڵام نەیپرسی. ئەوە خۆ بەهار نییە، ئەوەی ئێوە لێی ئەدوێن! ئێوە ئەبێت ئەوەم پێشان بدەن، ئەو بەهارە ئاڵتونییە شینە قەشەنگە، ئەوەی بەدوای خۆیدا چرۆی گێلاس و کلیلی ئاسمانی زەنگلێدەر ئەهێنێت، ئەوەی پەریی عەرەبانەی هەورەکانی لێ ئەخوڕێ ، خۆریش وەك وێنەیەکی ئاگراوی هەڵئەگرێت. ئەوەی تیرەکانی زستان پێش ئەوەی پێی بگەن ئەشکێنەوە. ئۆهـ ، ئێوە چی ئەزانن دەربارەی بەهار!

ئەو ئەیتوانی باوەڕ بە کەسیان نەکات، کە کات بەهار بوو، کاتێك باهەڵکراوەکان تەپڵیان بە پەنجەرەکانی هەتیوخانەکە لێ ئەدا، ئەو شوێنەی کە بەدرێژایی ژیانی بەبێ دەنگی و بە بێ جووڵە بە بەردەوامی لە هەمان جێگا کەوتبوو...؟ چاوەڕێی ئاوازی زۆر جوانی دەکرد.

مامەڵەكردن به خەووە

نووسینی: ئینگەبۆرگ باخمان

لە ئەڵمانییەوە: كلارا جەمشید

ئێوارە دوا كەس بووم، باڵەخانەكەم جێ هێشت، ئەبووایە كلیلەكەش بدەمە دەست (چاودێری بەردەرگاكە)، پێش ئەوەی بگەمە ناو دەرگاكەو بەرەو ڕێگای ماڵەوە بە ڕێ بكەوم، ئەوەم بۆ ئەمایەوە هێشتا پێی هەڵسم: لەبیرمدا بەسەر ئەو كارانەی كە كراون بچمەوە. ئەبووایە توانای ئەوەم هەبێت، بیهێنمە پێش چاوم، ئایا هەموو كاغەزەكان كاریان لەسەر كرابوون، كۆكرابوونەوەو خرابوونە ناو چەكمەجەكان و كلیل درابوون، هەموو (مەوعیدەكان) و (كاتی كۆبوونەوەكان)ی (بەڕێوەبەرەكانم،...)م لە ڕۆژژمێرەكەدا (نووسیوەو دیاریيم كرووە). هەندێك جار لەبەر دوودڵی ئەبووایە بگەڕێمەوەو جارێكی دی هەموو ئەوانە بپشكنمەوە، كە كاری من بوون، من ئەبووایە جێبەجێیان بكەم.

بەردەوام ماندوو بووم، كاتێك لەسەر ڕێگای ماڵەوە بووم و ئەگەڕامەوە، ماندوو وەك شەقامەكان، ئۆتۆمبێلەكان و خەڵكی پیایدا دەڕۆیشتن و لەناو تەپوتۆزدا ون ئەبوون. زۆر دەگمەن دوا دەنگەدەنگم گوێ لێ ئەبوو، (با)ش بەهەمان شێوە، كاتێك لە (پارك)ـەكەدا هەڵی ئەكرد، باڵندەكانیش، كاتێ بە جریوەجریو بەسەر سەربانەكانەوە كاتی خۆرئاوابوون بەرەو گردەكانی دەرەوەی شار بەسەر ڕەزی تریكانا ئەفڕین.

ئەفڕین...

ڕێگاگەم بردمی بەرەو (چەقی) شار.

لە پەنجەرە پێشانگائاساکانی دووکانەکەدا، ئەو سێبەرانەی کە دەرئەکەوتن، ئەو شتانەی کە بەسەریەکدا کەوتبوون، لێڵ دەریان ئەخست، بەڵام بەیناوبەین ڕووناکی گڵۆپی نیۆن، گڕێکیان بەرز ئەکردەوە وەك دزوو ئەیانگرتە پەنجەرەکان. تیشکە ڕەنگاوڕەنگەکە ڕووبارئاسا ئەڕژایە سەر قەراغی شەقامەکەو لەوێشەوە بۆ سەر شەقامەکە، نووسراوی ڕێکلامە ڕووناکییەکانی لە بەرزترین سەربانەکانەوە لەگەڵ ئەو ئەستێرانەدا ئەدوان، کە کز بوون و تازە سەریان لە ئاسمان دەرئەهێنا، دواییش گەورەو گەشاوە نزیك ئەبوونەوە.

لەئێوارەی هاوینێکدا جارێکیان وەستام، بەحاڵ هەستم بەوە کرد، کە وەستاوم، لەبەردەم پەنجەرەی دووکانێکدا، هێشتا تەوژمی با بەنەرمی پاڵی پێوە ئەنام، چەقیم و بێ خەیاڵ دیقەتی ناو پەنجەرەکەم دەدا، دیقەتەکە ئەوەندەی بۆ ناوەوەی خۆم بوو، ئەوەندە بۆ دەرەوە نەبوو. لە کاغەزی تەنك، لەوانەی ئەم دیـو و ئەو دیویان لێوە دیارە، پاکەتی گەورەو بچووك خۆیان پێشان ئەدام، شێوەیان جیاواز، بە قردێلەوە بەسترابوون. قردێلەکان وەك ئەوەی نەسیمێك بیانجووڵێنێت، لەپشت پەنجەرەکەوە لەرزەلەرزیان بوو. کاتێك وریا بوومەوە، گەڕامە دواوە تا قەراغی شۆستەکەو سەرم هەڵبڕی، بۆ ئەوەی سەیری تابلۆی دووکانەکە بکەم، بەڵام من هیچم نەبینی، تەنانەت ناوی خاوەن دووکانەکەش لە هیچ شوێنێکدا دیار نەبوو. لەتەنیشت پەنجەرەکەوە، لەناو دەرگاکەدا پیاوێك پاڵی بە دەرگاکەوە دابوو، سەبیلێکی دانەگیرساوی بە لالێوییەوە گرتبوو، هەردوو قۆڵیشی خستبوونە سەریەك بەسنگییەوەو بەپێچەوانەوە. قۆڵی چاکەتەکەی و یەخەکەی وەك دەزوو باریك دیاربوون و زەق دەرکەوتبوون، لەبەر زۆریی ڕووناکی، یان زۆریی تاریکی. لە خاوەن دووکانەکە ئەچوو، خاوەن دووکانێك، ئارەزوونەکردنی ئەوانەی بە بەردەم دووکانەکەیدا ئەڕۆیشتن، ئەویان بەرامبەر دووکانەکەی بێ ئارەزوو کردبوو، چونکە ئەو وادیار بوو، زۆر بەخۆیەوە خەریك بێت، وەك ئەوەی پیاو دەمێك بێت ئەوەی پێ ڕەوا بینرابێت.

من وامزانی، بەبێ هیچ تەکلیفکردنێك ئەتوانم بچمە ژوورەوەو سەیری شتەکانی دووکانەکە بکەم، هەرچەندە بیریشم کەوتەوە، پارەیەکی زۆر کەمم پێیە، خـۆ ئەگەر لەوەش زۆر زۆر زیاترم پێ بووایە لە کۆی پارەکەم، هەر بیرم بۆ ئەوە نەئەچوو، شتێك بکڕم، هەروەها نەشمئەزانی لەو دووکانە چی ئەفرۆشرێت. جگە لەوانەش نەمئەوست هیچ پێویستییەکیش بەبێ نەخشەی پێشوەخت بکڕم، چونکە ئەو کاتە زۆر بەورياييەوە، بەشێکی زۆری مووچەکەم ئەخستە لاوە، بۆ ئەوەی لەزستاندا بتوانم بۆ شاخەکان سەفەر بکەم - ڕاستییەکەشی بۆ ئەوەشم نەبوو، بەڵام لەلای هاوڕێکانم وامئەوت. من پارەم ئەخستە لاوە، لەبەر ئەوەی ئەمویست پارە بخەمە لاوە، من ئیشم ئەکرد لەبەر ئەوەی دەمویست ئیش بکەم، من هیچم بە

خۆم ڕەوا نەئەبینی، لەبەر ئەوەی خۆم هیچم بە خۆم ڕەوا ئەبینی، من نەخشەشم دائەڕێژا، لەبەر ئەوەی بە ڕاستم ئەزانی بە نەخشە بێم و بڕۆم.

کڵاوەکەم لەسەرم لابردو ڕووم کردە فرۆشیارەکە.

«پەنجەرە پێشانگاییەکانت خراپ ڕووناك کراونەتەوە»، بە گللەییەکی زۆرەوە بە خاوەن دووکانەکەم وت: «من ئەمەوێت ئەو شتانەی داتناون بە بوونی ڕووناکییەکی باش، ببینم. «

«ئەتەوێت چی بە بوونی ڕووناکییەکی باش ببینیت؟»، ئەو بە دەنگێکی نەرمەوە پرسیاری لێ کردم، بەڵام بە گاڵتەپێکردنەوە.

هاکەزایی و بەبێ دیاریکردنێکی تەواو بۆ کامەیان، دەستم درێژ کرد بۆ یەکێك لەو شتانەی من لەڕێگای پەنجەرەکەوە بینیم، لەکاتێکدا لەبەر فزولیم، چوومە تەنیشت پیاوەکەوە لەناو دەرگاکەدا، بۆ ئەوەی جوانتر ناو دووکانەکە ببینم.

شتومەکی کۆن و بێسوود، ناو دووکانە بە ئاستەم ڕووناکەکەی پڕ کرد بوو، لە پشت میزی پارە ژماردنەکەوە پەردەیەکی چنراو دووکانەکەی جیا کردبووەوە لە ژوورەکانی دی. لەوە دەچوو هەوا وەستابێت. تۆزیش بە تێپەڕبوونی کات، وردەوردە بەبێ ئەوەی کەس هەر پێشی بزانێت بەسەر شتومەکەکانەوە نیشتبووەوە، بە تاقی تەنیا مێشێکی گەورەو قەڵەو، کە لەوە دەچوو ڕێگای لێ تێکچووبێت، بەدەوری گڵۆپەکەدا ئەسوڕایەوە، ئەوەی بە ڕووتی بەئاسمانەوە جۆلانەی دەکرد.

بە دیوارێکەوە چەند ڕەفەیەك هەڵواسرابوون، پڕ کرابوون لە شت، بەڵام بەتەواوی نەمدەزانی شتن، یان کارتۆنی بەتاڵن، بەوەدا هەر بەینبەین قردێلەیەك شۆڕبووبووەوە، وەك ئەوەی شتیان تیادابێ. هەستم بە دەستی فرۆشیارەکە کرد بەسەر شانمەوە، پاڵێکی پێوەنام بۆ ناو دووکانەکەو دەرگاکەی داخست. پاشان بەرەو پلاکی گڵۆپەکە چوو، پەنجەی خستەسەری. سەرسوڕماو، زەندەقچوو، دیقەتی یەك بەیەکی جووڵەکانیم دەدا. ئەو بەتەمای چییە لەگەڵ من؟ ئەو دەیتوانی لێم بدات، جزدانەکەم لێ ببات...

لە سەرلێشێواویمدا، نەمتوانی بچم بۆ لای دەرگاکەو بڕۆمە دەرەوەو خۆم ڕزگار بکەم، بە بێدەنگی وەك لاڵ مامەوە، دڵیشم ترپەترپەکەی ئەگەشتە قوڕگم.

«ئەگەر تۆ بتەوێت خەوێك ببینیت، ئەبێت ژوورەکە تاریك بکەم»، بۆی ڕوون کردمەوە بەهێمنی، گڵۆپەکەی کوژاندەوەو چوو بۆ لای پەنجەرەکەو لەوێوە کەمێك ڕووناکیی گڵۆپەکانی شەقامەکە ئەهاتە ژوورەوە، پەردەکەی ڕاکێشا.

من هەر لە جێی خۆم نەجوڵام، ویستم پرسیاری لێ بکەم، مەبەستی چییە لەوە» «گەر ئەتەوێت خەوێك ببینیت...»، بەڵام پێش ئەوەی دەم بکەمەوە، لە دوورەوە چەند پاکەتێکی بچووکی بێجوزڵە موژدەی چەند شتێکی سەرنجراکێشیان پێ دام، شەوقیان لێ ئەباری و ئەدرەوشانەوە، ڕەنگەکانیان تاك و تەنیا بوون و لە هیچ شوێنێکی دی نەمبینیبوو، ماوەی نێوان من و ڕەفەکان زۆر کەم بووبووە، هەر نەمابوو، هەر

ڕەنگی سوورو زیویی بوو، لەبەردەم چاو وەستابوون، بێ ئەندازە نزیك و تێروپڕ، پانی و بەرزی و قووڵی هەڵگیرابوو، نەمابوو، ئەوەندە گەرمام بوو، هەستم بۆ بارەکەی خۆم نەما، بە حاڵ هەناسەم دەدا، وام هەست دەکرد کەوتوومەتە قوڵایی ئاوێکەوە، منی هەڵگرتبێت و منیش خەوتبێتم، تەنانەت ئەگەر چاوەکانیشم بەکراوەیی ڕابگرتبایەن.

هۆشم هاتەوە بەرخۆم، کاتێك لە یەکێك لەخەوەکانمدا ئانام بینی، ئەو لەسەر پاپۆڕێکی سپی گەورە وەستابوو. باڵای بە توێکڵی سپی بریسکەدار داپۆشرابوو، دەستیشی بەرەو من درێژ ئەکرد. لە سەرووی قژە لوولەکەیەوە، باڵندەیەکی ڕەشی گەورە ئەسووڕایەوە، بایەکەش قژە لوولەکەی هەر زوو زوو ئەخستە لاوە. من لەوە دەترسام باڵندەکە برینداری بکات، یان بیدا بەزەویدا، لەبەرئەوە هەر خێرا دەستم خستەسەر چاوم و بەدوای خەوێکی دیکەدا گەڕام. تۆپی ئاڵتوونی بەردەبوونەوە سەر زەوی، بەبێ ئەوەی لەکەسێکەوە فڕێبدرێن و هەڵبدرێن، تۆزێ خۆیان لە زەوی بەرز دەکردەوەو بەدوایدا بەر دەبوونەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دی بەرز ببنەوە، بەڕاستی یارییەکی زۆر جوان بوو، ئارەزووم ئەکرد منیش ئەو یارییە بکەم، کەچی دووبارە ڕووم بەرەو ئانا وەرچەرخاند. بیرم کەوتەوە، من دەمێکە ئەوم نەدیوە، بیرم لەوەش کردەوە، ئەبێ ئەو چی بکات لەسەر پشتی ئەو پاپۆڕە، چونکە ئەو وەك من لەشاردا ئەژیا، ئەوەی کە ئێمەش دەمێك بوو یەکمان نەدیبوو، خەتای منی تیادا نەبوو. ئەو وایدەویست، یەکتر نەبینین، کەچی ئێستا لەپڕ دەستی بەدوای مندا درێژ کرد، لەوانەشە ویستبێتی، من لەو باڵندە ڕەشە. بپارێزێت.

«ئەو خەوەیان من ئەمەوێت بیبەم لەگەڵ خۆم»، من وتم، « ئەوەش هەر ئەمەوێت بیبەم، تکایە گلۆپەکە دووبارە داگیرسێنەرەوە!»

لە ڕووناکییە ئەلەکترۆنییەکەدا ڕەنگی پاکەتەکان چووبوونەوە، نادیارو تۆزاویی دانرابوون لەڕەفەکاندا. چاوەکانم کزەکزەیان دەکرد، بە دەستیشم دڵۆپە ئارەقەکانی ناوچەوانم سڕی، پاشان لە مێزەکە نزیك بوومەوە. فرۆشیارەکە قەڵەمێکی ڕەش و دەفتەریکی حساباتی لە چەکمەجەی مێزەکە دەرهێنا. پێش ئەوەی ئەو دەست بە نووسین (حسابکردن) بکات، من دەستیم گرت، لە ترسی ئەوەی نەتوانم ئەوەنەی ئەو دەیویست، ئەوەندە پارەی بدەمێ، «من تەنها یەك خەو ئەکڕم»، بەپەلە وتم، «ئەمەوێت تەنها ئەو خەوەی کە بە ئاناوە بینیم بیکڕم...»، بەڵام یەکسەر قسەکەی خۆم ڕاست کردەوە، «... تەنها ئەوەی، کچێك لەسەر پاپۆڕە گەورە سپییەکەیە.»

خەیاڵبردوو، چەند ژمارەیەکی نەشیاو بۆ خوێندنەوەی خستە سەر کاغەزێك لەتەنیشت دەفتەرەکەوە، وەك ئەوەی ماندوویەتییەکی زۆری بوێت، نرخەکان لێك داتەوەو کۆیان کاتەوە.

«یەك چرکە بە ڕووخسەتت»، ورتەورتی کردو دوای ئەوەش خەتی ئەستووری بەسەر هەموو نووسینەکەیدا هێنا.

منیش پێکەنینێکی گاڵتەئامێزم بەرانبەر کرد.

دوای ئەوەی ملیوانی کراسەکەی ڕێك خست، دەنگی بەرز کردەوەو وتی: «من خۆ گاڵتەت لەگەڵ ناکەم. لەوانەیە، تۆ وا تێ گەیشتبێتی نرخپێدانی ئێرە بە پارەیە، بەڵام تۆ هەر ڕۆژێك دێت بزانیت، خەو لە هیچ شوێنێك بە پارە ناکڕدرێت. تۆ دەبێت بە کات نرخەکەی بدەیت. خەو نرخی کاتە، هەندێکی کاتێکی زۆری ئەوێت. ئێمە خەوێکمان هەیە -لەوانەیە بتوانم پێشانت بدەم-، بۆ نرخی ئەوە داوای هەموو کاتی ژیانی کەسەکە دەکەین.»

«سوپاس»- من قسەکەم پێ بڕی، چونکە بەر چاوم لێڵ ببوو، سەرم گێژی دەخوارد- «من ئەترسم ئەوەندە کاتم پێ نەبێت، من تەنانەت کاتم بۆ ئەو خەوە بچووکە پێ نییە، کە زۆر دەمەوێت.» زۆر لێی نزیك بوومەوەو بە چاوی جارانەوە ڕووم تێ کردو پێم وت: « من زۆر لەوە زیاتر، کە تۆ بتوانیت پێی بزانیت، ئارەزووی ئەو

پارەیەکی زۆرزۆرت بدەمێ، تەنانەت ئامادەم هەموو ئەو پارەیەی تائێستا پاشەکەوتم کردووە پێت ببەخشم، بەو مەرجەی ئەو خەوەم بدەیتێ، بەڵام کارەکەم پێش کاتەکامە، ئەو چەند ڕۆژە، کە ماویشمە بۆ خۆم، بە تەمام لەزستاندا، تێیدا بچم بۆ شاخەکان. تەنانەت ئەگەر نەچم بۆ ئەوێ و دەست لە کاتی حەسانەوەو سەفەر بۆ خۆم هەڵگرم، ئەوا هەر بەشی ئەوە ناکات ئەو خەوە گرانبەهایە بکڕم.»

فرۆشیارەکە بێ ئەوەی یەك وشەم بەرانبەر بە فیڕۆ بدات، دەفتەرەکەی فڕێدایە ئەوسەری مێزەکەو هەڵسایە سەرپێ و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. بێ ئەوەی بواری ئەوەم بدات بە هەڵە لێی تێ بگەم، دەرگاکەی کردەوەو ئاماژەی ئەوەی پێدام، یەکسەر ڕاستەوڕاست بچمەدەرەوە. من چوومە دەرەوە، بەڵام هەروا بەئاسانی نەچوومە دەرەوە، هەرچی ئازایەتی و توانام هەیە بۆ ئەوەی بچمە دەرەوە پێویستم پێی هەبوو، هەرچی دڵرەنجان و نائومێدیشم هەبوو، کۆم کردەوەو لەگەڵ خۆم بردم، گومانم لەوە نەبوو، هەموو توانام بۆ تێگەیشتن لەدەست دابوو، بە یەکجاری هەر شێت بووبووم. شەڕێکی کورتی بەهێزم لەگەل خۆم کرد، بەوەی خۆم بەوە خەتابار کرد، زۆر بایەخم بەو دووکانە دابوو، کە هەرگیز نەمدەتوانی بچمە دەرەوە، هەرگیز ناشمەوێت لێی بچمە دەرەوە.

«گوێ بگرە بەڕێز»، هاوارم بەسەر پیاوەکەدا کرد، هەرچەندە ئەو چی دی سەیری نەئەکردم و بێبارو ساردوسڕ ڕووی لە شەقامەکە کردبوو، «من ئەمەوێت بیری لێ بکەمەوە، من بیری لێ دەکەمەوەو بەیانی دووبارە دێمەوە. خەوەکەم بۆ بخەرە لاوە، مەهێڵە کەس پێش من بێت و لێم بەرێت!»

پێش ئەوەی پاکانە بۆ خۆم بکەم، چوومە دەرەوەو بە شەقامە تاریکەکەدا شۆڕ بوومەوە.

زۆر درەنگ نووستم، کاتێك خەو کەوتە چاوم، ڕووناکی سەرلەبەیانی هەڵماویی خۆی لە چاوەکانم ئەسویی، یەکسەر بەدوای ئەوەشدا ڕاچڵەکیم و خەبەرم بوویەوە، چونکە درەنگ بوو، تەنانەت هەر خەریك بوو زۆر درەنگ بێت، بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بگەمە کارەکەم.

ڕۆژ نەیدەویست بڕوات و ئاوابێت، سەرەڕای هەنگاوە خێراکانم، خێرا پەلاماردانەکانی دەستم، دووقات خۆماندووکردن، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە ئیشەکانم بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە تەواو بکەم. دەترسام لەوەی ئەو ڕۆژە چی دی لەوەو دوا، نەتوانم هیچ کەسێك دڵڕازی بکەم، هیچ کارێك بەڕێکوپێکی تەواو بکەم، هیچ داواکارییەك جێبەجێ بکەم، هیچ وەك خۆم نەمێنم، چی دی لە خەو هەڵسانم نەمێنێت، ئەگەر خەوێك میوانی من نەبوو، یان من لە هیچ خەوێکدا نەبووم و پێی نەگەیشتم.

ئێوارە لەم شەقامەوە دەچووم بۆ ئەو شەقام، بەبێ ئەوەی یەکێکیان نەپێوم، دەرابەکانی دووکانەکان خڕەخڕی هاتنەخوارەوەیان دەهات، بەسەر پەنجەرەی شت بەرچاوخستنەکان، لەبەردەم هەریەکێکیاندا

ڕادەچڵەكیم، بەبێ جیاوازی، چونكە لەوە دەترسام، بەبێ ئەوەی بمەوێت، گەیشتبێتمە بەردەم ئەو دووكانەی، من بەدوایدا دەگەڕام، بەڵام نەمەوێت بچمە ژوورەوەی و خۆمی لێ بدزمەوە.

دوای ئەو گەڕانەوەیەم بۆماڵەوە، زۆربەی جارەكان ڕێگای چوونە ماڵەوەم لێ ئەبوو بە دۆزەخ، ئەشكەنجەی ئەدام، تا ئەو ڕۆژەی بڕیارم دا، سەرلێشێواویی و وروژانم كۆتایی پێ بهێنم. بەتەما بووم بچمەوە ئەو خەوە ببینم، لەگەڵ خاوەن دووكانەكە دووبارە بدوێم و باوەڕی پێ بهێنم نرخەكەی ئەوەندە كەم بكاتەوە، من بتوانم بیبینم.

تۆ بڵێی نەتوانم بیكڕم!

كاتێك لە باڵەخانەكە نزیك بوومەوە، ئەو باڵەخانەی دووكانەكەی لێ بوو، تەختەو شێلمانێكی ئەوەندەم بینی، تا سەربانی باڵەخانەكە دەگەیشت. سەتڵی پڕ لە چیمەنتۆ، ماڵنج و خاكەنازو... لەسەر ڕێگاكەی بەردەمی بە ڕیز دانرابوون، بەرانبەر ئەو شوێنەی، پێش ئەو كاتە دووكانێكی پڕ لە كارتۆنی لەسەریەك دانراوی، خوا ئەیزانی چی تیادابوو، هەبوو. لەوێدا تەنها چوار دیواری ڕووتی خاوێن دەبینران، پەنجەرەكەش لە چوارچێوەكەی دەركرابوو.

كرێكارێك لەسەر پەیژەكەوە بازی دایە خوارەوەو هاتە بەردەمم وەستا.

من لەسەرخۆبووم، پرسیارم لێ كرد، دەبێت خاوەنەكەی بەرەو كوێ چووبێت و گواستبێتییەوە، ئەو نەیزانی، تەنانەت نەیدەزانی پێش ئێستا دووكانێك لەوێدا بووە، «لەوانەیە بەڕێزت ژمارەی باڵخانەكەت هەڵە كردبێت»، ئەو بە منی وت.

«نەخێر»، بەپێچەوانەی ئەو، وەڵامم دایەوە، لەكاتێكدا لەبیركردنەوەمدا پەرشوبڵاو بووم، «نەخێر، من هەڵەم نەكردووە.»

شەو داهات، ئەو شەوە ئەوەندە بە قووڵی و ئارامی نووستم، لەچاو ئەو بێئارامییە لەرزهێنەی تا ئەو شەوە بەرچاوی لێڵ كردبووم. نووستنێك، ئارامییەكی لەگەڵ خۆی هێنابوو، هەرگیز نەدهڕەوییەوە. من نووستم و گوێم لەو لوورەلوورە نەبوو، بەردەوام لێ دەدرا، باڵندەكانیش لەبەردەم پەنجەرەكەمدا بەخۆڕایی دەیانخوێند، كردبوویان بە ڕۆژی خۆیان، من خۆشم بەهێمنی هەر مامەوە، كاتێك چاوەكانم كردەوەو بۆم دەركەوت، دوای نیوەڕۆ بوو، كاژێرەكانیش لەباڵەفڕییاندا شینیان دەكردەوەو نیشانەی ڕۆژدیاریكەرەكەش بەئاسمانەوە بەرەو خۆرئاوا دەجووڵا.

چەند هەفتەیەك من لەماڵەوە كەوتبووم، لە نەخۆشییەكی میهرەبانەوە، تەنانەت دەتوانی بڵێی بەتەواویی بێئازار بە جێگاوە بەسترابوومەوە، من كاتێكی زۆرزۆرم هەبوو، كاتی بێئازارو بێ خەوبینین. ئەو ڕۆژەی ژیان بەو دیوەدا شكابووەوە، من باش بووبێتم دیسان بەرەو كارەكەم بەڕێ بكەومەوە، لە كۆمپانیاكەی، كارم لێ دەكرد، نامەی دەركردنم لە كارەكەم پێ گەیشت. بێگومان كاتێكی زۆرم بۆ خۆم بردبوو، بەو شێوەیەش ئیتر كاتێكی بێ شومارم پێ بەخشرا. كات بۆ چی؟

مەلەفی چیرۆکی عەرەبی

ملف القصة العربية

پرۆفایل: فازڵ عەزاوی

شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕی عێراقی، لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری کەرکووك لە دایك بووە، بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزییدا لە زانکۆی بەغداد لە ساڵی ١٩٦٦ بە دەستهێناوە، دواتر سەفەری بۆ وڵاتی ئەڵمانیا کردووە و لە زانکۆی لایپزیگ ماستەری لە بواری ڕۆژنامەوانی و دکتۆرای لە هەمان زانکۆ هێناوە کە دەربارەی (المشاكل الرئيسية لتطوير الثقافة العربي)بووە، کۆمەڵەی کەرکوکیی دامەزراندووە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا کە بریتیببون لە (سەرگۆن پۆڵس و جان دەمۆ و موئەید ئەلڕاوی و سەلاح فایق) بایەخییان بە ژانری پەخشان داوە، هەروەها گۆڤاری (شیعری ٦٩)ی دەرکردووە، لەگەڵ گەلێك کاری ڕۆژنامەوانی تر، خاوەنی زیاد لە دە دیوانە شیعر و حەوت ڕۆمان و چوار کۆمەڵەچیرۆکە، بەرهەمەکانی بۆ زۆرێك لە زمانان وەرگێڕدراوە، ئەم نوسەرە گەورەیە تاوەکو ئێستاش لەژیاندایە و لە شاری بەرلین ئەژی.



ئـــەو

نووسینی: فازڵ عەزاوی

لەعەرەبییەوە: عەلی نارێنی

لە فەرمانگەی تاپۆ کارگوزارەکە بە شەکەتییەوە هاتە ژوورەوە بۆ لام و وتی:

ـ کەسێك لە ژووری دۆسێکان بە تەلەفۆن داوات دەکات.

کاغەزەکان لەبەردەممدا کەڵەکە بووبوون، هەستام. جگەرەیەك، کە بەسەر لێواری مێزەکەوە دانرابوو بۆ دەمم بردو بە ڕێڕەوێکی درێژدا تێ پەڕیم، پێش ئەوەی بڕۆمە ژووری دۆسێکانەوە. بیستۆکی تەلەفۆنەکە لەلای چەپی مێزەکەوە دانرابوو. پاش ئەوەی لەپشت چاویلکە پزیشکییەکەیەوە سەرەنجێکی دام، فەرمانبەرە پیرەکە وتی:

- بۆچی برادەرەکانت لە ژوورەکەی خۆتدا پەیوەندییت پێوە ناکەن؟

هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد بەرانبەر ئەم پیرەمێردە، کە زیاتر لە بیست و چوار ساڵی لە هەمان ئەم ژوورەدا بە ڕێ کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وت:

ـ ڕەنگە برادەر نەبێ.

بیستۆکی تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، پیرەمێردەکە بە پێداگرییەوە وتی:

ـ بەڵام ئەو دەڵێ، کە برادەرتە!

وتم: ئەلو.... ئەلو.

کەسی دیوەکەی تری تەلەفۆنەکە بێدەنگ و

ئارام بوو، بەڵام من گوێم لە هەناسەبڕکێی بوو، هەناسەی دەدا. جارێکی تریش وتم:

- ئەلو... داوات کردبووم؟ من کەنعان نەجدیم، ئەلو... ئەلو...

ئەو بێدەنگە، وەڵام ناداتەوە. پاشان هەستم بە هێڵەکە کرد، کە دادەخرێ. منیش بیستۆکەکەم گەڕاندەوە جێگاکەی خۆی.

پیرەمێردەکە بەبزەوە ئاوڕی لێ دامەوە:

ـ هێڵەکە پچڕا؟

ـ نەخێر... نازانم بۆچی وەڵامی نەدامەوە! تۆ دڵنیای ئەو منی دەویست؟

پیرەمێردەکە سەیری لێ هات!

ـ بەدڵنیاییەوە تۆی دەویست. بەپەرۆشییەوە داوای دەکردیت و وتی زۆر پێویستە لەگەڵتدا بدوێ.

ـ پێی نەوتی چی لە من دەوێ؟

ـ بەدڵنیاییەوە... نا، من نایناسم.

*** ***

کە دوای دوو کاتژمێر گەڕامەوە بۆ نووسینگەکەم، بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی سەرۆك بەشەکاندا، لەبارەی شێوازە نوێیەکانی تۆمارکردنی زەویوزار، لە دەروازەی نووسینگەکەدا فەرمانبەرێکی لاو، کە لە هەمان بەش لەگەڵمدا کاری دەکرد، تووشم بوو، وتی:

ـ لێرە بوو، بەڵام ماندوو بوو لە چاوەڕوانیکردن.

ـ کێ؟

ـ برادەرەکەت.

بەهێمنی وتم:

- کام برادەر؟

ـ دەڵێ دوێنێ بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردووی، بەڵام پێی باش بووە بێدەنگ بێ، نەیویستووە تووشی شۆکت بکات. ڕەنگە حەزیش بکات بەشێنەیی لەیەکتر تێ بگەن.

ـ مەبەستت چییە؟

بەنیانییەوە وەڵامی دایەوە:

- مەبەستم هیچ نییە. من تەنها ئەوە دەڵێم، کە بیستوومە.

ـ ئەی وتی دەگەڕێتەوە؟

ـ نەخێر، ئاماژەی بەوە نەدا، بەڵام وادیار بوو، کە تووڕەیە لێت.

ـ تووڕەیە لێم!

ـ بەڵێ، چونکە تۆ لێی هەڵدێی.

هاوارم کرد: بەڵام ئەی بۆ چاوەڕێی نەکردم؟

ـ زیاتر لە کاتژمێرێك چاوەڕێی کردی، پاشان بێدەنگ ژوورەکەی بەجێ هێشت. ڕەنگە وای هەست کردبێت، کە جێگاکە گونجاو نییە بۆ قسەکردن.

ـ ڕەنگە. ناوی خۆی نەوت؟

ـ نەخێر، پێم وابوو حەزی بە چەنەبازی نییە.

چوومە ژوورەوە بۆ نووسینگەکەم و هەستم بە ئێشێکی توند دەکرد لە جانییەکانمدا، بیرم

کردەوە ئەم برادەرە پێوارە ڕەنگە بیەوێ ئازارم پێ بگەیەنێ. بۆ ناوی خۆی ئاشکرا ناکات؟ بۆ دوێنێ ڕەتی کردەوە قسەم لەگەڵدا بکات؟ جگەرەیەکم دەرهێناو پێم کرد. پاشان شانم بەسەر کورسییەکەدا دادایەوە، بیرم لە هەموو ئەو خەڵکانە دەکردەوە، کە دەیانناسم. ئاخۆ ئەم پیاوە کێ بێ؟ من بوونەوەرێکی بێ دوژمن و بێ پرۆژەو مەسڵەحەتم، پێشم وانییە شتێك هەبێ وەك بیانوو لە دژم بەکار بهێنرێ. بیرم کردەوە، ڕەنگە یەکێك لە برادەرەکانم بێ و بیەوێ سوعبەتم لەگەڵ بکات. ڕەنگە، بەڵام فەرمانبەرەکانی ئێرە هەموو برادەرەکانم دەناسن. باشە، کەواتە لە (جومعە)ی کارگوزار دەپرسم ئەو زیرەکترە لەوەی وەك ئەم جۆرە فێڵانەی بەسەردا تێپەڕێت. لە زەنگەکەم دا. جومعە بە ژوورکەوت و بزەیەکی فێڵاوییش بەسەر ڕوخسارییەوە بوو.

پێم وت: ئەو پیاوەت بینی، کە لە ژوورەکەمدا دانیشتبوو و چاوەڕێی دەکردم؟

ـ بێگومان، من هێنام بۆ ژوورەکەت.

ـ ئەو یەکێك لەو برادەرانەم بوو، کە دێنە سەردانم؟

بەتوندی وەڵامی دایەوە:

- بە هیچ شێوەیەك پێشتر نەم بینیوە. من هەموو برادەرەکانت دەناسم.

ـ باشە، چۆن بوو؟

کەمێك منگەمنگی کردو پاشان بەشەرمەوە وتی:

- من گوێ بە شێوەکان نادەم و نە دەشتوانم لەبارەی ڕووخسارەکانەوە قسە بکەم. ئەگەر بۆنموونە لەبارەی ڕەنگی چاومەوە لێم بپرسی لەوەڵامدانەوەدا هەڵە دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم کرد (ڕەنگە گومانەکەشم ڕاست نەبێ) ئەو پیاوێکی شەڕانگێز دیار بوو.

ـ بەڵام بۆ هەستت کرد، کە ئەو شەڕانگێزە؟

ـ چونکە ئەو دەیڕوانییە دیوارەکانی ژوورەکەت و بزەی دەهاتێ.

ـ باشە، مادامەکێ بۆم دەگەڕێ، دەگەڕێتەوە.

*** ***

ژنەکەم وتی:

ـ بۆچی درەنگ گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە؟ زۆر چاوەڕێی کردی، بەڵام بێسوود بوو.

ـ ئەو کێ بوو، کە چاوەڕێی دەکردم؟

ـ شەرمم کرد لە ناوەکەی بپرسم، ئەو برادەرتە.

لەتووڕەییدا تەقیمەوەو وتم:

ـ ئەی چۆن زانیت، کە ئەو برادەرمە؟

ـ دەبێ برادەرت بێ، ئەگەرنا چۆن هاتۆتە سەردانت؟

ـ ئەی هچی وت؟

ـ ئەو دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات.

دانم بەخۆمدا گرت وتم:

ـ بەڵام من نایناسم. چۆن ڕێگا بە کەسێکی نامۆ دەدەی بێتە ماڵەکەمەوە؟

- نامۆ نییە. ئەو چاکت دەناسێ، هەموو شتێکت لەبارەوە دەزانێ، ڕەنگە تۆ لە بیرت کردبێ، بەڵام ئەمە بیانوو نییە.
- شتێکی لەبارەمەوە وت؟
- شتێکی مەترسیداری نەوت، بەڵام لەسەر کەرەویتەکە دانیشت و ئارام قاوەکەی دەخواردەوەو جگەرەی دەکێشا. داوای لێ کردم، کە پێت بڵێم ئەو ساڵانێکە بۆت دەگەڕێ و تۆش بە چاکی دەیناسی و جارێکی تریش دەگەڕێتەوە.

*** ***

لە باڕەکەدا دانیشتم چاوەڕێم دەکرد، ئەگەر بمدیبا ڕەنگە هەموو شتێکی نێوانمان یەکلابووایەتەوەو پێکیشەوە بڕۆشتینایەتە هەر چێشتخانەیەکی شارەکە، بۆ ئەوەی ئێوارەژەمێکی گەرم بخۆین و ئەویش هەرچییەکی مەبەست بووایە پێی دەوتم. چەند حەز دەکەم ئێستا خۆم بدەم بەسەر دەسکە چەرم داپۆشراوەکەی کورسییەکەمداو وەك منداڵ گوێی بۆ بگرم، بەڵام ئا ئەوە گارسۆنەکە دێ و بوتڵێکی تری بیرەی بۆ هەڵگرتووم و منیش لە خنکێنراوێك تەنهاترم. تۆ لە کوێی ئەی ئەو کەسەی بەدوومدا دەگەڕێی؟ دەزانم کاتەکە زۆر درەنگ کەوت. کاتژمێر دوازدەیە، بەڵام من ماندوو نیم لە چاوەڕوانیکردن. ئیتر ئامادەنەبوونت دەر نابەم. ئەم ئازاردانە بێدەنگە بۆ من، لەهەموو جێگایەکدا، کە منی لێ نیم بۆم دەگەڕێی. پێش حەفتەیەك، کە ڕۆشتم بۆ لای دەلاك، پێی وتم، کە تۆ لەلای بوویتە، تکات لێ کردووە دیدارێکمان بۆ ڕێك بخات. هەرچی میوەفرۆشەکەشە، کە مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، گللەیی لێ کردم، چونکە من لە برادەرەکانم هەڵدێم. لە بنکەی پۆلیسی بەرانبەر ماڵەکەشمدا یاریدەدەرەکە پێی وتم: دیدارێکی لەگەڵتدا دیاری کردووە، کاتژمێری نۆی شەو لە باڕی جەندەل. دەبێ ئەم جارە هەڵنەیەی ئەگەرنا ناچار دەبین بە زۆر بتبەین بۆ لای. لەوەش زیاتر ماندووی مەکە، ئەو زەمەنێکی درێژە بۆت دەگەڕێ.

چاکە، ئەی ئەو برادەرەی کە ناوت نازانم، ئەوە سێ کاتژمێر تێپەڕی و منیش لەم باڕە خنکێنەرەدا چاوەڕێت دەکەم. ئا ئەوەتا خەڵکەکە هەڵدەستن و گارسۆنەکانیش بەترسەوە دەڕواننە ڕووخسارم؟ بۆچی ئازارم دەدەی؟ بۆچی؟

گارسۆنەکە لێم نزیك بوویەوەو وتی:

- پیاوێك لەلای دەرگاکەوەیەو پرسیارت دەکات!
- چۆن زانیت، ئەو پرسیاری من دەکات؟
- ئاماژەی بۆ کردی.

بەپەلە هەڵسام و بە گارسۆنەکەم وت:

- دەگەڕێمەوە.

پیاوەکە دیاری نەمابوو، بەڵام من چاوم لە بەشێك لە باڵای بوو، کە خۆی دەهاویشتە لاکۆڵانێکەوە. وتم: ئەم جارە لە دەستم دەربازی نابێ. بەوریاییەوە دوای کەوتم، هەرچەندە

هەنگاوەکانیشم خێرا بوون. بینیم لەژێر دارتێلێکدا ڕاوەستاوە. بەخۆشییەوە جگەرەی دەکێشا. نیوەی ڕووخساری لەڕووناکییەکەدا بوو و نیوەکەی تریشی لەسێبەردا. نەمتوانی هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەوە پێك بهێنم. هەندێك لێمەوە دوور بوو و منیش ماندوو و سەرخۆش بووم. بانگم لێ کرد:

ـ ڕاوەستە برادەر، ڕاوەستە!

بەڵام ئەو فلتەری جگەرەکەی فڕێدایە سەر قیرەکەو بە پێ پلیشاندییەوەو پاشان بەهێواشی شۆڕ بوویەوە بۆ کۆڵانێکی تر. کۆڵانێکی کراوە بەسەر شەقامێکی بەریندا، کە جمەی دەهات لەو خەڵکەی لە دوانهۆمەکانی سینەماکانەوە دەردەچوون و بەوێدا تێ دەپەڕین. ڕام دەکردو هەستیشم بە خنکان دەکرد. ئەمە دوا هەڵم بوو پێی بگەم. بە دەنگێك بانگم لێ کرد، کە پێم وابوو لە لوورەیەکی تاڵ دەچوو. بە هەموو هێزمەوە ڕام کرد، بەڵام ئەو تێکەڵ بوو بە هەزاران هاتوچۆکەری سەر شەقامەکەو لە چاو ون بوو.

١٩٧٢

*** سەرچاوە:**

الهبوط الى الابدية بحبل، فاضل العزاوي، قصص، دار بابل، الطبعة الاولى،١٩٨٠، ص٥-١٠.

فاضل العزاوي



بـازنـەی سفر

نووسینی: فازڵ عەزاوی

لەعەرەبییەوە: عەلی نارێنی

(١)

گەنجێکی لاوازم لێ هاتە پێشەوە، کە پێش تەنها حەوت مانگ مردبوو، وتی:

ـ ئایا دەکرێ دابنیشم؟

لەتوانامدا نەبوو دەری بکەم، وێڕای هەموو ڕقێکم لە مردووان، چونکە کڵێشەکانی چاخانەکە، کە بۆی دەچم باس لە یەکسانیی تەواو دەکەن لەنێوان هەمووواندا، مادامەکی پارە دەدەن. گەنجە مردووەکە لەبەرانبەرم دانیشت، پێش ئەوەی یەك وشەم لێ ببیستێ. ڕوانیمە چاڵایی چاوە بەتاڵەکانی و لە خۆمم پرسی: ئاخۆ ئەمانە بۆ دەیانەوێ لە ژیانی ڕۆژانەماندا هاوبەشیمان بکەن و بۆ هەر جێگایەك دەڕۆین دوامان دەکەون، وەك ئەوەی سەگی ڕاویی بن؟ گەنجە مردووەکە بە ئێسکەپەیکەرە عاجییەکەیەوە خۆی دابوو بەسەر کورسییەکەداو دەستی کرد بە جگەرەکێشان، دەیڕوانییە قەفەسە هەڵواسراوەکەی کەنارییەکە لە نزیك شوێنی نانخواردنەکە. لە چرکەیەکدا بیرم کردەوە تف بکەمە ددانە داخراوەکانی. دەمڕوانییە پەرداخە بیرەکە، کە لەبەردەمم دانرابوو و بە گاڵتەیەکی سووکایەتی ئامێزەوە پێم وت:

ـ تۆ بیر لە جیهان دەکەیتەوە.

ئێسکەپەیکەرە ڕۆنکراوەکەی بە ڕەنگێکی تەباشیری بەرز کردەوەو وتی:

ـ من بیر لە جیهانێکی جوان دەکەمەوە.

ڕوانینەکانم چڕ کردەوە لەسەر ئێسکە بەرزبووەکانی شەویلاگی و هەستم بە موچڕکەیەکی هێمن کرد. ددانەکانی زیاد لە پێویست بەرز ببوونەوە. وتم:

ـ جیهان بەرتەسکە، خەریکە جێگای زیندووەکان نابێتەوە، ئەی ئێوەشمان لەگەڵ بن چۆن ئەبێ!

نەختێك بزە گرتی و وتی:

- بە ملیۆنان ساڵ بەر لەوەی لەدایك بن، جیهان موڵکی مردووەکان بووە.

گارسۆنەکە هات و لە گەنجە مردووەکەی پرسی:

ـ ئەی میوانی بەڕێزی جیهانەکەی تر، چی داوا دەکەی؟

ـ قاوەیەکی تورکی.

گارسۆنەکە ڕۆشت. گەنجە مردووەکە بەری کردە لامەوەو وتی:

چەندە گەوجە، پێی وایە من میوانم.

ناچار بووم پێ بکەنم، جوڵە بازنەییەکانی سەری بە دەوری ئێسکەکانی گەردنیدا، ترسناك بوون. زۆربەی هاتوچۆکارانی چاخانەکە لە زیندووەکان بوون. مردووەکانیش چەند دانەیەك بوون و هاتبوونە نێو مێزەکانی نانخواردنەوە. وێڕای بێزاریی هەمووان لەم میوانە فزولییانە، خۆیشیان بەدوور دەگرت لە بەریەککەوتن و پیاکێشان لەگەڵیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا بە زمانێکی نەرم پێم وت:

ـ بەڵام بێگومان ئەوە دەزانی، کە دوای ڕووداوە خوێناوییەکەی نێوان مردووان و زیندووەکان، ڕێککەوتن کرا لەسەر ئەوەی بە لایەنی کەمەوە بە نیو کاتژمێر پێش خۆراوابوون مردووان بگەڕێنەوە بۆ گۆڕەکانیان، قەدەغەش کراون لە سەردانیکرنی زەوی، تەنها ڕۆژانی شەممەو چوارشەممان نەبێ. ئەمە ڕاست نییە؟

واد دیارە قسەکانم هەندێك بریندارى کرد، لەگەڵ ئەوەشداو لەسەر خۆی بەردەوام بوو لە جگەرەکێشان، پاشان سووتووی جگەرەکەی خستە تەپڵەکە جگەرەکەوەو وتی:

- ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەوانەی ڕێککەوتنامەکەیان واژۆ کردو خۆیان بە وتەبێژ، بە ناوی جیهانەکەی ئێمەوە دانا، نابێ نوێنەرایەتی هەموو مردووان بکەن، چونکە ئەوان مردووی سەدەیەکی ترن و هەموو کەسە نزیکەکانیان و ئەندامانی خێزانەکانیان و برادەرەکانیشیان لە جیهانەکەی تر لەدڵیاندا دەژین. جیهانی زیندووەکانیان زۆر بەلاوە گرنگ نییە، چونکە کەسی تێدا ناناسن، بەڵام ئێمەی تازە مردووان هێشتا برادەرو ژن و منداڵ و براکانیشمان لە جیهانەکەی ئێوەدا دەژین. ئێوە بەڕاستی دڵڕەقن ئەی ژیانییە جوانەکان.

هێشتا بۆ من زوو بوو بڕۆم بۆ سەر کار، هێشتا دوو کاتژمێرم لە پێشە، پێش ئەوەی کاتی پەیوەندیکردنم بێ بە کارەکەمەوە لە ڕۆژنامەکە، بۆیە پێم باش بوو هەر لەچاخانەکە دابنیشم. لەنییەتمدا نەبوو لەم کەشوهەوا باران و بروسکاوییەدا بە شەقامەکاندا بسوڕێمەوە. لەزستاندا پێم باشە لە چاخانەیەکی هەندێك گەرم دابنیشم و لە جامی پەنجەرەکەوە بڕوانمە بارانەکە، کە قیری شەقامەکە دەشواتەوە.

لە نزیك مێزە هاوبەشەکەمانەوە کچێك، کە جلێکی پرتەقاڵی لە بەردا بوو، قسەی بۆ پیاوێك دەکرد، کە لە چل ساڵیدا بوو.

گوێم لە کچەکە بوو بە پیاوەکەی دەوت: بڕوانە ئەم بۆرژوازییە ڕێکپۆشە، موجامەلەی پیاوێکی مردوو دەکات.

پیاوەکە بەهێمنی وەڵامی دایەوە:

ـ ڕەنگە برادەرێکی کۆنی بێ.

گارسۆنەکەم بانگ کردو داوای پەرداخێك بیرەم کرد. هاوڕێ مردووەکەشم هێشتا قاوە تورکییەکەی دەخواردەوە. مردووەکە سەرنجی دام و وتی:

بڕیارمان داوە تاهەتایە لەگەڵتاندا بژین.

لەنێوان هەردوو پارچەی پێڵاوەکەمەوە سەرنجیم دا، بەتوڕەییەوە هاوارم کرد، ئامادەبووان ئاوڕیان لێ دامەوە، شەرمم لەخۆم کرد:

ـ گوێم لێت بوو شتێکی نامۆت دەوت.

ـ بڕیارمان داوە لە جیهانەکەی ئێوەدا بژین.

ـ مەحاڵە. ئێوە بارووتی شۆڕشی دژ بە خۆتان دەسوتێنن.

ـ با شۆڕش هەڵگیرسێ، هیچمان نییە بیدۆڕێنین. نابێ جارێکی تریش بمرینەوە.

چۆلەکەیەکی زەردی خاڵخاڵ، بەترسەوە بەبەر ڕوومەتمدا هەڵدەفڕی. کەمێ باڵەکانی بەیەکدا دا، لە بایەکی وەستاودا مەلەی دەکرد، پاشان کشایەوەو دەرگای چاخانەکەی بەرەو ئاسمانێکی سوور تێ پەڕاند، گارسۆنە ئاشورییەکە، نیگارکێشێکی کە ناوم بیرچۆتەوە، بەر نەفرەت داو وتی:

ئەوە چۆلەکەیەکی تریش لە تابلۆ ڕۆنییە هەڵواسراوەکە بە دیوارەکەدا، هەڵهات. هیچ نەمایەوە جگە لە دارەکان. سەرم سوڕنامێنێ ئەگەر ئەوانیش هەڵبێن. ئای خودایە... چۆن دەبێ دوای ئەمە متمانە بە خەڵکی بکەین؟

بیرم لە دوارۆژی تایبەتیی خۆم دەکردەوە. ئایا دەکرێ ببمە یەکێك لەوان؟

بە گەنجە مردووەکەم وت: (کە لەو گیرفانەی -لە تەختە، لە قەفەسی سینگیدا- دروستی کردبوو و بۆ شقارتە دەگەڕا):

ـ ژیانە نوێکەتان ئاسان نابێ.

جگەرەکەی پێ کردەوەو وتی:

- بۆچی نا؟ ژوورێکی تایبەت بە خۆم هەیە لەماڵەوە.

ـ کاتێك مانەوەت درێژ دەبێتەوە تەنانەت باوکیشت دەرت دەکاتە دەرەوە. دایکت تفت تێ دەکات. دەبینی ژنە بە وەفاکەت لەگەڵ پیاوێکی تر دەنوێ، بێ ئەوەی توانای نارەزایی دەربڕینت هەبێ. ئیتر ئەزانی تۆ بوویتەتە میوانێکی گران و مێشکوروژێن. ئەو کاتە دەزانی چ بێنەوایییەکە، کە مرۆڤ مردووبێ و لەهەمان کاتدا میوانیش بێ.

چەند نیگایەکی بانگهێشت ئامێزم گرتە کچە دووچاو شینەکە، کچێکی پێگەیشتوو و ڕەنگە تەمەنی لە بیست و دوو یان بیست و سێ ساڵیدا بێ، بزە گرتی و دەیڕوانییە گەنجە مردووە دانیشتووەکەی بەرانبەرم. گران نەبوو بانگهێشتی بکەم بۆ خواردنەوەی بیرە

لەسەر سفرەکەمان، بیریشم لەوە کردەوە بەڵام دواتر دەستم لە پرۆژەکەم هەڵگرت، چونکە ڕووخساری ئەو پیاوەی لەگەڵیدا دانیشتبوو خۆشەویست نەبوو بەلای منەوە، ڕوومەتێکی چوارگۆشەیی بە سیمایەکەوە، کە نیشانەی شەڕانگێزی پیشان دەدا. تەواو لە دواشمەوە گوێم لە دوو دەنگی پیر بوو قسەیان لەبارەی یارییەکی تۆپی پێوە دەکرد، کە ڕۆژی چوارشەممە ئەنجام دەدرێ:

ـ پێت وایە ئێمە دەیبەینەوە؟

ـ ڕەنگە، ئەگەر کەشەکە هەتاو یان هەوروهەڵا بێ!

ـ بەڵێ، مردووان لە ڕۆژانی هەتاوییدا ناتوانن یاری بکەن.

ـ ڕەنگە بکشێنەوە لەبەر گرانیی ئامادەبوونیان.

ـ بەڵێ، بەڵام کارەسات دەبێ ئەگەر جامی پاڵەوانێتییەکە بە دەست بهێنن.

(٢)

لە دەرەوە بارانەکە خۆشی کردەوە. سێ لە مردووەکان، کە لە گۆشەیەکی گوڵگوڵیدا دانیشتبوون هەستان و چاخانەکەیان بەجێ هێشت. یەکەمیان وەك لە برادەرە مردووەکەمەوە زانیم، پێش بیست ساڵ بە خنکان لە ڕووباری دیجلەدا مردووە، دووەمیان بازرگانێکی بەڕێز بووە، تووشی سفلسی مێشك بوو، سامانێکی زۆری بۆ ژنە گەنج و جوانەکەی بەجێ هێشت، کە دواتر براکەی مارەی کرد تا سامانەکە لەناو خانەوادەکەدا بمێنێتەوە، سێیەمیشیان زەندیق بووەو کوژراوە، بە فڕێدانییە ناو مەنجەنیقێك لە ڕۆنی قرچاو لە ڕۆژگاری عەباسییەکاندا.

گەنجە مردووەکە گارسۆنەکەی بانگ کردو بە دەم ڕوانینەوە لە دیکۆراتی دیواری چاخانەکەو دوای بێدەنگییەکی قووڵ وتی:

ـ وێڕای هەموو شتێك ئەم جیهانەمان بۆ دەمێنێتەوە.

ـ ئەی بۆچی؟

ـ چونکە ئێمە بە ملیۆنان جار لە زیندووان زیاترین. ناشتوانن بە دەرمان نێن لە ماڵەکانمان، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هی ئێمە بوون. ئێمە دانیشتوانێکی هێمنین، بەتاڵین لە پووچی جیهان، چونکە ئەوەی بێتە جیهانەکەمانەوە دەستبەرداری هەموو ئەو وەهمانە دەبێ، کە لەسەر زەوی فێری دەبێ. دەبێتە یەکێك وەك ئەوانی تر، بیر دەکاتەوەو دەجوڵێ بە پێی پێوەرێکی یەکگرتوو، بێ جەنگ... بێ هەڵبژاردن... بێ پاشا... بێ چینەکان.

هەستم بە ئازارێکی توند کرد لە گەدەمداو وەك توشبوویەك بە ڕەبوو دەستم کرد بە هەناسە هەڵکێشان و لەگەڵ خۆمدا وتم: چ گیرۆدەبوونێکە خۆمانمان تێ فڕێداوە لەگەڵ ئەم ئێسکەپەیکەرە هاتووانەدا لە جیهانێکەوە، کە هیچ شتێکی لەبارەوە نازانین!

دوو ئێسکەپەیکەری نوێ هاتنە ژوورەوە بۆ چاخانەکەو لە نزیك شوێنی نانخواردنەکەوە دانیشتن. یەکێکیان ژن بوو، حەوزێکی بەتاڵی هەبوو، فراوان، چڵە بەنەوشەیەکی خستبووە کوونە گوێی چەپییەوە

(لەم بۆنەیەدا گرنگە بڵێم مردووان هەست بە سێکس ناکەن، چونکە کۆئەندامی زاوزێیان لە دەست دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئێسکەپەیکەری هەردوو ڕەگەزەکە لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئاشکرایە ئێسکی سەر لەلای ئافرەت ڕێکترە وەك لەلای پیاو، ئەمە جگە لە فراوانیی چاڵایی حەوز).

برادەرەکەم دوای ئەوەی شێوەی دانیشتنەکەی گۆڕی و بەشێوەیەکی ئاسودەتر بۆی ڕوانیم، وتی:

ـ ئەو پیاوە ئەو ژنەی کوشتووە، کە لەگەڵیدایە، بەڵام پاش هەڵواسینی و ناردنی بۆ جیهانەکەی ئێمە هەردووکیان بوون بە باشترین دوو برادەر، کە مرۆڤ بتوانێ لەبارەیانەوە بدوێ، ئێستاش هاتوون بۆ کارکردن و جێبەجێکردنی ئاشتەوایی لەنێوان هەردوو خانەوادە بەشەڕ هاتووەکەیان.

گارسۆنەکە هات و گەنجە مردووەکەش داوای قاوەی زیاتری کرد. گارسۆنەکە وەستاو چپاندی بە گوێکانیدا:

ـ چەند بەیاننامەیەکی گرنگ هەن، دوای کەمێکی تر لە ڕادیۆوە بڵاودەکرێنەوە.

ـ بەیاننامە؟

ـ بەڵێ، دەوترێ مردووان لە تەلمستان دەستیان گرتووە بەسەر دەسەڵاتدا پاش تێکشکانی سوپاکەیان، کە ئەسکەندەری مەکدۆنی و ئیزنهاوەر ڕابەرییان دەکەن، لەبەرامبەر فەوجەکانی سوپای مردوواندا. دەشوترێ ناپلیۆن بووە بە سەرۆك کۆمار، هەرچی هیتلەریشە ڕازی بووە بە سەرۆك وەزیران و ئەلەن دلسنیش بە وەزیری ناوخۆ دامەزراوە.

ـ ناپلیۆن و هیتلەرو دلسن جارێکی تریش!

برادەرە مردووەکەم بزەیەکی هاتێ و وتی:

ـ ئەوان زۆر گۆڕاون و داناتر بوونە.

ـ لەگەڵ ئەوەشدا جارێکی تریش گەڕانەوە.

ـ بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی دانیشتوان و حکومەتی تەلمستان، چونکە سوور بوون لەسەر ئەوەی ڕێگە نەدەن بە مردووان، کە سنوری میرنشینەکەیان تێپەڕێنن، وێڕای ئەو فیزەی کە بەپێی ڕێککەوتننامەی کادۆنی دراوە بە مردووان و سەرجەم وڵاتانی ئەندامیش لە نەتەوە یەکگرتووەکان واژوویان کردبوو.

گارسۆنەکە گەڕایەوەو بە گەنجە مردووەکەی وت:

ـ ببورە، ناتوانین قاوە پێشکەش بکەین. دەبێ پەلە بکەین لە داخستنی چاخانەکە، نائارامییەکی توند ڕووی داوەو پێشبینی دەکرێت ئێستا یان تۆزێکی تر هاتوچۆ قەدەغە بکرێت. بەیاننامەیەکیش بڵاوکراوەتەوە داوا کراوە هەریەك لە ئێمە هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی بکات.

بێ ئەوەی بڕوانمە ڕووخساری برادەرەکەم پارەی وەسڵەکەم داو دەرچووم. پێش ئەوەی بگەمە دەرگاکە گوێم لێ بوو دەیوت:

- گەوجینە، لە گۆڕەپانە گشتییەکانیاندا پەیکەرمان بۆ دادەنێن و لە سووچی ڕۆژنامە ڕۆژانەکانیاندا دەمانلاوێننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆپیشاندان دژ بە ئێمە دەکەن کاتێك بڕیار دەدەین بگەڕێینەوە بۆ لایان.

بۆ چەند چرکەیەك ڕاوەستام و ئاوڕم دایەوەو سەرنجم

دا لە ئێسکەپەیکەرە ڕێکوپێکەکە. ویستم تفی پێدا بکەم و هاوار بکەم (ئێوە میوانێکی چەند هیچ و پووچن!)، بەڵام هەستم کرد سەرچڵیی نواندنێکی لەم شێوە، ڕەنگە ببێتە هۆی کوشتن و لەدەستدانی عەقڵم. تەنها بە ڕقلێبوونەوەیەکی بێدەنگەوە وازم هێناو دەرچوومە دەرەوە بۆ جادەکە، کە بارانی درەنگانی زستان تەڕی کردبوو.

(٣)

هاتوهاوارێك لە دوورەوە دێت و خەڵکیش پەلەیانە لەڕۆشتندا، وەك ئەوەی تارماییەکی ترسناك ڕاویان بنێ. شەقامەکان بەتەواوەتی چۆڵن تەنها لە هەندێك سەرخۆش و پۆلیس و هەواڵدەری نهێنی نەبێ، کە لە دەروازەی کۆڵانەکاندا ڕاوەستاون. سەرم سوڕما لەوەی مردوو لەشەقامەکاندا نەبێ. وادیارە لەپڕێکدا ون بوون یان بە هەوادا چوون. شۆفێری تاکسییەکم ڕاگرت و داوام لێ کرد بمگەیەنێتە بارەگای کارەکەم، لە ڕۆژنامە. بەتووڕەییەوە وەڵامی دامەوەو وتی:

ـ ببورە. ڕێگاکان داخراون و دەبێ لە ماوەی دە خوولەکدا بگەمەوە ماڵێ. بە جێم هێشت و بڕیارم دا سەرباری هەموو ئەو مەترسییانەی دێنە ڕێگەم، بە پێ ڕێگاکە ببڕم بۆ ڕۆژنامەکە، هەر ئەوەش باشترە بۆم، چونکە سەرنووسەر داوام لێ دەکات ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەبارەی شەڕەکانی شەوەوە بنووسم. بێگومان وێڕای هاوسۆزیی شاراوەشمان لەگەڵ زیندووواندا، بەڵام ڕاپۆرتەکە بێلایەن دەبێ، چونکە خوێنەرانمان وەك یەك، لە زیندوو و مردووانیشن.

من زۆرجار پێشنیازی سەیرو سەمەرەم لە هەردوو لاوە پێ دەگات، وێڕای ڕقی زۆریشم لە مردووان، ناچارم هەندێك لەو پێشنیازانە بڵاو بکەمەوە. بۆ نموونە: مردووی بەڕێز (س. ن) لە گۆڕستانی حیللە پێی وایە، باشترین ڕێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشمەکێشە خوێناوییە، پەیڕەوکردنی بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا. لەکۆتاییشدا مێژوو لایەنێکیان سەر دەخات.

ئاشکرایە پێشنیازێکی لەم شێوە هەڵەیەکی ئاشکرا دەگرێتە خۆ، کە خزمەت بە مردووان دەکات و جێ پێیان لەجیهانەکەماندا توند دەکەن. ڕاستە ژیان هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام مەرگ بەردەوام هاوپەیمانی نوێ بەدەست دێنێ لەنێو ڕیزی هەمان ئەو زیندووانەدا، کە بە توندی ڕووبەڕووی دەبوونەوە. چ چارەنووسێکی پیسە لەگەڵ مردوواندا لەسەر یەك مێز دابنیشین بۆ دانوستان!

هەرچی خاتوو (هـ . ج) لە گۆڕستانی ئەرمەنەکان لە نامەیەکی ناسکدا بۆ نووسەری گۆشەی (نامەکەتم پێ گەیشت)، دەڵێ:

ـ ئێمە لە جیهانەکەی خۆماندا بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیتان لێ دەکەین و پێشوازی لە هەر میوانێکی نوێیش دەکەین، بەڵام ئێوە بە غەریبمان ناو دەبەن، هەرچەندە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ هەوڵ بدەین پیاسەیەکی کورت، لە جیهانە فانییەکەتاندا بکەین.

خاتوو (ك. ل)یش لە گۆڕستانی شاهانە لە ئەلئەعزەمییە، دەڵێ: ناترسن کاتێك دەمرن لە هەڵەکانتان نەبوورین، وەك پێشتر ئێمەش مردین.

(٤)

لە گۆڕەپانی گشتی شارەکەدا شەڕ توندو قورس بوو. هەزاران لە مردووانی کۆن و نوێ، بە قەمەو تیرو شیرو گالیسکە کۆنەکانیان و دەمانچەکانیانەوە گەمارۆی نزیکەی نەوەد گەنجیان لە زیندووان دابوو، کە چەکدار بوون بە بۆمبی دەستی و بۆمبی ڕۆنیی گڕدراو و خۆیانیان دابووە پەنای چەند دار قەڵەمتۆزێك لەناو باخچەکەدا. (لێرەدا بەسوودە خاڵێکی گرنگ بخەمەڕوو ئەویش، گرانە مردووان بکوژی و بەتەواوەتی کۆمەڵکوژیان بکەی، بەڵام دەتوانرێ زیانیان پێ بگەیەنرێ و لە کار بخرێن، ئەوەش لە ڕێگای تەقاندنەوەیانەوە بە بۆمب، چونکە پەیکەریان پارچەپارچە دەبێ و دەڕزێ، بەڵام ڕێگەچارەی جەنگی نموونەیی بۆ لەناوبردنیان سوتاندنیانە بە ئاگر تا پەیکەرەکەیان ببێتە خۆڵەمێش، با بیبات و تێکەڵ بە قوڕولیتەی شەقامەکان بێ، بەڵام چۆن دەکرێ ئەم ملیۆنان ئێسکەپەیکەرە چەکدارانە تا ددانەکانیان بسوتێنین؟ مردووان بە شتێکی تریش زاڵ دەبن بەسەر زیندوواندا ئەویش ئەوەیە، ژمارەیان بەردەوام زیاد دەکات و هەموو ئەوانەی لەگەڵیاندا دەجەنگن، کە دەمرن هەمان سات پەیوەندییان پێوە دەکەن. بۆیە کاری زیندووان لەم جۆرە جەنگانەدا زۆر گرانە. ئەوان ناچارن تەنانەت بریندارەکانیشیان بتەقێننەوە، دەترسن بمرن و ببنە دوژمنی دزەکردوو بۆ نێو ڕیزەکانیان. چ جەنگێکی وەحشیگەرانەیە، کاتێك ناچار دەبیت نزیکترین کەسی خۆت بە دینامیت بتەقێنیتەوە!)

هەستم بە ترسێکی زۆر کرد، جگە لە من کەسی تر نەبوو تەماشای شەڕەکە بکات، بیرم کردەوە سبەینێ ڕۆژێکی ئاسایی نابێ و ڕەنگە ژێرییش نەبێ لە ئاوا ڕۆژێکی تەمومژاویدا بڕۆم بۆ ڕۆژنامەکە، چونکە ئەگەر مردووان بڕیاریان دابێت کۆنترۆڵی شارەکە بکەن، ئەوا هەڵدەکوتنە سەر ڕۆژنامەکەش، کە من کاری تێدا دەکەم، تا لە ڕوانگەی خۆیانەوە چەند ژمارەیەك لە وەقائیعی شەڕەکە دەربکەن و ڕەنگە لە ئاوا فەوزایەکی گشتیشدا نەتوانم لە دەستیان دەرباز ببم. لەگەڵ خۆمدا وتم:

ـ ئەگەر بیانەوێ ژمارەیەکی تایبەت بە خۆشیان دەرکەن ئەوا دەیان ڕۆژنامەنووسی مردوو هەن دەتوانن هاوکارییان بکەن.

بێ ئەوەی کەس هەستم پێ بکات گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، چەند کۆڵانێکی ڕووناك و شەقامی کراوەم تێ پەڕاند. من دەترسم. تەنانەت لە سێبەرەکەم و لە دەنگی هەنگاوەکانیشم دەترسم. چەند سەگێك لە شەقامێکی تر دەوەڕن و منیش هەناسەبڕکێمە، ڕووخسارم گەرم داهاتووەو بێ وەستان، بیر دەکەمەوە، لە سەرما. بۆ ئەوەی لە ڕەشبینییەکەم کەم بکەمەوە وتم:

ـ ئەی نابێ مردووان چاکترو دادپەروەرتر بـن؟

هەستم بە سەرەخولێیەکی توند کرد، لە مەرگ ئەچوو. دانم بەخۆمدا گرت و هاوارم کرد:

ـ نابێ بمرم.

دەستم بە ڕۆیشتن کرد، متمانەم بە خۆم بوو، وەك ئەوەی کەش و هەوایەکی جێگیر بم، لەپڕێکدا هەستم کرد کەسێك دوام کەوتووە. سێ مردووی کورتەباڵای ترسناك بوون. یەکێکیان داوای لێ کردم ڕاوەستم. وەکو کەنگەر بازم داو هەڵاتم، بینیم بوومەتە فڕۆکەیەکی مینرێژکراو بە هەوادا دەفڕم. مردووان لەکۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێك دەستیان کرد بە ڕاوەدوونانم. چەند باخچەیەك لە گیام تێ پەڕاند، کە بە ئاونگ تەڕ ببوون و بەسەر چەند دیوارێکدا سەرکەوتم. وەکو سەگی ڕاهێنراو بەردەوام بەدوامەوە بوون.

دوای زیاتر لە کاتژمێرێك هەندێ کەسی چەکدارم بینی، لە سووچی شەقامێکدا ڕاوەستابوون. ڕۆشتم بۆ لایان و داوای پاراستنم لێ کردن. کۆمەڵێ لاوی پڕ لە هێز، خۆڕاگر، منیش لەژێر چەکەکانیاندا ڕاوەستام. مردووان لەسەرخۆو بە خوێنساردییەوە دەهاتنە پێشەوە. بەترسەوە چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شەڕێکی پێویستم دەکرد. مردووان دەهاتنە پێشەوە. هاوارم کردە لاوەکان:

ـ ڕووبەڕوویان ببنەوە. ئەوان نزیك دەکەونەوە.

بەڵام ئەوان هێمن و بێ جووڵە بوون. دواجاریش وەکو ئەوەی خەون ببینم یەکێکیان قوڕگی گرتم و وتی:

ـ ئەی گەمژە، بێگومان تۆ شەڕت دەکرد!

ـ چی؟ ئێوەش لەوانن؟

ـ چەندە شێتی! ئێمە تەنها لە گەڵیانداین.

ـ لەگەڵیاندا!

ـ چانسی مردنیان پێداوین لەژیاندا.

یەکێك لە سێ مردووەکە نزیك کەوتەوەو شەپازللەیەکی بە ڕوومەتمدا کێشا.

ـ بیبەن، پاش کەمێکی تر یان دەبێتە یەکێك لە ئێمە یان لە گەڵماندا دەبێ. ئیتر دەستم کرد بە لوورەلوور تا کازیوە.

(١٩٧١)

مەلەفی چیرۆکی فارسی

پرونده داستان فارسی

پرۆفایل: جەعفەر مودەڕیس سادقی

خاوەنی هەشت ڕۆمان و چەندین کۆمەڵە چیرۆکەو خاوەنی خەڵاتی (بیستساڵ چیرۆکنووسیی ئێران)ـە. خاوەنی خەڵاتی گوڵشیری و چەندین خەڵاتی ترە. بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە دە زمانی بیانی وەرگێڕدراون، لەناویشیاندا یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی، کە خەڵاتی (بیست ساڵ ڕۆماننووسی ئێران)ی هەیە، ئەویش ڕۆمانی (گاوخوونییە)، کە لەلایەن (مەریوان هەڵەبجەیی)یەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوەو بڵاوکراوەتەوە، بەم زووانەش چاپی دووەمی بڵاودەکرێتەوە. شایەنی باسە، نووسەر ئێستا لە وڵاتی ئوسترالیا دەژی.



گۆڤار

نووسینی: جەعفەر مودەڕیس سادقی

لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی

ئێمە چوار کەس بووین. گۆڤارێکمان دەر دەکرد: یەکێکمان بەڕێوەبەری بەرپرس بوو، یەکێکمان سەرنووسەر بوو، یەکێکمان وەرگێڕو منیش لەبەیانییەوە تا شەو لەسەر ئینتەرنێت بووم بۆ ئەوەی خۆراک بۆ هاوڕێ وەرگێڕەکەم پەیدا بکەم. من و وەرگێڕ پێکەوە هاوڕێ بووین و سەرنووسەرو بەڕێوەبەری بەرپرسیش پێکەوە، بەڵام پێش بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەو تا دوای بڵاوبوونەوەی ژمارەی دووەم، نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێک هەر چوارمان لە ڕیستۆرانتێکی خوارەوەی نووسینگەی گۆڤارەکە (چڵەوکەباب)مان دەخواردو پارەی نانخواردنی نیوەڕۆش هەر ڕۆژەو یەکێکمان دەماندا - بەسەرە-. لەسەر مێزی نانخواردنی نیوەڕۆ و نیوکاتژمێر دوای ئەوەی قاپی خواردنەکانیان هەڵگرت، گفتوگۆی هاوڕێیانەمان دەکرد لەدەرەوەی بابەتی کار. تەنانەت یەک وشەشمان لەبارەی ئەوەوەی دەبێت چی بکەین و چ قوڕێک بەسەرمانا بکەین نەدەوت، بەڵام لەو کاتەوەی کە دەڕۆشتینە سەرەوە هەر کەسە لە پشت مێزەکەی خۆیەوە دادەنیشت و بە کاری خۆیەوە خەریک دەبوو و هەندێ جار تا کۆتایی شەو لە نووسینگە بووین، یەک وشەشمان لەگەڵ یەک نەدەوت. تا ئەو کاتەی کە ژمارەی یەکەممان دەر نەکردبوو، هەموو شتێک بەباشی و خۆشی تێپەڕی، بەڵام کاتێک ژمارەی یەک

و دوومان دەرکرد، هاوڕێیەتیمان بڵێیت و نەڵێیت دەستی بە تێکچوون کرد. کەسێک لەبەیانییەوە تا شەو دەبوو وەڵامی تەلەفۆنەکان بداتەوە، چونکە نەماندەویست بەدەر لە خۆمان کەسێک دابمەزرێنین و کاری بەڕێوەبەری بەرپرسیش لە هەمووان سوکتر بوو، خودی ئەو، ئەم کارەی گرتە ئەستۆ. زۆری نەخایاند، کاری بەڕێوەبەری بەرپرس، کە سەردەمێک لە هەمووان سوکتر بوو، لە هەموان قورستر بوو. لەبەیانییەوە تا شەو دەبوو وەڵامی تەلەفۆنەکان بداتەوەو هەندێ جاریش وەڵامی نەدەدایەوەو یان تەنها لە کۆڵ خۆکردنەوە بوو، بەڵام بەردەوام دەنگی ئەو لەگوێماندا بوو، کە لەگەڵ خوێنەرەکاندا بگرەوبەردەی بوو، ڕوونکردنەوەی بۆ دەدان و سەفسەتەی دەکردو بەڵگەی بۆ دەهێنانەوەو ڕێنمایی دەکردن، کار گەیشتە ئەو جێگایەی بەڕێوەبەری بەرپرس ئیتر کاتی نەبوو بێت لەگەڵ ئێمە، نانی نیوەڕۆ بخوات و ئێمە ناچار بووین سێ کەسیی بڕۆین -چڵەوکەباب- بخۆین. لەسەر مێزی نانخواردن قسەکان هەمان ئەو قسە هەمیشەییانە بوون، بەڵام لەو کاتەوەی کە بەڕێوەبەری بەرپرس لەگەڵ ئێمەدا نانی نیوەڕۆی نەدەخوارد، سەرنووسەر زیاتر لەگەڵ ئێمەدا گەرموگوڕ بوو. زیاتر دەدواو لە پاشملە باسی بەڕێوەبەری بەرپرسی دەکردو پێی ڕادەبوارد. ئێمەش کە بەڕێوەبەری بەرپرسمان خۆش نەدەویست، پێمان خۆش بوو پێی پێ بکەنین و گاڵتەی پێ بکەین و بەم شێوەیە لەگەڵ سەرنووسەردا نزیکتر بووینەوە. سەرنووسەر نەک تەنها لە پاشملە باسی بەڕێوەبەری بەرپرسی دەکرد، بەڵکو حەزی دەکرد لە پاشملە باسی هەر کەسێک، کە دەیناسین و نایناسین بکات و پیلان بۆ ئەم و ئەو دابنێت. هەمیشە لەبارەی ئەو بابەتانەوەی کە دەیویست بۆ شکاندنی ئەم و ئەو بیانووسێت، دەدواو لە هەر ژمارەیەکدا یەک دوو دانەی لەوانە چاپ دەکردو هەر ئەو بابەتانەش بوونە هۆی ئەوەی خوێنەران هاواریان لێ هەڵسێت، بەو جۆرەی خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد هەر لەبەر ئەو بابەتانەیە، کە گۆڤارەکە هێشتا لەسەر پێی خۆی مابوو، گەرنا ئەو بابەتە بێجۆش و خرۆشانەی هاوڕێکەی من وەری دەگێڕان، تەنیا بە کەڵکی پڕکردنەوەی لاپەڕەکان دەهاتن و هیچ سەرنجراکێشییەکی بۆ هیچ کەسێک تێدا نەبوون، بەڵام بەڕێوەبەری بەرپرسی داماو هەمیشە ناچار بوو، لەبەر ئەو بابەتانەی سەرنووسەر دەینووسین، جنێو بخوات و وەڵام بداتەوە. نزیکبوونەوەی ئێمە لەگەڵ سەرنووسەردا دوو ئەنجامی سەرەکی هەبوو: یەکێکیان ئەوە بوو، کە هێندە چاوقایم بوو، لەگەڵ ئەوەی هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئێمەدا نانی نیوەڕۆی دەخوارد، پارەی نەدەداو ئێمە ناچار دەبووین پارەی هەرسێکمان بدەین و دابەشی بکەین بەسەر هەردووکمانداو جەوری ئەویش بکێشین. ئەوی تریشیان ئەوە بوو، ئێمە دەستمان کرد بە بۆڵەبۆڵ و ئەوەی کە لەدوای ئەو هەموو ماوەیە هێشتا هیچ پارەیەکمان وەرنەگرتووەو گللەییمان کرد.

لەسەر مێزی نانخواردنی نیوەڕۆ دانیشتبووین، نیو سەعات دەبوو نانمان خواردبوو. هەموو قسەکانمان کردبوو. خولەکێک دەبوو بێدەنگ دانیشتبووین و سەرنووسەر خەریک بوو سێیەمین جگەرەی دوای نانخواردنی نیوەڕۆی دەکێشا. لەناکاو وەک ئەوەی بیرێکی نوێ بە مێشکیدا هاتبێت، نیوە جگەرەکەی لە تەپڵەکەکەدا کوژاندەوەو وتی: «کوڕینە من هەر ئێستا دەڕۆمە سەرەوە، ئێوەش پێنج خولەک سەبر بگرن دواتر وەرنە سەرەوە. من دەڕۆم لە جێگاکەی خۆم دادەنیشم و بە کاری خۆمەوە خەریک دەبم. ئێوە کاتێک هاتنە سەرەوە، بڕۆنە ژووری خۆتان. پێنج خولەک تێپەڕی من بانگ بکەن. من دێمە ژوورەکەتان. دواتر ئێوە دەست بکەن بە قسەکردن، هەر لەم قسانەی کە ئێستا خەریک بوون دەتانکرد. دواتر لەناکاو تووڕە بن. کەمێک بە دەنگی بەرزتر قسە بکەن. دواتر لەناکاو دەست بکەن بە هاتوهاوارو یەخەی من بگرن. دواتر پاڵم پێوە بنێن بۆ ڕاڕەوەکەو یەکێکتان بەدەم هاوارکردنەوە، بڕوات بەرەو لای دەرگاکە. (ئاماژەی بۆ هاوڕێکەم کرد)، تۆ بڕۆ بەرەو لای دەرگاکە. دواتر، منیش هەروا، کە دێم بەدواتدا، تکا دەکەم و دەپاڕێمەوەو سوێندت دەدەم بگەڕێیتەوە. (ئاماژەی بۆ من کرد)، تۆش وەرە ناوبژی بکە. بڵێ یەک دوو ژمارەی تر سەبر دەکەین، ئەگەر دیسان پارە نەبوو، ئیتر کار ناکەین.»

سەرنووسەر چووە سەرەوە. ئێمەش پێنج خولەک دواتر ڕۆشتین لە جێگاکانی خۆماندا دانیشتین. نووسینگەی گۆڤارەکە ڕاڕەوێک و دوو ژوور بوو. لە دەرگای چوونە ژوورەوەوە دەڕۆشتیتە ڕاڕەوەکە، لای ڕاستەوە ژووری بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنووسەر بوو، مێزی بەڕێوەبەری بەرپرس، ڕێک بەرانبەر دەرگاو مێزی سەرنووسەریش لای چەپەوە بوو، لە کۆتایی ڕاڕەوەکەو لە ژووری نووسینیشدا دوو مێز بەرانبەر بە یەک. یەکیان هی من بوو ئەوی تریشیان هی هاوڕێکەم. دەرگای هەردوو ژوورەکە هەمیشە کراوە بوو، دەنگی قسەکردن بە ئاسانی لەم ژوورەوە دەڕۆشت بۆ ئەو ژوور. پێش ئەوەی بانگی سەرنووسەر بکەین، گوێمان لە دەنگی بوو لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرپرسدا لەبارەی ئەوەوە دەدوا، کە نازانێت چۆن وەڵاممان بداتەوەو تکای لە بەڕێوەبەری بەرپرس دەکرد ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزێتەوە. دیار بوو خەریک بوو زەمینە بسازێنێ بۆ ئەو نمایشەی کە بڕیار بوو بە زوویی جێبەجێی بکەین. تا ئێمە بانگمان کردو تکامان کرد خوولەکێک بێتە ژوورەکەی ئێمە، «کارێکی خێرامان پێیەتی!»

هەموو شتێک بەپێی ئەو نەخشەیەی سەرنووسەر کێشابووی ڕۆشتە پێشەوە. بەو جیاوازییەوەی کاتێک هاوڕێ وەرگێڕەکەم زویر بوو، بەهات و هاوارەوە خەریک بوو بەرەو لای دەرگاکە دەڕۆشت، سەرنووسەر هیچ جەختی لێی نەکردەوە، کە نەڕوات و هەوڵی نەدا ڕایبگرێت و من ناچار بووم خۆم بڕۆم بەدوایداو تکاو تەمەنای لێ بکەم و بیگەڕێنمەوە بۆ

نووسینگەی گۆڤارەکە.

ئێمە هێشتا هەر ئەو چوار کەسەین و گۆڤارەکەش هێشتا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام دەردەچێت. من و هاوڕێکەم هێشتاش هەموو ڕۆژێک نانی نیوەڕۆمان لە ڕیستۆرانتەکەی خوارەوەی نووسینگەی گۆڤارەکەدا دەخۆین، بەڵام نەک ئەوەی هەموو ڕۆژێک -چڵەوکەباب- بخۆین، بەڵکو هەفتەی جارێک -چڵەوکەباب- و ڕۆژەکانی تریش شلەو برنج و هەندێ جاریش لۆبیاو برنج. هێشتاش ڕیاڵێکمان وەرنەگرتووە بۆ ئەو کارەی کە دەیکەین، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەست بووین بە گۆڤارەکەوەو دڵمان نایە لێی دوورکەوینەوە. لەم دواییانەدا بۆمان دەرکەوتووە، هەموو ئەو قسانەی بەڕێوەبەری بەرپرس لە زمانی خوێنەرانی گۆڤارەکەوە باسی دەکات، درۆیەکی تەواوەو هەموو ئەو وەڵامانەی کە لە کاتی تەلەفۆنکردندا بۆ گۆڤارەکە دەیانداتەوە دروست کراون. چۆن دەکرێت خوێنەران بەردەوام جنێو بە گۆڤارێک بدەن، بەڵام گۆڤارەکە هێشتاش ژمارە لە دوای ژمارە هەر دەرچێت و بە بای خەیاڵیدا نەیەت؟ سەرنووسەریش زۆر دەمێکە ئیتر لەگەڵ ئێمەدا نانی نیوەڕۆ ناخوات و هەر لەوێ و لە نووسینگەی گۆڤارەکە لای بەڕێوەبەری بەرپرس دەمێنێتەوەو هەردووکیان پێکەوە نان و پەنیر یان نانی وشک دەخۆن یان هیچ ناخۆن. چەندین و چەند جار لە ستایشی نانی وشک و هیچ نەخواردندا، قسەی کردووەو وتاری دوورو درێژی داوەو مێشکی خواردووین و تەنانەت سەروتارێکیشی لەم بارەیەوە نووسیوە، کە لە سێ چوار ژمارە لەمەوپێش چاپ بوو.

لەگەڵ ئەوەی نانخواردنی نیوەڕۆی ئێمە، لە خوارەوەی نووسینگەی گۆڤارەکە، تەنها ڕێگای هەڵهاتنی ئێمەیەو تەنها کاتی ئازادمانەو تەنها کاتێکە، کە دەتوانین پێکەوە قسە بکەین و هەناسەیەکی تازە هەڵبکێشین، من و هاوڕێ وەرگێڕەکەم بەم دواییانە کەوتووینەتە بیری ئەوەی نیوەڕوان هەر لەوێ و لە نووسینگەی گۆڤارەکە، بمێنینەوەو نان و پەنیر یان هەمان ئەو نانە وشکەی کە بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنووسەر دەیخۆن، بیخۆین. ڕەنگە بەم شێوەیە دووبارە بگەڕێینەوە بۆ هەمان ڕۆژانی خۆشی پێش چاپبوونی گۆڤارەکەو ڕەنگە بەم شێوەیەش بتوانین، ئەو پارەیەی کە دەبێت داوای بکەین بە دەستی بهێنین، پارەیەک، کە ڕۆژبەڕۆژ زیاترو قەبەتر دەبوو، تا قەبەتریش ببوایە پابەندترو پەیوەستتری دەکات لەکارەکەدا، حەز دەکەین لە خوێنەرانی بە وەفای گۆڤارەکە بپرسین، بەڕای ئێوە ئەم مەسەلەیە تاکەی درێژەی دەبێت و تاکەی دەبێت باجی وەفاداریی ئێوە بدەین؟ بەڵام حەیف دەستمان بە دامێنیان ناگات.

پرۆفایل: ئەحمەد غوڵامی

ئەحمەد غوڵامی یەکێکە لە چیرۆکنوسە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێران و خاوەنی دە کۆمەڵەچیرۆکە نوسەری ڕۆمانی «زیکزیکە»یە کە لەلایەن مەریوان هەڵەبجەییەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی و بڵاوکراوەتەوە. چەندین خەڵاتی گرنگی لە وڵاتی ئێران پێدراوە کە گرنگترینیان خەڵاتی «بونیادی گوڵشیرییە» بۆ باشترین کۆمەڵە چیرۆک لە ئێران. ئێستاش لە شاری تاران دادەنیشێت.

حەسەن شێلم

نووسینی: ئەحمەد غولامی

لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی

هێشتاش کە هێشتایە ناوە خێزانییەکەی نازانم. ناوی حەسەن بوو پێمان دەوت (حەسەن تەکسی) زۆر کەسیش، کە لێیەوە نزیك بوون پێیان دەوت (حەسەن شێلم). چەندین جار لەوەوە بیستبووم، دیارە بە گاڵتەوە، خوایە کەی دەکرێت بە ئێمە بڵێن: (کاك حەسەن)!

حەسەن عاشقی تەکسی بوو، شۆفێری بۆ ئەو پیشە نەبوو ئەگەر تەکسیە نارنجییەکەیان لێ بسەندایەتەوە، بەدڵنیاییەوە وازی لەم کارە دەهێنا. ئەگەر کاری شۆفێری دەکرد، بە هۆی خۆشەویستییەوەی بوو بۆ تەکسییە سەرسپییە نارنجییەکەی. دوانیوەڕوان، کە لە خەو هەڵدەستا بە پەڕۆیەکی شێدار ئەکەوتە گیانی تەکسییەکەوەو بەجۆرێك بریقەی تێ دەخست، کە دەکرا وێنەی چنارەکانی سەر شەقامەکەی تێدا ببینی. پێشەوەی داشبوڵەکەی پڕ بوو لە شت. ئاڵای ئاسنینی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی بە ڕەنگی جیاوازەوە لکاندبوو بە ئەکسۆزەکەوەو هەواکێشی پیکابەکە. ناو تەکسییەکە هێندە دەبریسکایەوە، پێم وانییە حەسەن دڵی بێت نەفەر سەر بخات، دیارە جگە لە خسووسی، بەڵام خودی حەسەن تا حەز بکەی پیسوپۆخڵ بوو. ورگێکی زلی هەبوو بەقەد شوتییەکی دە کیلۆیی. پاژنەی پێڵاوەکانی سوابوون، کە دەیخشاند بە دوای خۆیدا، سمێڵێکیش کە ڕژابوو بەسەر دەمیدا،

هەرچی دەخوارد لە چاییەوە تا ساردی تا کێك، بە سمێڵییەوە دەمانەوە. هەر کاتێك بە تەکسییەکەیەوە بە شەقامەکەدا تێ دەپەڕی هاوڕێکانی هاواریان دەکرد: (شێلم!) ئەویش پێی بە ئیستۆپدا دەناو سەری لە جامەکەوە دەردەهێناو بەدەنگێکی نیمچە گڕەوە هاواری دەکرد: (خۆتی...؟). بەڕاستی ڕوون نەبوو ڕقی لە شێلم بوو یا ئەمەش یەکێك بوو لەو سەدان فیلمەی بۆ سەرنجڕاکێشان. هەندێك جار کوڕەکان بۆ ئەوەی بێ تاقەتی بکەن، شێلمێکی گەورەیان ئەخستە سەر سەقفی تەکسییەکەی، بەڵام ئەو خۆی تێ نەدەگەیاند. شێلمەکەی هەڵدەگرت و بەسەرپێییەك هەڵی دەدایە سەر شەقامەکە. ئەو کاتانەشی کە خۆی قۆز دەکرد، پێڵاوی ئەدیداسی لە پێ دەکردو پانتۆڵی جینزی لەبەر دەکرد. واتە ژووانی لەگەڵ کەسێکدا هەیە. دواجار ئەم خۆقۆزکردنانە کێشەی بۆ دروست کردو ڕۆژێك بوو بە تەڵەوە، وازی لەو بەرەڵاییە هێناو ژیانی هاوسەریی پێك هێنا. دەستپێکردنی ژیانی هاوبەش هاوکات بوو لەگەڵ ئیرەیی عاشقانە. ژنەکەی حەسەن تەکسی، ئیرەیی بە تەکسییەکەی دەبردو هەموو ڕۆژێ شەڕو هەرا بوو، دەیوت: ئەگەر تۆ لەگەڵ تەکسییەکەتدا دەژیت بۆچی منت داماو کرد؟

لەسەرەتادا حەسەن لەبەرچاوی نەدەگرت و بێدەنگ دەبوو، بەڵام هێدی هێدی تەحەممولی نەماو کار گەیشتە لێدان. باوکی بووك هات و خۆی لەبەرانبەر حەسەندا ڕاوەشاندو کچەکەی لەگەڵ خۆیدا بردەوە.

ڕۆژانی سەرەتا حەسەن بێتاقەت بوو، بەڵام هێدی هێدی دووبارە بوویەوە بە هەمان حەسەن شێلم، کە کاتێك بە شەقامدا تێ دەپەڕی کوڕەکان هاواریان دەکرد: (شێلم!)، ئەویش سەری لە جامەکەوە دەردەهێناو بە دەنگێکی نیمچەگڕەوە دەیوت: (خۆتی...؟).

کاتێ خێزانی ژنەکەی زانیان حەسەن دیار نییە، کچەکەیان هێنایەوەو دایاناو ڕۆشتن و هەمووان پێیان وابوو ئیتر حەسەن شایە.

بەڵام وانەبوو حەسەن غەمگین و غەمگینتر بوو. تەکسییەکەی لە سووچێکی گەراجەکەدا وەستاندو خێمەیەکی پیاداو ئیتر سواری نەبوو. هەموو ڕۆژێك دەستی ژنەکەی دەگرت و دەڕۆشت بۆ نەخۆشخانەو دەهاتەوە. دواجار ژنەکانی دراوسێ زانییان ژنەکەی حەسەن دووگیانەو دکتۆرەکان وتویانە ئەگەری ئەوەی کەمە منداڵەکەی بە زیندوویی بمێنێتەوەو حەسەن لە هەر کەسێك باشتر دەیزانی دواجار ئەو لێدانانە کێشەی بۆ دروست کردووە. منداڵەکەی حەسەن بەمردوویی لە دایك بوو. حەسەن تەکسییەکەی فرۆشت و چوو لە بەردەم دووکانەکەی باوکیدا دەستی بە کار کرد. ئێستا هەمووان ئەو وەك کاك حەسەن دەناسن و کەس بە ئەو ناڵێت حەسەن شێلم و حەسەن تەکسی. ڕەنگە ئەگەر بیزانیبایە بە (کاك)بوون هێندە قورسە، هیچ کاتێك ژیانی هاوسەریی پێك نەهێنایە.

برایانی کارامازۆف

نووسینی: ئەحمەد غوڵامی

لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی

سێ چوار ڕۆژ دەردەکەوت و لەناکاو دیار نەدەما. کاتێك دەردەکەوت پیس و خۆڵاوی و پێڵاوەکانی چەور بوون. هەندێك پێیان وابوو شاگردی شۆفێری ترێلە یان گەڵابەیە، دەڕوات و پارەیەکی دەست دەکەوێت و دەگەڕێتەوە، بەڵام وانەبوو. کاتێك لێم پرسی: «شاگردی شۆفێری؟» بەسەرسوڕمانەوە وتی: «نەخێر بۆچی؟...» ، وتم: «ئاخر لەناکاو دیار نامێنیت و دواتر، کە دێیتەوە جلەکانت زۆر پیسن»، بێدەنگ بوو. واتە هیچی نەوت.

لەماڵێکدا دەژیان، هێندەی پاکەتی شقارتەیەك دەبوو، باوکی لە بەندیخانە بوو. واتە دوو سێ مانگێك لە دەرەوە بوو، یەك دوو مانگیش لە ژوورەوە. هەموو خەڵکی گەڕەك بە دەرکەوتن و دیارنەمانی ڕاهاتبوون، کاتێك دەیاندی دەڕوات نان بکڕێت، دوای چەندین مانگ دووری، بەهیچ شێوەیەك سەریان سوور نەدەماو بەجۆرێك ئەحواڵپرسییان دەکرد وەك بڵێی هەر دوێنێ بووە ئەویان دیوە. لەم دەرکەوتن و دیارنەمانەدا کوڕ شوێنپێی باوکی گرتبووەوە، بەڵام سەیر بوو بەهیچ شێوەیەك کەسێکی لە ڕێ لادەر نەبوو. تەنانەت جگەرەش ناکێشێت. دەرکەوتن و دیارنەمانی هەمووانی بێزار کردبوو. لە دایکیمان پرسی، وتی: «دایە، ئەگەر ئێوە زانیتان بە منیش بڵێن»، هەر بەهۆی ئەم پیسی و چەوراوییەوە بوو، بە

جەمشیدە ڕۆنە ناسرابوو. ڕۆژێك دایكی سەراسیمە هات و وتی: «دایە، خوا خێرت بنووسێت، دەمگەیەنیتە سەربازگەی -نیعمەتئاباد-...».

سەربازگەی نیعمەتئاباد لە جادەی كۆنی ساوە[١] بوو. پێڵاوەكانم لە پێ كردو جلەكانم لەبەر كردو لەگەڵ ئەو پیرەژنەدا، كە بە هانكەهانك بەدوامدا دەهات، سواری پیكاب بووین ڕۆشتین بۆ سەربازگەی نیعمەتئاباد. دەمەو ئێوارە بوو چووینە ژوورەوە. بەرپرسی سەربازگەكە كاتێك بارودۆخی خراپی پیرەژنەكەی دیت، وتی: «دایە كێ بە تۆی وتووە بێیت...!»

پیرەژنەكە وتی: « كوڕەكەی سەربازێكی ناردۆتە بەردەم ماڵەوە.» بەرپرسی سەربازگەكە ڕۆیشت و ئاوی بۆ پیرەژنەكە هێناو هاواری كرد: «عەریف ڕەسوڵی برۆ ئەو كوڕە بهێنە...». جەمشیدە ڕۆنەیان هێناو لەسەر كورسییەكی تەنیشت مێزەكەی بەرپرس دانیشت و ڕامایە من. وەك بڵێی لە دایكی دەپرسێت: «ئەمەت بۆچی هێناوە؟»...
...

بەرپرسی سەربازگەكە وتی: «هیچ دایە... هەر بەم دەوروبەرەدا دەگەڕێ، تاوانێكی نەكردووە. پێم وت بەم ناوەدا نەسوڕێتەوە هەر گوێیشی نەدایە...».

پیرەژنەكە وتی: «عەریف تۆ بە گەورەیی خۆت بیبەخشە...»، دواتر هەستاو دەستی كوڕەكەی گرت و ڕایكێشا، وتی: «هەستە...»، جەمشدە ڕۆنە وەك بڵێی دایكی بەرپرسی ئازادیی ئەوە بەدوایدا بە ڕێ كەوت. بەرپرسی سەربازگەكەش هیچی نەوت.

لەژێر لێوەوە پێ كەنی و وتی: «عەریف ڕەسوڵی لێ گەڕێ برۆن...».

گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

پیرەژنەكە دەیویست بەزۆر میواندارییی ئێمە بكات، بەڵام جەمشیدە ڕۆنە ڕووی خۆشی پیشان نەدا. منیش نەڕۆشتم. بۆ سبەینێ لەشەقامدا دیم. بەرەو لای سەربازگەكە دەڕۆیشت. بەدوایدا بەڕێ كەوتم. لە ماڵی ئێمەوە تا سەربازگەكە دە كیلۆمەترێك ڕێگا بوو. بە پێ دەڕۆشت. منیش بەدوایدا، هێندە لەناو خۆیدا بوو، تەنانەت دووریی خۆم لەگەڵ ئەودا لەبەرچاو نەدەگرت. ڕۆشت و ڕۆشت بە بێ ترس لە سەربازگە، بە بەرانبەریدا تێ دەپەڕی و چووە كووچەباغێك و تا كۆتایی كۆڵانەكە لەوێدا دەشتێكی فراوان هەبوو بە درەختی سپیدار و ڕووباری سەرسەوز لە دیمەنێكی جواندا، ئۆتۆمبێلێكی لەكاركەوتوویش لە سوچی دیوارێكی گڵیندا بوو. جەمشیدە ڕۆنە چووە ناو ئۆتۆمبێلەكەو بە كورسییەكی تەختەوە هاتە دەرەوە، كتێبی (برایانی كارامازۆف)ی بەدەستەوە بوو.

نزیكەی یەك كاتژمێر خوێندییەوە. كتێبەكەی بردو خستییە ناو كەنتینەرەكەو دووبارە هاتە دەرەوەو بەرەو لای باخەكە ڕۆیشت و سەیری

ناو کانتینەرەکەم کرد. بەتانییەکی تیا ڕاخرابوو. کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێبیش لەسووچێکدا. غازێك و تەباخێك و کتری و قۆرییەك. ژیانێکی گۆشەگیرانە، کە لەخەونیشدا نەمدەدیت، کە لە باغ گەڕایەوە، نان و تەماتەو میوەی پێ بوو. چووە ژوورەوە. چووە ژوورەوەو پاش ماوەیەك دووبارە بە پەرداخێك چاییەوە گەڕایەوەو لەسەر کورسییەك دانیشت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی کتێبی برایانی کارامازۆف. گەڕامەوە. جەمشیدە ڕۆنە دیار نەبوو. کوڕەکان هەرگیز بەدوایدا نەدەگەڕان و هەواڵیان نەدەپرسی، بەڵام من دەمزانی لە کوێیە. دوای شۆڕش[٢] هەر لەو بگرەوبەردەو هەرایەی سەرەتای شۆڕشدا، جەمشیدە ڕۆنە ون بوو، ئیدی هەرگیز دەرنەکەوتەوە. دایکی مرد. باوکی چەندین جار کرایە بەندیخانەوەو ئازاد کرا. لەکۆتاییدا ماڵەکەی فرۆشت و ئاوارەی سەر شەقامەکان بوو.

جەمشیدە ڕۆنە لە بەرواری پڕ لە هەورازو نشێوی مرۆڤەکاندا، بێ ئەوەی تەنانەت پێنج هەزار وشە قسەی کردبێت، وەك سووژنێك لە کادانی مێژوودا ون بوو.

*** پەراوێز:**

(١) ساوە: شارێکە لە نزیك شاری تاران.

(٢) مەبەستی لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩یە.

پرۆفایل: ئەحمەد ئوخووەت

ئەحمەد ئوخووەت، چیرۆکنووس و ڕەخنەگرو وەرگێڕ، دکتۆرای فێربوونی زمان لە زانکۆی تەکساس-ئاستین- و هەروەها سیمۆلۆژیای ئەدەبیات لە زانکۆی ئیندیانە- خاوەنی زیاتر لە سی کتێبە. بەشی زۆری بەرهەمەکانی وەرگێڕانی چیرۆکەکانی فۆکنەرو بۆرخیس و نوسەرانی تری بیانییە کۆمەڵە چیرۆکی برایانی جەمالزادە یەکێکە لە دیارترینی کۆمەڵەچیرۆکەکانی کە چەندین خەڵاتی وەرگرتووە لەوانە: خەڵاتی بونیادی گوڵشیریی بۆ بەشی چیرۆک. ئێستا لە شاری ئیسفەهان دەژی و مامۆستای زانکۆیە.

گوێی ڤانسۆن ڤانکۆخ

نووسینی: ئەحمەد ئوخووەت

لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی

کاتێک ڤانسۆن ڤانکۆخ ڕۆژی شەممە، ٢٨ی جانیوەری ١٨٩٠ لە ناوەڕاستی کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەکاندا، کە زۆر خۆشی دەویستن، بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنا، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە سەدو حەوت ساڵ و دوو مانگ دواتر لە سەرزەمینێکی تر هێشتا کەسانێک هەبن ئەویان لەبیر بێت. نازانم بۆ ئێوە، بەڵام لە ماڵی ئێمەدا هەمیشە ڤانکۆخ ئامادەیی هەیە. لە هەموو جێگایەکدا بۆنی پایپەکەی دێت. بە ڕووخساری درێژییەوە دەیبینم، لوتی باریک و چەماوە، چاوانی شین و سەری ڕووت، ستاندێک و فڵچەی نیگارکێشانی بەدەستەوەیەو بەرەو جارەگەنمەکان و کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەکان و بەرەو (ئارڵ) دەڕوات. من نامەوێت ژیانی ڕۆژانەی ڤانکۆخ بنووسمەوە. لەبارەی خۆشمەوە قسەیەکی ئەوتۆم نییە بیکەم. چ بایەخێکی هەیە، کە من کێم، تەمەنم چەندەو چی دەکەم. تەنیا دەمەوێت ئاماژەیەک بە لایەنێکی بچووکی ژیانی ئەو نیگارکێشەی کە خۆشم دەوێت، بکەم. بەو شتەی کە لەوانەیە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر من دابنێت. ئەم شتە بچووکە، ئەم بەشە، پەنجە لاوازو درێژو سپییەکانی ئەو نییە، کە ئەملاولای یا نووکی پەنجەی ڕەنگاوڕەنگی هەمیشەی خوا، بۆنی نەوتی لێ دەهات. لەبارەی پایپ و جزمەکانیشییەوە زۆریان نووسیوەو هێندە گێڕانەوەی جۆراوجۆرمان لەبارەوە خوێندۆتەوە، باشتر لە پێڵاو و قووتوی جگەرەکەمان

دەیناسین. من شتێکی ئەوتۆ لەبارەی نیگارکێشانەوە نازانم. ناشتوانم تابلۆیەکی سادە بکێشم. زۆربەی تابلۆکانی سەردەمی خوێندنم، چی بێ لە ئێوە نهێنی، خوشکەکەم دەیکێشان. دیارە ئەمانە شانازیی نیین، تا باسیان بکەم. هەموو قسەی من تەنیا ئەوەیە، کە لەنێوان من و ڤانکۆخدا، ئولفەت، هاودڵی، یان چووزانم ڕەنگە جۆریک لە ئیشق هەیە. ئەو هەمیشە لە زەینم دایە. دەڵێی لەسوچێکەوە خەریکە سەیرم دەکات. ئەوەی لە ئێستا بەدواوە دەمەوێ بۆتانی بگێڕمەوە، پەنجە دەخاتە سەر شێوەیەکی تایبەت لەم پەیوەندییە، پەیوەندییەک، کە بەم شێوەیەی لە خوارەوەو لە قۆناغی جۆراوجۆردا گرێ دراوە بەیەکەوەو دروست بووە. ماوەیەک لەوەوپێش شەوێک ماندوو بووم و لەسەر کارەوە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. هێشتا نانی شێوانم نەخواردبوو، لە ژووری میواندا بووین، خەریک بووم چام دەخواردەوەو هاوسەرەکەم ڕۆژنامەی دەخوێندەوە. لەبەرانبەر بۆڵەبۆڵی مندا، کە دەموت لە برسا مردم، هاوسەرەکەم وتی: «تەنیا یەک خوولەکی تر. ئاخر بابەتەکە زۆر سەرنجڕاکێشە ڕاوەستە تا چاکەت دەخۆیتەوە بۆت بخوێنمەوە.» هیچم نەوت. هاوسەرەکەم بە دەنگی بەرزو بەم شێوەیە خوێندییەوە:

«خامنی جینی کارمەند، دایەگەورەی دونیا، دوێنێ لە تەمەنی سەدو بیست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەم ژنە فەڕەنسییە، کە پیرترین ژنی جیهان بوو، لە تەمەنی سەد ساڵیدا هێشتا پاسکیلسواریی دەکرد، تا دوارۆژەکانی ژیانی شکۆلاتی دەخواردو جگەرەی دەکێشا. ئەو لە تەمەنی سەدو بیست و یەک ساڵیدا حەزی لەو ئاوازە نوێیانە بوو، کە گەنجان حەزیان لێ دەکرد. کاتێک کارمەنت تەمەنی چواردە ساڵان بوو. لە ساڵی هەزارو هەشت سەدو هەشتاو نۆدا بورجی ئیڤڵ قۆناغەکانی کۆتایی دروستکردنی تێپەڕاندو تەواو بوو. خەڵکی (ئارل) لە فەڕەنسا، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەودا، وەک هاوشارییەک دهیانکردە جەژن و دەڕۆشتن بۆ دیداری. بە وتەی جاک شیراکی سەرکۆماری فەڕەنسا، ئەو دایەگەورەی هەموو ئێمەو مێژووی زیندووی فەڕەنسا بوو».

چەند ڕۆژ دواتر لە ماڵی هاوڕێیەکم بووم، کە بەشداربووی (نیوزیک)ی هەبوو، ئەم گۆڤارە هەواڵەکەی لە ستوونی هەواڵە کورتەکانی خۆیدا نووسیبوو. بابەتەکەی نیوزیک جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەواڵەکانی ڕۆژنامەی وڵاتی ئێمەدا نەبوو. تەنیا ئاماژەی کردبوو بە بابەتێکی سەرنجڕاکێشی تر، کە نازانم بۆچی ڕۆژنامەکەی وڵاتی ئێمە سانسۆری کردبوو.

نیوزیک نووسیبووی جینی کارمەنت لە گەنجێتیدا دیداری لەگەڵ ڤانکوخدا کردووە، چەند جارێک بۆتە مۆدیل بۆی و ئەمڕۆ ئەو بەباشی دێتەوە بیریو بیرەوەریی زۆرو یادگاریی بەبایەخی لەگەڵ ئەو نیگارکێشە هۆڵەندییەدا هەیە.

گۆڤارەکە، خوێنەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر، ڕێنمایی دەکات بۆ خوێندنەوەی ئەو ژمارە تایبەتەی

نیوزیک، کە بەبۆنەی سەدهەمین ساڵەی کۆچی دوایی ڤانکوخەوە چاپ کرابوو، تێیدا گفتوگۆیەکی دورودرێژ دەربارەی ڤانکوخ لەگەڵ خانمی کارمێنتدا ئەنجام درابوو. خۆشبەختانە نیوزیک دووبارە ئەم گفتوگۆیەی چاپ کردبوو: (بە یادی تەنها شایەتی زیندووی سەردەمی ڤانکۆخەوە، کە ئێستا ئەویش کۆچی دوایی کردووە) بەتاسەوە گفتوگۆکەم خوێندەوە. لە یەک بە یەکی وتەکانی (جینی)دا غەمی غوربەت شەپۆل دەدات، قسە لەبارەی ئەو سەردەمەوەیە، کە خودی پیرێژنەکە، بە سەردەمی عاشقی ناوی بردبوو. ڕاپۆرتنووسەکە دەنووسێت: یادەوەری کارمێنت تەواو تەندروستەو لە جێگەی خۆیدایەو تا ڕادەیەک هەموو شتێکی بەباشی دێتەوە بیر. ماڵی پیرێژنەکە لە گۆڕەپانی سێن لامارتینە، ئەو گۆڕەپانەی کە تا ماڵی پێشووی ڤانکوخ تەنها سێ چوار شەقامێک دەبوو. ئەو ماڵەی کە بە ناوبانگ بوو بە ماڵی زەرد لە شاری (ئارلێی فەرەنسا)، کە ئێستا بووە بە مۆزەخانەی ڤانسۆن ڤانکوخ. پیرێژنەکە ڕاهاتبوو بەوەی ئێوارەی هەموو ڕۆژێک سواری پاسکیل بێتو کاتژمێرێک پاسکیلسواری بکات، ئەو گەڕانانەی کە زۆر جار بە ماڵە زەردەکە کۆتایی دەهات. پیرێژنەکە زۆرباش ئەو سەردەمەی لەبیر بوو، کە نیگارکێشەکەی ئێمە گوێی خۆی بڕیبوو، ئەو کاتەی کە ئەو تەمەنی تەنها سیو شەش ساڵ بوو، ساڵێک دواتر ماڵئاوایی کرد. پیرێژنەکە دەیوت: منداڵەکان دوای ئەو نیگارکێشە گەنجە دەکەوتن و هاواریان دەکرد: (فورو! گوێکەی تریشت ببڕە. ئێمە ئەو گوێیەی ترمان دەوێت). ئەم هەواڵەو قسەکانی پیرێژنەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوون بۆم، ڕەنگە زۆرتر لەو ڕووەوە بێت، کە ئەو تەنیا پردی پەیوەندیی زیندوو بوو، کە ئێمەی دەگەیاند بە نیگارکێشە هۆڵەندییەکە. نازانم چۆن بیڵێم، دەڵێی لەدوای ئەو ڤانکوخ ئیتر لە ئەستێرەیەک دەچوو، کە پەیوەندیی لەگەڵ زەویدا بۆ هەمیشە بچڕابێت. پێش ئەوەش، پردی پەیوەندیی تریش هەبوون، کە پەیوەندیی ئێمەیان لەگەڵ ڤانکوخدا بەرقەرار دەکرد، بەڵام ئەوان چەندین ساڵ لەوەوپێش ماڵئاواییان لە ژیان کردبوو. دوایین کەسیان خوالێخۆشبوو ئەندازیار ڤانسۆن ڤانکوخ، کوڕی تیۆ ڤانکوخ بوو، کە چەند مانگ پێش مردنی مامی لەدایک بوو. دەبینیت هەمووان ماڵئاواییان کردووە لەگەڵ مەرگی دوایین شایەتدا، ئیتر کەسێک نییە گەواهیی بدات لەسەر ژیانی ڤانکوخ. ڕاپۆرتنووسەکەی نیوزیک نووسیویەتی، ئەم ڕستەیە ویردی سەر زمانی پیرێژنەکە بوو: (ئازیزم تۆ تێ ناگەیت، ئێمە ئەو کاتە عاشق بووین)، پیرێژنەکە ئەلبومێکی سەرنجڕاکێشی لە کۆپیی تابلۆکانی ڤانکوخو یادگارییەکانی دروست دەکردو چەند ڕستەیەکی نامەکانی ڤانکوخی لەژێریاندا دەنووسی، ئەو نامانەی کە زۆربەیانی بۆ تاقانە پشتیوانی ژیانی خۆی، واتە تیۆی برای دەنارد، نووسەر دەڵێت: خانمی کارمێنت بانگەشەی ئەوە دەکات، ڤانکوخ سکێچو یادگارییەکانی خۆی بەتایبەت داوە بە ئەو، ئەویش هەمووی دەلکێنێت بە دەفتەرێکەوە، شێوەی ئەلبوم

لەخۆ دەگرێت ئەم کارە بە ئیلهام وەرگرتن لە یەکەم پێشانگای بەرهەمەکانی ڤانکوخەوە ئەنجام دەدات، ئەو پێشانگایەی کە بەداخەوە دوای مردنی ڤانکوخ کرایەوەو ناونیشانەکەشی ماڵئاوایی بوو لە ڤانسۆن ڤانکوخ. ڕاپۆرتنووسەکە نووسیویەتی، هۆکارێک بوونی نییە بۆ ئەوەی پێمان وابێت خانمی کارمێنت لەسەردەمی گەنجێتیدا دیداری لەگەڵ ڤانکوخدا نەبووەو بەهیچ شێوەیەک نایناسێت، بەڵام ئەوەی کە خودی ڤانکوخ سکێچو تابلۆو یادگارەکانی داوە بە جینی، جێگەی گومانێکی زۆرەو ئەگەری هەیە هەندێک لەم وردەکاری و پێوەنانە، دروستکراوی زیهنی خودی ئەو پیرێژنە بێت. ڕاستییەکەی هەرچییەک بێت بە ڕاستی ئەلبومی پیرێژنەکە زۆر جوانو سەرنجڕاکێشە، کارێک کە تەنها ئاشقێک دەتوانێت بیکات. پیرێژنەکە لە لاپەڕەی یەکەمی دەفتەرەکەدا بە خەتێکی گەورە نووسیبووی پێشانگای ماڵئاوایی لە ڤانکوخ، لەدێڕی دووەمیشدا. بە پیتێکی وردتر ئەم ڕستەیە بەرچاو دەکەوێت:

بیرەوەرییەکانی من لەبارەی ڤانسۆن ڤانکوخەوە.

نووسەر نووسیویەتی: «کە ئەلبومەکە هەڵبدەینەوە یەکەمین سکێچ، کە دەیبینین دایکێکە منداڵێکی بچووکی لە ئامێزدایەو ڕاستەوخۆ سەیری ئێمە دەکات. پیرێژنەکە لەبیری نییە کێ ئەم سکێچەی کێشاوە، دەڵێت: پێم وایە خودی ڤانکوخ بوو، لەژێر ئەم سکێچەدا نووسیویەتی: ئەمە تۆیت. لاپەڕەی دواتر هەمان منداڵ نیشان دەدات، کە گەورەتر بووە، جلوبەرگی قوتابخانەی لەبەر کردووە، جانتای قوتابخانەی بەکۆڵەوەیە. لەژێر ئەم تابلۆیەدا ئەم ڕستەیە دەخوێنینەوە: بەداخەوە! کاتێک ئەم پێڵاوانەم بۆ کڕیت بۆ ئەوەی بتنێرم بۆ یەکەمین وانەی خوێندنی نیگارکێشان هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەم پێڵاوانە، تۆ بەرەو مەرگ دەبەن. پیرێژنەکە زۆر بێ ئۆقرە بوو، وەک بڵێی نەیەوێت کەس ئەلبومەکەی ببینێت. قسەی بەناو قسەدا دەهێناو نەیدەهێشت بەئاسوودەییەوە سەیری ئەلبومەکە بکەین. بۆ نموونە ئاماژەی بە گوڵدانێکی زۆر کۆن دا، لەناو بۆفییەکی قاپو قاچاخەکانداو وتی: ئەم گوڵدانە دەبینیت، دلاکروا لەبەر ئەم گوڵدانە تابلۆی بۆ من کێشا. دەزانیت کێ لەسەر ئەم کورسییە دانیشتووە؟ دلاکروا کاتێک، کە تابلۆی باخچەکەی دەکێشا. سەیری ئەم قاپانە بکە، زۆر نایاب نیین؟ دسمولون ئەمانەی لە ژاپۆنەوە بۆ هێنام. کلۆد مۆنێ بۆ کێشانی تابلۆی یەکێک لە سروشتە بێگیانەکان کەڵکی لەمەیان وەرگرتووە. بەسەر یەکێک لە دیوارەکانی ژوورەکەی جینیوە پۆرترێتی ڤانکوخ دەبینین، هەر ئەو پۆرترێتەی ڤانکوخ خۆی کە خۆی کێشاویەتی. لەژێریدا ئەم ڕستانەی ڤانکوخی نووسیوە: «حەز دەکەم لە کیشوەرێکی نامۆدا بتبینم، چونکە دواجار لەوێدا لەناو خەڵکانی تردا بەتەنیا دەتبینمو لەنێوان هەزاران کەسی تردا من دەبینیت سەرئەنجام ڕادەکەین بەرەو لای یەک.» لە پەنای دەرگای موبەقەکەشدا پۆرترێتێکی بچووکی ڤانکوخ، کە لە بەشی خوارەوەی تابلۆکەدا بە خەتێکی ژنانە نووسراوە: هەندێ جار وادەزانم تۆ هەرگیز بوونت نەبووە. گەرچی پیرێژنەکە بەردەوام

دەیشڵەژاندنم، بەڵام بە سووربوونو کۆڵ نەدانەوە، خێرا ئەلبومەکەم هەڵدایەوە، دەفتەرێکی زۆر تایبەت بوو، پڕ بوو لە یادەوەری و غەمی غوربەت. دەبوو بتانبینیایە. تاڕادەیەک دەکرا کۆپیی هەموو تابلۆ بەناوبانگەکانی ڤانکوخو هەندێک لە سکێچەکانی ببینیت. ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو، کە لەژێر هەموویاندا ڕستەیەکیان نووسیبوو، ئەو ڕستانەی کە زۆربەیان هی خودی ڤانکوخ بوون. بۆ نموونە، لەژێر تابلۆی (ژنی ئاڕڵی)دا ئەم ڕستەیەمان دی: «ژنی ئاڕڵی، چاوەڕوانی ئەوەم هەیە خۆشت بوێم، لەبەر ئەوەی کە هەم، لەبەر ئەوەی کە دەبم». ئاگادارییەکی لکاندبوو بە ناوەڕاستی ئەلبومەکەوە، وتی هەمان ئەو ڕاگەیەندراوەیان دروستکراو و درۆیە لە دژی ڤانکوخ، ئەوەی کە لە گۆڕەپانی لامارتیندا نووسرابوو نەوەد کەسی شێتی ئەم شارە واژۆیان کرد. ئەو ڕاگەیەندراوەی کە هەم مایەی پێکەنین و هەم مایەی گریان بوو، ئەمە بوو:

«بۆ بەڕێز تاردیۆی شارەوانی:

ئێمە ئەو کەسانەی ئەم ڕاگەیەندراوەی خوارەوامان واژۆ کردووە، دانیشتوانی ئاڕڵ زۆر دڵنیاین ئەو کەسەی ناوی ڤانسۆن ڤانکوخەو دانیشتووی ژمارە دووی گورەپانی لامارتینە، شێتێکی ترسناکە، کە لێگەڕانی بەدووره لە پاراستن. ئێمە داوا لە خودی سەرۆکی شارەوانی دەکەین کاری پێویستی بۆ بکات، بۆ ئەوەی ئەو بخەنە ژێر چاودێرییەوە.»

ئەلبومەکەم هەڵدایەوە. وێنەی دواتر پۆرترێتی دکتۆر گاشە بوو، هەمان ئەو پزیشکە میهرەبان و هونەردۆستەی کە لەو سەردەمە بەندئاسایەدا زۆر یارمەتی ڤانکوخی دا. لەژێر پۆرترێتەکەدا نووسیویانە: بەڵام لە دڵدا شوێنێک دەمێنێتەوە، کە بە هیچ شتێک پڕ نابێتەوە.» ئەو ڕستەیەی کە هی ڤانکوخ نییە، بەڵکو پێم وایە هی مێشلەیە. لەژێر تابلۆی (ماڵی گوندی)دا پارچەیەکی براو لە نامەیەکی ڤانکوخ، کە لەڕێکەوتی ئەپرێلی ١٨٨٩دا نووسراوە، هاتووە: «بەدەرچوون لە کوێرەڕێ، لە گردێکەوە کەوتنە خوارەوە، بە پەنای حەوزێکی ماسیدا تێپەڕیم، کە لەزستاندا ئاوەکەیان بەتاڵ کردبوو. لەبەردەم گۆڕەپانی جولەکەکان و لە ناوەڕاستی دارستانەکەدا وەستان، کە بەردەکانی تا نیوە لەژێر خاکدا بوون. دواجاریش دەگەین بە دوایین لاپەڕەی ئەلبومەکە، ئەو پۆرترێتەی ڤانکوخە دوای بڕینی گوێی خۆی، هەر ئەوەی خاولییەکی لەسەری بەستووە، هەر ئەوەی پایپی بە لێوەوەیەو بەسەر بەرگی یەکێک لە بەناوبانگترین ژیاننامەکانی ئەوەوەیە. لەژێر پۆرترێتەکەدا ئەم ڕستە خەمهێنەرانەی ڤانکوخ بەرچاو دەکەون: «دۆخێک هەیە پێویست دەکات مرۆڤ دەستبەسەریدا بگیرێت تا ئەوەی دەست بەسەر ئەوی دیدا بگرێت، پڕۆمتە بێت نەک ژوپیتەر».

بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری نیوزیک دووبارە چیرۆکی کۆنی گوێبڕین نوێ بوویەوە بۆم و هەموو ئەو دیمەنانەو دۆخی تورەبوونی ڤانکۆخ، کە هێرشی کردبووە سەر گۆگانو دەیویست بیکوژێت هێنایەوە بیرم. بەڵێ، هونەرمەندێکی گەورەو پڕ لە جۆشو خرۆشمان هەیە، کە تەنیا گوناهی ئەوەیە زووتر لە

سەردەمەکەی خۆی لەدایک بووە. خەڵک بە شێتی دەزانن. بە تکایەکی گاڵتەجاڕانەوە خۆشەویستەکەی، کە داوای گوێی لێ دەکات، دەیبڕێتو دەیبات بۆی. ئێوە ناوی ئەم کارە دەنێن چی؟ شێتی؟ یا خۆبەختکردن و خۆبەقوربانیکردن، ئەویش لەجیهانێکدا، کە خۆشویستن گەورەترین گوناهە؟ ڤانسۆن هەمیشە ئارەزووی دەکرد خۆی بخاتە خزمەتی ژنێکەوە، خۆبەخشینێک، کە ئیتر وادیارە مانای نییە، پەیوەستە بە ڕابردووەو بۆنی غەمی غوربەتی لێ دێت. لێ گەڕێن با کەمێک زیاتر لەم بارەیەوە قسە بکەین. ئەو سەردەمە بەێننەوە بیری خۆتان، کە ڤانکوخ لە شاری ئارڵ زۆر تەنیا بوو. هەمووان بە شێتیان دەزانی. ئەو ڕۆژێک بەسادەیی و پاکێتی منداڵێکەوە بە گۆگانی هاوڕێی دەڵێت: هەموو ئێمەی نیگارکێشی ئەم نیشتیمانە دەبێت ببینە یەک. دەبێت هەموومان تابلۆیەک بکێشین، من و تۆ، سورا، سیزان، لۆتێرک، ڕۆسۆ. دەبێت هەموومان لەسەر یەک پەردە کار بکەین، هەریەک لە ئێمە وێنەی ئەو بەشە بکێشێت، کە پسپۆریی تێیدا هەیە. سورا کار لەسەر فەزا بکات، تۆ دیمەن، سیزان شتومەک، لۆتێرک کەسەکان، منیش لەسەر خۆرو مانگو ئەستێرەکان. هەموومان پێکەوە بە یارمەتیی یەکتر، دەتوانین بەرەەمێکی گەورە بخولقێنین. ها، پول ڕات چییە؟ پول تەنیا قاقا پێ دەکەنێت. دواتر دەڵێت: بۆ شانازیکردن بەم بۆچوونەوە، ئەم شاکارە، ئەم شۆڕشە لە نیگارکێشاندا دەبێت جەژنێک بەرپا بکەین. بڕۆین بۆ ماڵی لۆیی.

ماڵی لۆیی سۆزانیخانەیە، ماڵی خوشکە تەنیاکانی کۆڵانی ڕیکولت. ڤانسۆن لەوێ مەعشوقەیەکی هەیە. ناوی ڕاشلە. ڕاشل لەسەر ئەژنۆی ڤانسۆن دانیشت. پرسی: «فۆرۆ، لەگەڵ من نایەیت؟».

- نەخێر، پێنج فرانکم پێ نییە.

- دەتەوێت لە بەرانبەر ئەوەدا گوێتم بدەیتێ.

- بەڵێ.

ڤانکوخ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، هەمان ئەو ماڵە زەردە. دەچێتە ژوورەکەیەوەو گوێیەکی دەبڕێت. سەرو جلوبەرگەکەی لە خوێندا نغرۆ دەبن. ڤانکوخ خاولییەک دەپێچێت لە برینەکەی و سەری. دواتر گوێی، کە کەوتۆتە تەشتێکەوە هەڵدەگرێت و دەیشوات، دەیپێچێت لە کاغەزێکی تەنک و دەچێت بۆ سۆزانیخانەکە، لە دەرگا دەدات، خزمەتکارەکە دەرگاکە دەکاتەوە. هەواڵی ڕاشلی لێ دەپرسێت، ژنەکە ساتێک دواتر دێت.

- ئۆی تۆیت، فۆرۆ! چیت دەوێت؟

- شتێکم بۆ هێناویت.

- بۆ من؟ دیاری؟ چ کوڕێکی باشیت، فۆرۆ.

- باش هەڵیگرە. ئەمە یادگاریی منە.

- چییە؟

- بیکەرەوەو سەیری بکە.

ڕاشل، بەستەکەی کردەوە. بە بینینی گوێ بڕاوەکە، گیانی کەوتە لەرزین و بێ هۆش کەوت، گوێیەکی زیندوو و سوور، کە وەک دڵێک ترپەی دەهات.

پرۆفایل: فەریبا وەفی

دەنگێکی دیاری ژنانەی ناو ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێرانە، کە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەی ژن بەشێکی دیاری دونیای ئەدەبیی ئەو دەگرنەوە. سێ جار خەڵاتی (بونیادی گوڵشیری) پێ بەخشراوە. خەڵاتی میهرەگانی بۆ ڕۆمان وەرگرتووە. خەڵاتی باشترین ڕۆماننووسی ساڵی ئێرانی وەرگرتووە. بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە دە زمان وەرگێڕدراون. ئێستا لە شاری تاران دەژی.

تەنانەت ئەو کاتەی کە پێدەکەنین

نووسینی: فەریبا وەفی

لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی

ئێمە چوار ژنین. کاتێک کۆ دەبینەوە دەتوانین پێ بکەنین تەنانەت ئەگەر غەمگینیش بین. ئێمە فەرمووی سووراو و کرێمی دەموچاومان لەیەکتر دەکەین و لە ئاوێنەیەکی بچووکدا، کە دەست بەدەست دەگەڕێت، سەیری خۆمان دەکەین. قسەکانمان لە منداڵەکانمانەوە دەست پێ دەکات و بە پیاوەکانمان کۆتاییان دێت. هەر ئەوەشە، کە دەنگمان لەسەرەتادا نەرم و ناسک و جوانەو هێدی هێدی توندوتیژو توندوتیژتر دەبێت. ئێمە بە چێژێکی زۆرەوە باسی خیانەتەکانمان دەکەین. ئێستا ئێمە بەباشی یەک دەناسین و دەزانین هەر یەکەمان چۆن خیانەت دەکات.

یەکێک لە ئێمە هەمیشە بێزارو بێتاقەتمان دەکات، کاتێک تووڕەیە بە تف کەباب بۆ مێردەکەی دروست دەکات. ئەو چیرۆکی قێزەوەنمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئێمە خۆمان کۆ دەکەینەوە. گوێمان دەگرین و دەپاڕێینەوە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر قسە نەکات. قاقا پێ دەکەنێت و دیسان هەر قسە دەکات، بە ڕای ئێمە ئەو ژنێکی دواکەوتووە، چونکە تەنیا یەک ڕێگا بۆ تۆڵەکردنەوە دەزانێت. یەکێك لە ئێمە پیاوەکەی تاڵان دەکات، بە ئاشکراو بە نهێنی، چ خەوتووبێت چ بە خەبەر. کاتێک لەماڵەوەن و یا کاتێک بۆ شت کڕین دەچنە دەرەوە. ئەو تەنانەت دەتوانێت وەسڵی

ئاو و کارەبا تەزویر بکات بۆ ئەوەی خەنجەر لە مێردەکەی بدات. هەمیشە لە حاڵی پێدان و وەرگرتندایە. جادووگەرێکی ڕاستەقینەیە. من مامەڵەیەکی ترم لەگەڵ ژیانمدا کردووە. ساڵانێکە هاوسەرەکەم قەنەفەی ناو ماڵەوەیە یا سۆپای سووچی دیوار، یا تەنانەت قاپ و دەوریی سەرمێز. هەستمم لێ گرتۆتەوەو ئەو هەر ڕۆژەی شێوەیەک لە خۆی دەگرێت، بەدەر لە شێوەی ئەو پیاوەی کە دەبێت لەماڵەوە بێت. تەنیا یەکێک لە ئێمە هێشتا هیچی لەبارەی خیانەتەکەیەوە نەوتووە. ئێمە هەمووومان لێی ڕادەمێنین. بڕیار نییە کەس لەم کۆبوونەوە هاوڕێیانەدا نهێنییەکەی ئاشکرا نەکات. ئێمە وای بۆ دەچین خیانەتەکەی ئەو لە چەشنێکی تازە بێت، چونکە ئەو لەسەرەتای میوانییەکەوە زەردەخەنەمان بە دەموچاوییەوە نەبینیوە. کورسییەکانمان نزیک دەکەینەوە لێی و چاوەکانی لە تاو دڕدۆنگی دەبریسکێنەوە.

دوای بێدەنگییەک، کە هەمووومان تووڕە دەکات، چاوەکانی لێک دەنێت و بە زەحمەتێکی زۆرەوە دەڵێت:

- منیش... منیش خیانەتم کردووە.

هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەکێشین و یەکێکمان دەڵێت:

- ئافەرین... درێژەی بدەرێ.

- بە ئەو نا. بە خۆم.

دەڵێم:

- چەند شاعیرانە! چەند شاعیرانە!

- بە درێژایی ئەم ساڵانە هیچ کاتێک بەو جۆرە نەژیاوم، کە پێم خۆش بووە.

- بۆ حەزت لە چی بوو؟- نازانم... ئێستا ئیتر ئەوەش نازانم.

هەموومان بێدەنگین. یەکێکمان سووراوەکەی لە جانتاکەی دەردەهێنێت و فەرموو لە هەمووان دەکات. هەموومان بێ ئەوەی سەیری ئاوێنە بکەین، ڕەنگی ڕوومەت و لێومان تۆختر دەکەینەوەو دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەکانمان.

سوپاس بۆ بەڕێز (**حاکم قادر حەمەجان**) کە لەم ژمارەیەدا هاوکارێکی سەرەکیمان بووە.

ئەم یارمەتییە گەورەیەی لە بیر ناکەین.